# پێناسە

ئەم کتێبە نیگایەکی خێرایە بەنێو ئەو روداوانەی هێشتا زیندوون، یان ئاوێنەی دیاردە باوەکانە لەدوو سەردەمی نزیک بەڵام زۆر جیاواز، دەکرێ بشلێین تەکاندنی بیرەوەریەکانو راتەکاندنی خاوەن بیرەوەریەکانە، یاخود چیرۆکنو هەریەکێکمان لەوێدایــن، دووریش نییە کەسایەتیەک بین لەپەناوە سەرنج لە خەتایەکانی پیاوەریشنەکان گیرکەین، وێنەکان یان دیمەنەکانی دوێنێو ئەمڕۆی ئەم کتێبە، بەشێکن لەو راستییەی خەڵکانێک نایانەوێ گوێیان لێبێت و ناشیخوێننەوە هەتا گریانە ئەفسوناویەکان نەیان هەژێنێ، بەڵام هەناسەی کەسایەتیەکانی ناوی کە لەناڵەی چیاوە دەست پێدەکات و بەشێکی دیارو سەرەکی لەپێکهاتەکانی ئەم نیشتمانە لەخۆ دەگرێ، دەخوازێ بۆن بکرێن، وەکو خۆیان پیشان بدرێن، دەخوازێ رابردووەکان شیبکرێنەوەو ئاوێتەیەکی ناشیرین دروست نەکەن، بۆیە لەم کتێبەدا دەمانەوێ پەنایەک بۆ

ئـەم تاشـانە بدۆزینـەوە کـە هەلابەهـەلا دەکـرێن، داوا دەکـرێ ریـشنەکان پەنایـەک بۆئـەم پەناگـەو گابەردانـە بدۆزنـەوە کـەدوێنێ حەشـارگە بوون،یـان هـەرهیچ نـەبێ پەنایەک بۆخۆیان بدۆزنەوە.

دروسـت نـەبونی نـاو یـان نـاو نـەهێنانی خـەڵکو شـوێنە عاسـێکان لـەنێو ناڵـەی چـیادا،یانی ناوهێنـانی هەرهـەموومان،یانی لـەژێر هـەر گابـەردوو لـەپاڵ هـەر چیاو شـەقامێکدا چـالاکیەک کرابـێ و لـەژێر سـێبەری هـەر بـاڵ خانەیەکدا خەتایـەک بکرێ، ریـک وێنـەکانی نـاو ئـەم کتێبـە لـەوێن، یـان لـەوێ بـوون، یـان خـەتاو دەسکەوتەکان لـەناو وێنەکاندان.

هـەروا شکانی تاشـەو خـاش خـاش کردنیـان، مەبەسـت لەبـەین بردنـی تواناکـانی دوێنێن،لەبەرامبەریـشدا ونکردنـی تواناکـانی ئـەمڕۆن، ئیـدی گـۆڕان و تەکانـەکانی ئێـستا کەخـەونی لاو و خـەیاڵی منداڵەکانە،چـاکردنەوەی تواناکـانی دوێنـێن، یـان بەمانایـەکی دی وەدی هێنـانی خواسـتەکانی ئەمڕۆن کەزۆرجیاوازە لە دروشمـەکانی دوێنـێ، بۆیە لـەنێو وێنەکاندا کە دەستکەوتەکانی شاخوشار بەیەکەوە گرێدەدا بیرەوەریـەکانی منـداڵی بەزینـدوویی نیـشان دەدا، ئـەو جیاوازیانە زەق دەبنەوە کە خەتان و لەژێر سێبەری ئازادیدا ئـەنجام دەدرێـن، جنێـوە بەدروشمـەکان دەدرێ و شـەقێکی

قایمە لەرابردوو هەڵدەدرێ، ئیدی لەوێوە لەنێو وێنەکاندا بەدیار دەکەوێ، چەند زوو ئاورٍ بدرێتەوە هێندە زوو ئایندە دەبینرێتەوە، چەند زوو بیرەوەریەکان هەڵگرینەوە زووتر خۆمان دەدۆزینەوە، چونکە خەونەکان قەت تەواو نابن،بەڵام بۆخۆمان وا لەتەواو بوندان، مێژوو لەهەر جێگەیەک کەوتبێ هەر دەدۆزرێتەوە، هەرکەسێک بینوسێتەوە قەت ناتوانێ راستییەکانی تێدا چەواشەکات و بیانتوێننەوە، بۆیە بەنێو ئەم کتێبەدا دەگەیەوە مناڵی سەرێک لەیادەوەریەکان دەدەیو رێک دەگەیە ئەو شوێنەی کەدڵت ئاو لەکانییەکانی ئەو قەدپاڵانە دەخواتەوە کە لەوەتەی دنیا دنیایە بەنێو ئەم خاکە سوتمەرۆیەدا دێن.

سەلام عومەر

# ناڵەی چیا....
# پەنایەك بۆ تاشەكان

ئێستاش كەناڵەی هەورو گرمە یەكی ناكاو لە دوورِا دێ، لەخلۆربونەوەی تاشەكان و هەرەسی لوتكە دەترسم، ئاخر لەوەتەی هەم بەدیار گەیشتن بەبەرزاییەكانی چیاو پانتاییەكانی دارستان،خەون بەسبەیەوە دەبینم، ئەوەتام لەسەر تاشەیەكی گەورەو نێو چرەدارستانێكداو یەك بەیەكی رۆژەكانی رابردووم دێنەوە یاد، ئەو رۆژانەی لەپەناو پەسیوان لەژێر دارە گەلاّزەرد هەڵگەراوەكاندا لەرۆخ روبارو بزنە رێ پێچاوپێچە بەرزو

نەدیوەکاندا، لەبن ئەم تاشە چەقیو ونەگۆڕەدا خۆم حەشاردەداو بۆ ئایندە، بۆئەو رۆژانەی لە ئێستاناچن ماندوو دەبووم.

ئەو رۆژانە لەتەمەنی هەرزەیی دابووم،داخەکەم زۆر بەخێرایی رۆی، بەلاّم دنیایەك یادەوەریم لەسەر ئەم تاشەو کانیانە جێ هێشت وئێستا خەریکی کۆکردنەوەیانم، ئاخر لێرە هەڵگرتنەوەی یادەوەریەکان هێندە سانا نین، هێندە بەئاسانی وەدەست نایەنەوەو دەبینم گۆڕانەکان زۆر لەرووداوەکان خێراتر بوون، ئەوەتا کانیەکان وەك خۆیان و بەبێ گۆڕان هەمان ئاوە رون و ساردەکەی جارانمان دەدەنێ، چونکە ئەوان بەلوتکەدا نایەن هەتا لەبەرزیەوە خلۆر ببنەوە، ئەوان ئەم کانیە چاو قرژاڵیانە، لەقولاّیی ئەم خاکە سووتە مەرۆیانەوە دەردەچن، کەدەئەوەندەی بەردە کرستاڵیەکانی ناوی گوللەیان بەسەردا باریوە، لەوەتەی دنیا دنیایە هەردێن وتەواو نابن، روبارە مات وئاو پژێنەکەی ژێرئەم تاشەیەش کۆی چۆراوگەی کانیەکانن وئەگەر ئەوان نەبان ئێرەش نەدارستان و نەئەو شینایەی لێدەبوو با تەزیوەکان بێرەدا نەدەهاتنو، بۆ ئێمەش نەدەبوونە پەناو رابردووشمانی لێهەڵنەدەڕژا، ئاخر بوونی ئەم تاشەو چڕەدارستانە بوو کەئێمە دەمان توانی لەوێوە بێین و بێرەدا رەتبین، ئێرە بوو ئەو ئومێدە گەورەیەی بۆ ئەمرۆ خۆی حەشار دابوو، ئەمرۆیەك هەرلەئێستاوە دەمان گەڕێنێتەوە ئەو جێگایانەی هەمیشە پێویستیمان پێیانە، رابردووی تێدا هەڵوەریوەو ئایندەمانی پێوە گرێدراوە، گەرانەوەی من بۆ سەر ئەم تاشە زەبەللاحە، کە هەر لەکەللەی دێو دەچێ یان گابەردێکەو هەمیشە نرکەی دێ تەنها بۆ بەرەڵلاکردنی حەزەکان نییە بۆ گێرانەوەی بەسەرهات وبزرکردنی ئازادییەکان نییە، تا لێرە جارێکی دی بەدوویان کەومەوەو بەتەنها لەژێر ئەم تاشە نەلەقیوەدا لەسەرەتاکان بگەرێمەوە، ئێرە پەنای هەزارانی وەك من بووە،گوللەی ناکاوی رۆژە ماندووەکان چەندین جار جەستەی سمیوە، ئێستا ئەو هەر لەجێگەی

خۆیدایەو هەزاران یادەوەری پیاوە ریشن و چڵکنەکانی ئەوسای لەنێو خۆیدا حەشار داوە، ئەو لە یەك بە یەکی رێبوارەکان دەروانێ، دەزانێ پۆشتەکانی ئەمڕۆ بێرەدا نایەن، بۆیە بەدەم رێبوارە نوێیەکان پێدەکەنێ، چونکە ئەو بێ ئێمەناژێێ، بەبێ ریشنەکان بەردێکی رەق و تەقەو هەمیشە بەرابردوودا دەچێتەوە بەو سەرەتایانەی لەجەنگەڵستانەوە هات و دەریایەك بیرەوەریو کارەساتەکانی دی، ئێستاش بەدیار شڵپو هوڕی روبارە کوێستانیەکان، فرمێسکی تەنیایی دەرێژیو دەخوازێ لەگەڵ چرۆکردنی گوڵدا رێواسەکانی ژێری، رێبوارە چڵکنەکان بێنو کرمەی لێوەبێنن هەرلەژێر سێبەرو شینایییەکانی ئەودا، هەواڵی چالاکیەکان هەڵڕێژن یان ئەو نەخشانە داڕێژنەوە کەشەوی شارەکانی دەکردە رۆژ، هەناوی دایکانی دادەخورپاندو هیواکانی زیندوو دەکردەوە، ئاخر تاشەکان لەتەنیایدا نرکەیان دێ، بەردەبازەکانی نێّو روبارە کوێستانیەکان قەوزە لێی رواون کەسیان بەسەردا رەت نابێ، ئەشکەوتەکان، هێشتا سووتوی هەشتاکانی لێیە، بەڕوەکان هەڵدەوەرنو کەس نییە کۆیان کاتەوە، کەس نییە بەرابردوودا بچێتەوەو ئەگەر تەنها بۆ یادەوەریش بێت، لەوکانیانە ئاو بخواتەوە، کەروبارە کوێستانیەکانیان دروست کردووە گۆرانەکان پێشهاتە لەناکاوەکان ژیانی زۆر بەخێرایی لەچیاوە هەڵدایە ئەو شارانەی کەتەنها بەتاریکی دەدیتران، جیاوازیەکان، خۆ کۆکردنەوەو حەزی خۆویستن هەموو بەها جوانەکانی تەواوی بیرەوەریە ناسکەکانی لەبار یەك هەڵوەشاند تادێ ریشنەکان قەبە دەبنو لەبەر دلاّن ون دەبن، جۆگەکان لەبن پێیان قوڕاوی نابنو باڵندە چیاییەکان کوێیان بوێ لەوێ چینە دەکەن، هەڵۆکان ئەوانەی هێلانەیان لەنێو بیشەلاّنو لوتکەی چیاکان چێکردووە، لەبری وان لەبەرزیەوە دەڕوانن و زۆر جاران بۆ پەیدا کردنی نێچیر، بەتەنیشت تاشەکاندا گمەیان دێ، ئەوان ئەو باڵندە چیاییانە لەوەتەی کێو هەیە، لەوەتەی دنیا دنیایە، هەر لەو شوێنە عاسێیانە دەژینو قەد کەوی نابن، چونکە

بەئازادی لەدایك بوونو لەئازادیش بترازێ هیچی دیان ناوێ، خۆ ئاژەڵە کیوییەکانیش ئێستا لەژێر ئەو تاشانە پاڵ دەکەونو گولە شێتەکانی سەردەمی برسی بوون، جەستەیان سارد ناکاتەوەو بەئارەزووی خۆیان لەو لەوەڕە کاکی بەکاکیانە دەسوڕێنەوە، پێشتر لەخورپەدا دەژیانو لەهەر شوێنێك ریشنە هەڵۆ ئاساکان، شەهێنە برسیەکان دەرکەوتنایە ئەوان لەنێو ئەو تاشەو شیوە بێ بنانەدا لەغار دابوون، دەرۆیشتنو قەد گوللە شێتەکان نەیان دەگەیشتێ، ئەوێ رۆژێ ژیان لەنێو ئەم خاکە عاسێیەدا لەکێبڕکێیەکی بەردەوام دابوو، ریشنەکان توند باوەشیان لەلوتکەکان گرتبوو، لەداباری‌نی ئاسن نەدەترسانو بەئامانو زەمان پەنای تاشەکانیان چۆڵ نەدەکرد، ئێستا قەوانە زەردو لوسەکانی ئەوسا کە بەبەتاڵی لەوێ هەڵدەرژان ژەنگی لێداونو لەپاڵ بیرەوەریەکان لە خەوێکی هەتایی دان، جێ گوللەی گوند سوتێنەکان ئێستاش بەجەستەی تاشەکانەوەن، لەگەڵ یەکەم بارینی بارانەی هەموو پایزێك برینەکان دەمیان دەکەنەوەو وەك شوشە کریستاڵیەکانی پێشی پێشەوەی ئۆتۆمبێلی پۆشتەکانی ئەمرۆ دەبریسکێنەوە.

تاشەکان تەواوی بەردە پتەوەکانی ئەم چیا سەرسەختانەی کوێستان لەگەڵ هەرناڵەیەکی چیادا، لەگەڵ زایەڵەی بروسکو قرمژنی تۆپەنەعلەتیەکانی دوژمن، کە هەمیشە سنگی ئەم خاکە سووتە مەرۆیە دەکوتن، ئەو نرکەی دێ، دەزانێ ئیدی کەسێ نییە لەپشتەوەی تفەنگەکان پاکاتەوەو ناڵەکان نەهێڵێ، ئەم تاشانە، هەموو رۆژێ کەبەرابردوویدا دەچێتەوە فرمێسك دەرێژێ ئاهێك لەقولایی هەناویەوە بەرەو شارە دەرییاکان دەڕوا، دەناڵێنێ وئەوەتا گوێم لێیە دەڵێ: ئەمن هەر ئەوەم کە هەبووم وبڕیارم داوە هەرگیز نەگۆڕێم، ئەوێ ڕۆژێ پەیمانم بەئێوەدا پەناگەتان بم و ئێستاش گۆڕانە لەناکاوەکان و بادانەوەی ئێوەو چۆڵبوونی ئەم سنوورە پڕ لەسەربووردەیە، نام لەقێنێ و هەرئەوە دەبم کەهەم، ئێوەش کەپێتان ناکرێ بەیادی ئەم رۆژانەوە سێبەرم ببینن، یان

ناتواننو ناتانەویٚ بەبزنە ریٚیەکانا بیٚنەوە، لـەبیرتان نەچـیٚ ئـەمن هـەر مـاوم و قـەد وەك ئیٚوە نابم قەتیش بەلیٚنـەکان لـەبیر ناکـەم و بـەلاٌم لەئیٚـستاتان بـەگومانم و وەرن پرسـیار لەروبار کەن، لەم ئاوە داچۆڕاوانە کـەن، کەئیٚـستا بیٚزتـان نایـا بیخۆنـەوە! پرسـیار کـەن سالاٌنە چەند جار رەنووی بەفرو شەختەکان لاشـەم دادەگـریٚ، زۆرنابـا ئـەوان دەتویٚنـەوەو وەك ئیٚوەدەرۆن، بەلاٌم من ئەو لاشە پتەو ونەگۆڕەم کەهەر دەمیٚـنم و دانـاخزیٚم، نـەلافاو دەتوانیٚ بم لەقیٚنیٚ و نەوەیشومـەش زەفەرم پیٚدەبا.

ئیٚوە لەهەموو وەرزەکان لەگـەلٚ منـدا بـوون لیٚـرە لـەژیٚر ئـەم سـیٚبەرو شـینایییانەدا دەهاتن و بەرەو خوار خلۆر دەبونەوە، دەهاتنەوەو کۆلٚە پشتەکانتان لیٚرە لـەژیٚر سـیٚبەری مندا دەکردەوەو دوا جار لەناکاو رۆشتن و رابردووە سـەخت و دژوارە کانتـان لیٚ بـەجیٚما، لیٚرە لەم دەوروبـەرە یادەوەریـەکانتان بـەبیٚ کەسـی کـەوتون نایـەن کـۆی کەنـەوە، دەزانم کەوتونە ناو بالٚە خانەکان و بوونی شـتە ئـالٚ و والاٌکـان، ئوتـۆمبیٚلی تیـژڕەو و فاسـۆنی بیانی، ژنی ناسکۆلٚەو جانتای دیبلۆماسی بیٚرەتاندا ناهیٚنیٚ و بەرەو ئەو جیهانەتان دەبـا کەمن نەبام قەت نەیدەگەشتنیٚ!

خۆهەرئەوەنا ئەوەتا جەستەی دەیان چیاو هەزاران تاشەی وەك منتـان هـەلا بەهـەلا کردو بالٚەخانە سەیرو سەمەرەکانی پیٚ دروست دەکەن، ئـاخر لەویٚوەیـە مـن لەئاینـدەتان بەگومانم، پیٚم وایە ئەو ڕەنوانەی سالاٌنە بەسـەر منـدا دیٚـن، لـەئیٚوە دەچـن منیـان پـیٚ هەلٚنەقەنرا زۆر ترسم هەیە رەنوی حەزە شیٚتەکانتان، ئەوحەزانەی بەکۆتا نایەن و لەسـەر یـەکی دادەنـیٚن، بەسـەرتاندا بـیٚ و جیـق وفلیقتـان کاتـەوە، چـونکە پـیٚم وایـە ئـەو فرمیٚسکانەی لیٚرە هەلٚتان رشت وئەو خەون و ئومیٚدانـەی لیٚـرە لیٚتـان بـەربۆوە، رۆژیٚـك دیٚت کۆی کەنەوە....لیٚرە لەسەر ئـەو کانییـە چـاو قرژالٚیـە جـاریٚکی دی فرمیٚـسکەکان هەلٚوەریٚننەوە، رۆژیٚك دیٚ هەرەسی جەستەی تاشـەکان خرمـەی لیٚـك ترازانـی بـەردەکان

ئەوانەی ئێوە وردو خاشتان کردو بەپێشی پێشەوەی باڵە خانەکاندا هەڵتان واسی، بەسەرتاندا بێ و هەڵتان داتەوە ئێرە، ئەوسا دێتەوە یادتان ئێرە حەشارگەی ئەو لێقەوماوانەیە ستەمی رۆژگار تەفرو تونای کردوون، ستەمێك خەریکە لای ئێوە دەبێتە نەریت، دەچێتە نێو هەناوتانەوەو سڕتان دەکا، ئەگەرنا تفەنگە ژەنگاویەکان، ئەوانەی لەرۆژە تۆف وپڕ مەترسیەکان لەشانتان دەکرد چی بەسەر هات؟ ئەو ناوەی هەڵتان گرتبوو خەڵکانێك لەترسان و هەندێکی دی لەخۆشەویستیان کڕنۆشی بۆدەبردن، لەکوێتان فڕێ دا؟ کوان بەڵێن وتاقم تفەنگە شڕودڕەکانتان؟ یەك بەیەکی ئەو گوندو ماڵانەی نانیان دەدانێ دەیانناسنەوە؟ ئەدی کۆڵە پشتەکانتان ئەوانەی پڕبوون لە کتێب ونانە وردکە چیتان لێکرد، گۆریتانەوە بەو جانتایانەی پێشتر بەتفەنگە ژەنگاویەکان گوللەتان پێوەدەنا! ئێوەچتان بەسەرهات و رۆژگار چۆنی گۆڕین، خۆ دەڵێن ئێستاش لەسەیرانەکان بەدەمانچە نوێیەکان نیشانە لەدارو بەرد دەگرن،کوڕە نەکەن بەتفەنگە نوێیەکان ئەوانەی نازانن بەکاری بێنن و لەدەستان دەخلیسکێ نیشانە لەمن بگرن، چونکە هێشتا هەرپەناگەم و بەئێوە داناخزێم، لەبیرتان نەچێ، دارمانی من لەلوتکەوە دەستی پێکرد، ئاخر من لەبەرزاییەوە هاتومە ئێرە و بەئێوە هەڵناقەنرێم، نەمانی من رەشبونەوەی ئێوەیە، ئێوە لەمنن و من قەت لەئێوە نیم.

ئێستاش هەر لەسەر تاشەکەم و وردە وردە دەچۆڕێمە نێو ئەو کانیەی هەمیشە قوڵپ دەدا، ئیدی لەناڵەی هەورو گرمە ناکاوەکان ناترسم، تێگەیشتم ئێرە بنار ئەم چیا سەخت و دژوارانە، لەوێ ناچن، لەوێ لەپەنای باڵەخانەو ئەو بازاڕانەی لەخەون دەچن، یەك دنیا جیاوازی هەن، رابردووەکان کاڵ کاڵ بونەتەوەو تازەکۆناکرێنەوە، منیش لێرەدا دەچۆڕێمە نێو کانیەکان و بەرەو روبار خلۆر دەبمەوە، ئاخر دەزانم ئەگەر لەنێو روباردابم کەس بێزی نایە بمخواتەوە، قوت نادرێم و تفیش ناکرێمەوە، لەوێدا لەناو ئەو روبارە رون

و پێچاو پێچانەدا دەست لەملی یادە وەریەکان دەکەم ودەڕۆم، دەڕۆم بەرەو ئەو شوێنەی یان ئەو گۆم و دەریا پڕ لەشەپۆلانەی ژیان لەناویدا وەکو یەکە، ئیدی بۆهەتایە لەناڵەی هەوروخزینی تاشەو گرمەی رۆژگار ناترسم.

بە چۆڕانەوەم بۆنێو ئەو روبارە تەرزە ئامێزەی هەر لە چاوی قڕژاڵ دەچوو، ئەو رووبارەی لە بەرزییەوە، لەویێ لە نێو لوتکەو دۆڵە کاکی بەکاکیەکانەوە دێو بێرەدا رەتدەبێ، پاك بوومەوە، زانیم نێو ئەم رووبارە کوێستانییەی بە تەنیشت تاشەکاندا دەڕواو تەواوی سەوزاییەکان دەبڕێ گەلێ یادەوەری هەڵگرتووەو تا بە تەواوی لە نێویدا نەتوێیەوە هیچت پێناڵێ، ئاخر ئەو روبارە لەوەتەی هەیە، لەوەتەی دنیا دنیایە خۆی لە کانیەکان پڕ دەکا، ئەم کانیانەش سەرگوزەشتەی ئەو رێبوارانەی لە هەگبە دایە کەلەوەتەی هەن تێر ئاویان دەکاو خۆیان لە نێودا بەتاڵ دەکاتەوە.

ویستم بۆ هەتایە بە نێویدا بڕۆم بۆ ئەو شوێنەی جیاوازییەکانی لێ نینو لەوێ لە پەنایەك بەدیار ئەو یادەوەریانەوە رادەمێنم، کە لە هەناوی رۆژە سەختەکانەوە هاتوون، ئەو رۆژانەی ژیان تیایدا وەکو یەك بوو خۆشترین خەو ئارامترین پشوو ژێر سێبەری ئەو تاشانە بوو کە ئێستا لە خەون دەچن، رۆژانێك بەنێو رووداوە ترسناکەکاندا هاتو لێرە لەنێو ئەم دەڤەرە پڕ لە جیاوازییانەدا گیرسایەوە، منیش بەنێو شەپۆلەکاندا، بە نێو رێیە پڕ لە پەناوپێچەکاندا بەرەو دەریا، بەرەو ئەو شوێنەی لە مەرگ دەچێو جیاوازی تێدا نییە خلۆربوومەوە، بەردە کریستاڵییەکان قەوزەو شەپۆلە سەرشێتەکان دیمەنێك بوون قەت لەبیرناچنەوە، لەوێ بە نێو ئەم یادەوەریانەدا تێپەڕیم کە دووبارە نابنەوە، پێم وابوو دەڕۆمو دەگەمە ئەو جێگەیەی بۆی دەچم، ئەو دەریایەی خەونەو لە ئایندەم دەچێ، بەڵام زۆری نەبرد بە رۆخی ئەو شارەدا گیرسامەوە، کە ئازادیو جیاوزییەکان تیایدا وەکو یەکن، ئەوان پێیان گوتم ئازادیت دەدەینێ، بڕۆو بەنێو ئایندەیەکا گوزەرکە هەرچی

دەتەویٚ دەستت دەکەویٚ، لەویٚ بگیرسێوەو تەنها چاو لە جیاوازییەکان بنوقێنە، وەك ئەوانەی لە ترۆپکی تاشەکانەوە هاتنو وەکو تۆ لێرە گیرسانەوە، ئێرە ئەو دەریا ئەفسوناوییەیە کەتیایدا دەتوێیەوە، هەموو کەس دەبینیو بەنێو ناخی هەمواندا دێییو بەلاّم کەس تۆو وێناکانت نابینیٚ، چونکە لێرە لەم شارە دەریاییە جیاوازییەکان لەدوا قۆناغی هەڵچوون دان شەقامەکانی روبارێکنو دەتگێڕێتەوە ئەو رۆژانەی لەناویدا دەتوایەوە، دیوارەکانی ئێرە، بالاّخانە سەیرو سەمەرەکان، هەر لەو تاشانە دەچن، پێشتر پەناگەبوون، ئێرە شارێکی دەریاییەو ئیدی بەرەو هەورازت نابا، هەر لە خۆتەوە دێیو بەنێو ئەو بازاڕانەدا دەڕۆی کە پڕن لە شتی جوان، پڕن لەو کچە شەنگانەی یان ئەو ئافرەتە جوانو سەرنج راکێشانەی تەنها لە حیکایەتەکاندا بیستوتن، ئێستا ئەوان ئازادنو لە هۆیها ناترسنو دیمەنێکن نە لە نێو رووبارو نە لە نێو دەریادا دەست ناکەون، بڕۆو لەویٚ تەنها چاو لە جیاوازییەکان داخە، ئەگەرنا ئازادی لێواو لێوە، دیمەنی وردو خاش بوونی تاشەکانو هەڵواسینی بەردە کرستاڵییەکان نەتهەژێنیٚ، ئیدی بۆ هەتایە لە نێو ئەم شارە ئەفسوناویەدا بۆ خۆت مەلە بکە، بگیرسێوەو بەو سەرەتایانەدا بچۆوە کە تەنها لە بیرەورییەکاندا هەن، تەنها لەو رۆژانەدا هەن کە کۆناکرێنەوەو تازە ئیدی هەڵوەریون، چونکە لێرە جارێکی دی نرکەی چیاو خرمەی لێکترازانی تاشەکان نابیستی، بگیرسێوەو چیدی چاو بەو جیاوازییانەدا مەگێڕە لەناخەوە بێزارت دەکا ئەو جیاوازییانەی لێرە هەنو لەویٚ نەبوون، چونکە ئەویٚ لەوەتەی دنیا دنیایە وەك خۆیانو ناگۆڕێن، لەوەتەی هەن ئەو سروشتە عاسیٚو پەناگە نەلەقیوەن، رێبواران بەخۆ دەگرن، ئاخر رووبارەکانی ویٚ کۆی ئەو کانیە چاو قرژاڵیانەن لە ناخی ئەم خاکە سووتەمەڕۆیەوە دەردەچن، تاشەکان بە لوتکەدا هاتوونو لەنێو ئەو رووبارانەدا بوونەتە پەناگە کە قەت

نالەقن، لە بەرزاییەکانی وێوە ئێرە دیارە، لوتکەکان بەسەر ئێرەدا دەڕوانن‌و هەمیشە دەڵێن، ئێوە لە ئێمەن‌و قەت ئێمە لەئێوە نین.

چونکە ئەوان ئێمەیان گەیاندە ئێرەو ئێرەش ئەو خەونە دێژخایەنەیە کە هەموو یادەوەرییەکانی تێدا بەتاڵ دەبێتەوە، ساڵەکانی تەمەنی تێدا دەسوتێ‌و خەتا بەجیاوازییەکان دەبەخشێ، ئەو جیاوازییانەی منی بە رۆخ ئەم شارە دەریاییەدا گیرساندەوەو ئیدی نابێ باسی کەم، نابێ بەدیار دیمەنی هەلا هەلا بوونی، تاشەکان بگریم، ئەوانەی ئەو تاشە سەخت‌و پتەوانەی بە باڵەخانەکان هەڵواسراون‌و هەمیشە لە خاچ دەدرێن، ئاخر ئەوان نەبان، ئێمە قەت نەدەگەیشتینە ئێرە، ئەوان نەبان ئێمە لەنێو ئەم شارە دەریاییەدا شتی جوان‌و کچی شۆخ‌و شەنگمان نەدەبینی، ئەو کچانەی تەنها لەنێو حیکایەتەکاندا دەمان بیستن‌و ئێستاش وەك بەردە کریستالیەکانی نێو کانیەیەکانی وێ ئێواران دەرژێنە سەر شەقامەکان‌و سەرنجەکانمان بەتاڵ دەکەنەوە، ئەو حەزانەمان دەدەنێ کەخەون بوون، نیگایەکمان تێدەگرن ئەفسوناوی. ئاخر ئەوێ ئەوانەی لێنەبوو، بەڵام ژیان وەك یەك بوو، سێبەری تاشەو ئاوی کانیە رونەکان بۆ هەمووان بوو، لەوێ هەموو دنیا لەنێو کوڵە پشتەکاندا بوو، ماڵ هی هەموان‌و بزنە رێیەکانیش دەیان گەیاندینە ئەوشوێنەی لەمەترسیەکانی نزیك دەکردینەوە، ئەو مەترسیانەی ئێستاش هەیەو بۆ هەموان نیە، تەنها بۆئەوانەیە کە بەدیار جیاوازیەکانەوە چەقیون‌و چاوداناخەن، بەدیار باڵاخانە سەیرو سەمەرەکان گێژبوون‌و سێبەرێکیان دەست ناکەوێ، ئەوان بەو دیو دیوارە کۆنکرێتەکاندا دێن‌و دەکەونە نێو ئەو گرمە لەناکاوانەی لەبەلا دەچێ، بەڵایەك لەنێو جیاوازیەکاندا گەشەی کردووەو خەریکە هەموو دەستکەوتەکان، هەر هەموو باڵاخانەو بەردە لەخاچ دراوەکان، تەواوی دیوارە کۆنکرێتی‌و بازاڕە مۆدێرنەکان، بەسەریەکتردا تەفروتوناکا، ئەوسا دەگەرێنەوە ئەو سەرەتایانەی لێوەی

هاتین، ژێر سێبەری ئەوتاشە نەلەقیوانەی هەر لەوێن‌و یادەوەریەکانمانی لێکەوتووە. لەوێ ئیدی بەدیار نیگاکانی یەکترەوە فرمێسك بۆ گیانی ئەو تاشانە دەڕێژین کە وردو خاشمان کردن، بۆ ئەو سەرنجانە دەگەڕێین کە کچە شۆخ‌و شەنگەکان دەیان داینێ، لەپەنایەك دەگەڕێین عاسێ،..عاسێ وەك ئەو شوێنانەی نەلێرەو نەلەوێ نایگەینێ؟!.. خۆ گەرانەوەش بۆ ژێر تاشەکان، بەتەنێ و بەبێ لاوو ئەو ریشنانەی ونمان کردن‌و تووڕەمان کردن‌و پرمان کردن، گەرانەوەیە بۆ ئەو شەرگانەی تیایدا دەبەزین‌و کەس بەهاوارمانەوە نەدەهات گەرانەوەیە بۆ ئەو نەدیوانەی سەرەتاکانی لێیە، دەبێ لەوێوە دەست لەرابردوو بوەشێنین‌و چاو لەو شارە دەریاییانە کەین کەپڕن لەو لاوانەی بەرەڵلاّمان کردن، لەو توانایانەی نەمان دەزانی پێویستیمان پیایان دەبێ‌و بەتەنێ دەگەڕێینەوە ئەو رۆژانەی بەئێمە بەرێ ناکرێ، ئاخر لاوەکان ئەوانەی ئەوێ رۆژێ ئایندەمان نەدەدانێ و لێمان بزر دەکردن، ئەوانەی وەك هەڵۆ کوێستانیەکان بە ئازادی لەدایك بوون‌و لەئازادیش بترازێ هیچی دیان ناوێ، بێرە نازانن، وێنەیەکمان لادروست کردن، قەت بێرەدا نەیەن، ئەوان دەخوازن هەر لەوێ، لەنێو شارە دەریایەکاندا ئەو گۆرانە دروست کەن کەخۆیان دەیانەوێ، ووزەیەك بن، پڕ لەوداهێنانەی ئێمە پێمان نەدەزانی، چونکە ئێمە چیایی بوین‌و پێمان وابوو دەبێت هەر خۆمان ئەو گۆرانە خێرایانە بین، کە لەژێر تاشەکانەوە هێنامان، وامان زانی نەخشە چیاییەکان، هزرە کوێستانی‌و وەرگێردراوەکان، ئەوانەی لەکتێبەکانی شەڕی پارتیزانی وەرمان گرتبوو ئەو چارەسەرە بنەرەتیانەن بۆ هەناوی ئەو کێشانەی دووچاری بەربەست هاتبوون، پێمان وابوو شکانی تاشەکان تەفروتوناکردنی کۆڵە پشت‌و تفەنگە ژەنگاویەکان، یان پەراوێز خستنی لاو و بالاّ کردنی پیاوی ئەنفال‌و ئەوانەی خانوە کاریتەییەکانیان دەسوتاندو بزنەرێیەکانیان کوێردەکردەوە، دڵ فراوانیەکە هەر هەموو بەخۆدە گرێ، هەر هەموو لەگەڵمان دەبن‌و قەبەبوونیان لەنێو ئەو داهاتە

هەڵرژاوەی تیایدا نقوم بوون، ئەو یاساو پاسەوانە هەمیشەییە دەبن، کەلێمان نابنەوە، بۆیە لەگەڕانەوەمان بۆ وێ تیدەگەین، ئێمە تەنیاین و خەتایەکمان کردووە مەگەر چیا یان تاشەکان لێمان ببورن ئەگەر نا قەت ئەوە نابینەوە کەجاران هەبوین.

ئاخر گەڕانەوە بۆ دەم کانیەکان، بۆژێر سێبەری ئەو تاشانەی هێشتا نەلەقیبون، بەهەگبەی خاڵی و بەبێ ئەو کۆڵە پشتانەی نازانین چمان لێکردن، یانی گەڕانەوە بۆ ئەو سەرەتایانەی بیرمان لێنەکردۆتەوە، یانی خۆبەدەستەوەدان و خلۆربونەوەیەك لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لەخوارەوەش بۆ نەدیوێك قەد نادۆزرێینەوە، ئەوەتا لەشەقامەکانی ئێرەوە کەلێمان بێزارن و بەخۆمان ناگرن، ئەو ئایندە دەبینرێ.

رۆژە دژوارەکان دێن و زۆر بەخێرایی بەناوماندا رەتدەبن، ئەو رۆژانەی هەموو دەستکەوتەکانی دەکردە قوربانی دەسەڵات و بەڕاست و چەپ وەنێو یەکتری کەوتبووین، جوانیەکانمان دەکردە نیشانەو پڕ بەگەرو سروودی لەناوچونمان دەچڕی، ئەوەی هەمان بوو ئەوەی لەتوانامان دابوو، بۆ رەشکردنەوەی یەکترو تەفروتوناکردنی ئایدیاو بەلێنەکان بەکارمان هێنا، دیوارەکانی ئێرە، هی ئەم شارە دەرياییە کون کون ببون، هەموو ئەو نەخشانەی لەچیا داڕێژران، لەبن سێبەری تاشەکان ئامادەکران بۆ هەرەس پێهێنانی دوژمن، لێرە لەنێو ئەم شارە دەریاییەدا لەیەکتریمان خاڵی کردەوە، وێنە جوانەکان و دەستکەوتەکانمان پێ وێران کرد، ئەو رۆژانە خەون نەبوون هەرەسێك بوون، لەهەناوی حەزەکانی دەسەڵاتەوە دەهاتن و شەقامەکانی ئێرەی پێدەهاڕی، ئاخر ئەو رۆژانە زۆر دوورنین، هەر دوێنێ بوو جارێکی دی پەنایان بردەوە ئەودیوی چیاکان، ژێر سێبەری ئەو تاشانەی ئێستا دەیان هاڕن، لەوێ، لەدەم کانیە چاو قڕژاڵیەکان، ئەوانەی لەوەتەی دنیا دنیایە بە ناو ئەم خاکە سوتمەڕۆیەدا دێن و رووبارەکان دروست دەکەن، رێك لەسەر ئەم کانیانە، جارێکی دی خلۆر بونەوە، گەڕانەوە وێ و دیسانەوە بەیادی رۆژە سەختەکان،

ئەو رۆژانەی تەنها لەتاریکیدا شار دەبینرا، تەنها لەوێوە ئـەمرۆ دروسـت دەکـرا، بـەنێو بزنەڕێو چیا کاکی بەکاکییەکاندا، بـەبێ ئاوڕدانـەوە لـەبیرەوەریو هەناسـە جێماوەکـان، هاتنەوە ئەو شارە دەریاییەی جەستەی هەلا بەهەلابووی تاشەکانی لێیە، ئاوی کـانزاییو ئەو ئۆتۆمبێلە تیژڕەوانەی لێیە قەت قوڕاوی نابن، ئـەو باڵاخانـە مەڕمەڕایانـەی ئێـستا لێرە هەن، لەوێ قەت نەبوون، گیانی تاشـەکان، ئەوانـەی دوێنـێ پەناگـە بـوونو ئـەمڕۆ دەهاڕدرێن و لێرە لەخاچ دراون، کچە شۆخو شەنگەکان نیگایـان تێـدەگرنو حـەزیان پـێ دەفرۆشن، دەزانن لەودیو پەردەکانەوە لەودیو بەردە هەڵواسـراوەکانەوە جیهـانێکی لێیـە لەخەونـەکانی وان دەچـێ، جیهانێـك بەلوتکـەدا هـاتووەو هـەر لـەخۆوە دەسـت ئەوانـە کەوتووە.ئەوان ئەو کچە شۆخ وشەنگانە سەرنجەکانیان لەو حەزە هەڵوەریوانـە گیردەکـەن کەلەبریقەی سورەبیا کرستالیەکانەوە دەردەچێ بریقەیەکە هەر لەبـەردی نێـو کانیـە چـاو قرژاڵێـەکان دەچـێ، کانیـەکان ئەوانـەی لـە دامـێن چـیاکانەوە دەردەچـن و بەنێوخاکـە سوتمەرۆیەکاندا هاتوون ئەوانەی پێـشتر ئاویـان دەداینـێ و ئێـستا نامـان دەنـێ، ئێـستا ئەوانە بیر لەدوێنێ ناکەنەوە، بیر لەو رۆژانە ناکەنەوە ئەمڕۆیان دروست کردو پێیان وایـە هەموو رۆژێك ئەمڕۆیە ئەم شارە دەریاییە، ئەم خاکە سوتمەڕۆیە سەرلەبەری بۆ ئەوانـەو، ئەوانەش کـە لـەرۆخ شـارەکان، لـەنێو کـەلاوەو پـشتەوەی دیـوارە کۆنکرێتیـەکان هـەن، ئەوانەن کە دەبێ نەبن! یان دەبێ ئەو یاساوڵو گوێ رایەڵانەبن کە لەشەڕگەکاندا، گۆڕ ون بوون، ئاخر هەر دوێنێ بوو، ئەوانەی ئەو دیو پەردەکان پەردەی ئەو باڵاخانانەی لەلاشەی تاشەکان دروست کراون، بـەخۆیانو کۆڵـێ ریـشو تفـەنگێکی ژەنگـاویو کولەپـشتکێی لەتو پەتەوە، خۆیان بەم شارە دەریاییـەدا کـردو جیاوازیـەکانیان لەڕیـشەوە هەڵکێـشا، دەستیانکرد بە راوەدوونانی ئەوانەی، بزنە رێیەکانیان وێران دەکـردو روانگـەی دابـارینی ئاسن بوون بەسەر تاشەکاندا، ئەوان، ئەو ریشنە ئەفسوناویانە، لە لوتکەوە هاتن، بـەنێو

رووبارە بەفراویو چیا هەزار بەهەزارەکان، بەنێو ئەو داستانە یەك بەدوای یەکانەی هەرەسی بە جیاوازییەکان دەهێنا، هاتنو هەر هەموو خەونەکانیان لێرە لەم شارە دەریاییە بەتاڵ کردەوە، بیرەوەرییەکانیان لەوێ جێهێشتو حەزێکی شێت، کە لەخاش خاش کردنی گیانی تاشەکانەوە دەستی پێکرد هەر هەموو رابردووی لێ هەڵوەراندن، بەو ئاراستەیەیدا خلۆر کردنەوە، کە ئیدی ئەوان پەنایەکیان نییە بۆ تاشەکانو وەفاییەکیان نییە بۆ ئەو لاشانەی بەودیو پەردەکانەوە هەڵواسراون، پێیان وایە، ئەم سەنگەرانە، ئەم تاشەو سێبەرانەی دوێنێ پەناگەبوون، بۆ ئەمرۆش باشترین قەڵغانێکن بۆ جوان کردنی بالاخانەکان، بۆ پاراستنی ئەو حەزانەی ئەمرۆ هەنو دوێنێ نەبوون، ئاخر خرمەی لەت بوونی تاشەکانو هاڕەی ترازانی بەردەکان، ئەو ناڵەیە کە لەچیاوە دێتو لێرە هەموو تاکەکان دەهەژێنێ. ناڵەیەك دوێنێ چۆکی بەدوژمن دادەداو ئەمرۆش ئومێدەکانی مە دەبا، ناڵەیەك لە وێوە دێ، لەبن سێبەری ئەو تاشانەی هێشتا نەلەقیون، بەنێو ئەو رووبارە بەفراویانەی کۆی کانیە چاوقرژاڵیەکاننو بەسەر ئەو خاکە سوتەمەرۆیەی تاوەکو ئێستا لە وێرانە دەچێ، لەوێوە بەنێو پانتایەکانی دارستانو ئەو بزنە رێیانەی خەریکن کوێر دەبنەوە، ئەو ئەشکەوتو لارێیانەی، نەدیو بوونو تەنهاو تەنها بۆ ئەوان بوو، ئێستانەمان، ناڵەیەکەو هەموو رۆژێ لە شەقامەکانی ئەم شارە دەریاییەدا دەبیسترێ، ئەو لەپەنایەك دەگەرێ بۆ تاشەکانو ئەو رۆژانە دەداتەوە ریشنەکان کەونیان کردووە، دێو جارێکی دی دەڵێ... ئێوە لەمننو منیش قەت لەئێوە نیم، ئێوە لەناو شارە دەریاییەکانا، لەپشتەوەی خەزە سەرشێتەکان، خۆتان ونکردووەو پێناچێ وازوو بدۆزرێنەوە، لێرە لەپەنای کچە شۆخو شەنگەکان، ئەوانەی هەر لەبەردە کریستاڵیەکانی نێو کانیەکانی وێ دەچن. کەوتوونو زۆر بەلاوازی دەپارێنەوە، جەستەیەکی دا رماونو رشانەوە لەدوولاوە مەستی کردوون، لەجیاتی رێژنەی گوللەکان ئێستا زرینگەی بازن و

خرخالەکانی پێی کچە منـدالـّکارەکان حـەزەکانتان دادەوەشـێنیٚ  تواناکانتـان لەشـوێنیٚ جێهێشتووە، پێناچیٚ قەت بیدۆزنەوە رابردووتان تادیٚ هەلـّدەوەریٚ، ئەگەر وابروا زۆر نابـا لەخـەلـّك و شـوێنە عاسـێکان دادەبـرێنو ئیـدی کـەس ناتـان ناسـێتەوە، گیانلەبـەرە کێوییەکان، ئەوانەی لەچیادا ئێوەیان دەدیو خورپە دایدەگرتن، نەبا بەر گوللە شـێتەکان کەون، بـۆ یـەکجاری نایـان بیننـەوەو ئـەوانیش جـارێکی دی لێتـان ناترسـن، هـەلـّۆکان، ئەوانـەی هێلانـەکانیان لـەکێوە عاسـیٚو نـەدیوەکان چـیٚ دەکـرد، بەتەنیـشت ئێـوەوە نێچیرەکانیان راو دەکەن، بۆچوون و نیشانەکانتان ئامانج ناپێکنو بەتەواوی نـوقمی ئـەو ساتە خۆشانەی ئێستان کە فریاتان ناکەویٚ، لەنێو حەزێکدا تواونەوە کەس ناتـان بینـیٚ، جاران دەرکەوتنی ئێوە  هەلاّتنی ترسەکان بـوو، شـەپۆلێك بـوون جیاوازیـەکانتان راپـێچ دەکردو ترستان شەق دەکرد،  لەئێوەوە ئایندە دەبینرا، لەگـەلّ گوندیـەکانو هەموکـەس دادەنیـشتنو نـان و ماسـتاوتان دەخـوارد، کەچـی ئێـستا لەپـشتی پـشتەوەی دیـوارە کۆنکریتیەکان خۆتان حەشار داوەو قەت بەتەنیا دەرناکەون، کەستان ناگاتیٚ و هەر چـوار دەوری مالـّتان ئەو یاساولّە بێکارانەن کە چیایان نەدیوە، نایـەلـّن مـێش میوانتـان بێـیو ئێٚوەش لە ژوورێدا بیر لەسەرەتاکان ناکەنەوە پێتـان وایـە تادنیـا دنیایـە دەبێـت  هـەروا بژینو ئیدی دەسکەوتەکان، داهاتە قەبە و لەبن، نەهاتووەکان، بودجەی گەورەو خەرجیە بچوکەکان، پاداشتی ئـەو رۆژانـەن کـە بـەنێو گوللـەدا هـاتن، ئـەوەی سـێرەی لـەدوژمن نەگرتبیٚ و لەژێر تاشەکان کۆلّەپشتی نەکردبێتـەوە مـافی ئـەو گۆشـەگیرىو  داهاتانـەی نییە، ئەوانـەیش کـەدوێنیٚ و ئـەمرۆ بونەتـە لاو دەبێـت لەپـشت دیـوارە کۆنکریتیـەکان چاویان لەو برِە موچەیە بێت کە وەك خێر دەیان دەنیٚ، چونکە ئێوە لەخۆتانەوە گەیشتنە نێو شارە دەرياییەکانو  هەر لە خۆشەوە تەواوی چیاو تاشەکانتان داگیرکرد، ئـاخر ئێـوە مەست بوونو ئەگەر نەیەنەوە هۆش خۆتان قەت سبەینێتان وەك ئەمرۆ نابیٚ؟!..

ئەم ناڵەیە، ناڵەی چیا سەرکەشەکان، دێو ڕۆژانە لەگەڵ هاڕینی تاشەکان، بروسکە ئاسا، بەخەبەرتان دێنێ، وەبیرتان دێنێتەوە ئێوە کێن، لەکوێوەو بۆچی گەیشتنە ئێرە؟ چی ئێوەی لەم شارە دەریاییەدا ونکردو هەرەسی بەتواناکانتان هێنا، ئێوە هێندە بێمانا نەبوونو قەت لەوێ حەزی دەسەڵات ئەوەندە کاریگەر نەبوو، ئێوە وەك تاشەکان، وەك لاشەی ئەو بەردانەی ئێستا بەدیوی دەرەوەی باڵەخانەکانتانەوەیە بەلوتکەدا هاتن، لای ئەو گوندیانە نانتان دەخوارد، کە ئێستا نایان ناسن، لەو کانیانە ئاوتان دەخواردەوە، کە پێیان نازاننەوە، بەتەنیشت ئەو تاشانەوە شەڕتان دەکرد، یان نەخشەتان دادەڕشت، کە ئێستا بەودیوی کۆشکەکانەوە لەخاچ دراون، خۆ بزنەڕێییەکانیش کوێربوونەتەوەو لەگەڕانەوەتان بۆ وێ ون دەبن، دارستانەکان، ئەوانەی سێبەری دەدانێ هەر هەمووی بڕانەوە، کرانە دارەڕێی ئەو خانوانەی پێشتر وێران کران، ئێستا لەنێویانا ئەو گوندیانە دەژین، کە وەك خۆیانن، بەڵام پێناچێ جارێکی دی کەس بەخۆ بگرن، نان نادەنەوە ئەو ڕێبوارانەی ئەوێ ڕۆژێیان لەبیرکرد، خۆیان ونکردو بەدووی دەستکەوتانەوەن لەپەنای گشتەوە تەنها خەمی خۆیانە. تەنها بیر لەجانتاکان و ئەوکچە جحێڵانە دەکەنەوە کەلە باخەڵیانە، ئەم ناڵەیە ئەم ناڵە گیان هەژێنە تەنها بەرگوێی ئەوانە دەکەوێ کە چیا دەناسن، کە بەتەنیشت تاشەکاندا هاتن، پێیان دەڵێ: دەزانم بۆ کوێ دەچن، ئەو جیهانەی ئێوەی مەست کردووە من نەبام قەت نەیدەگەشتنێ؟ بیرتان دێنمەوە کە من هەردەم وەك خۆمەو ئەو لاشە پتەوو نەگۆڕەم کە هەر دەمێنمو داناخزێم، ئێرە هەمیشە پەنای ئەو لێقەوماوانە بووە کە ستەمی ڕۆژگار تەفرو تونای کردوون، لەپەناگەکان پێکهاتوومو داڵدەی ئەوانەم جیاوازیەکان ڕاویان دەنێ، هەناوی یادەوەریە هەڵوەریوەکانی ئێوەمو تازە بشتانەوێ ناتان دەمەوە، چونکە گەڕانەوەی ئێوە تەنها لەو کاتانەدایە کە مەترسیەکان ڕاوتان دەنێ، ئەگەرنا تفەنگە ژەنگاوییەکان ئەوانەی لە ڕۆژگارە تۆفو پڕ

مەترسییەکان لەشانتان دەکرد. لەکوێتان فڕێدا؟ کوان تاقم تفەنگە شڕو دڕەکانتـان؟ ئـەو ناوەی هەڵتان گرتبوو، ئەو توانا لەبن نەهاتوەی پێتان بوو ئامانجو دروشمە بریقـەدارەکان کوان؟ چیتان بەسەرهات، ئەم گۆڕانو جیاوازیانە چین ئێستا لەنێو ئـەم شـارە دەریاییـەدا هەن، ئێوەی لەنێوخۆیدا ونکردووەو خەریکە بـەرەو نـەمانتان دەبـا، خۆتـان دەناسـنەوە، دەزانن ئێوە ئەو ئومێدە باڵاو زیندووە بوون، کە لەنێو سرودەکاندا هـەبوون ئەفـسانەیەك بوون لەنێو حیکایەتەکانداو منداڵانی پێ دەخەوێنرا، ئـەو شـەوەی لەهـەر شـارێکی ئـەم وڵاتـەدا دەنگی رێژنەی گوللەو شریخەی ئاربێجییەکان هاتبا، بۆ سبەی قوتابیانو خـەڵکی تەواوی ئاوایی چیرۆکە باڵاکانیان دەگێڕایەوە، ترس هەرەسی بەدەسەڵات دەهێناو خەنـدە بەسەر نیشتماندا دەبـاری ئـاخر ئێـوە بـەنێو ئـەم رۆژانـەدا هـاتن، بـەنێو ئـەم داسـتانو حیکایەتە پڕ لەسەرکەوتنانەدا هاتن، چی ئێوەی گۆڕییەوە بەو جیاوازیانەی لـەنێو شـارە دەریاییەکاندا زۆر زەقن، جیاوازییەك لەئێوە ناچێ، هەنـدێکتان هەیـە وەك رەنـووە سـەر شێتەکانی من، ئەوی خوارخۆی رادەماڵـێ، گۆڕانێـك ئێـوەی لـەباربردوو یـان قـوت داوە لەوەتەی هەن وا ناشیرین نەبوون؟.

لەوەتـەی هـەن وا سـەرکێشو خۆویـست نـەبوون، ئـەم گۆڕانـە بـەجۆرێك قەتیـسی کردوون! خەریکە لەبەر دڵان ون دەبنو بۆ هەتاهەتایە لەرابردوو دادەبڕێن، دەچـنەوە نێـو حیکایەتەکانو ترس بەمنداڵـەکانمان دەبەخـشن، دەبنـە ئـەو سـاحیرو ئاغـا سەرکێـشانەی لەوەتەی دنیا دنیایە هەژارانی ئەم وڵاتە لێیان دەترسن، ئێوە لەخۆتان بترازێ کەسـی دی نابینن، بەدووی حەزە لەبن نەهاتووەکان کـەوتوونو بـەرەو نـەدێوێك راکـە راکتانـە هـەر لەسەراب دەچێ! هەر لـەکۆتایی ئـەو ئەفـسانانە دەچـێ کـە جادووکـەرەکان تیایـدا بـاڵا دەستن ، ئاخر ئەم ناڵەیە، یان ئەم نەعرەتەیەی شارە دەرياییـەکان دەهـەژێنێ، لەچیاوە دێو بەسەر رووبـارە بەفراواییەکانـدا، بـەنێو ئـەو شـیوانەی هـەر مـاونو بەتـەنیش ئـەو

تاشانەی چەندین جار گوللەی ناحەزان گیانی سمیوە، دێیو وەبیرتان دێنێتەوە ئێوە کێنو بۆچی لێرەن!، ئێرە تەنها بۆوە نیەو مەکۆی ئەو هێزە لەبن نەهاتووەیە کە بەر لـەهاتنتان بۆیـان پـاك کردنـەوە، خـۆ ئێـوە هێـشتا نەگەیـشتبوون، کـە ئێرەیـان دانـێ، ئـەو کاتـە هەگبـەکانتان پـڕ بـوو لەنانـە رەقـەو پێلاوەکانتـان قـوڕی دەم رووبارەکـانی هـەڵگرتبوو، مەتارەکانیش هێشتا ئاوی کانیە چاو قرژاڵییەکانی تێدابوو، هێـشتا لەتـەنیش تاشـەکان بوون، ئەو تاشانەی ئێستا بەدیوارەکاندا هەڵواسـراون، هـاتنو بۆیەکـەمجار بـە روونـاکی، بەبێ دەمامكو ئازادانە خۆتان بەشارە دەریاییەکاندا کردوو، بـەو ئازیزانـە شـادبوونەوە، کە هەڵهەلەی سەرکەوتنیان بۆ دەچڕین، بەوانەی بـەر لـەئێوە گـسكو بێڵیـان بەدەسـتەوە بـوو. دوژمنانیـان بـۆ دەخـستنە زبڵخانەکانـەوە، ئێـوە ئـاوا هـاتنو ئەگـەر هـەر وەکـو ئەوسابان چەند جـوان بـوون؟ ریـشو کوڵـە پـشتە شـڕو دڕەکـان هـەر لـەخۆتان دەهـات، لەبیرتان چوو هەندێ لەترسانو زۆرینەش لەخۆشەویـستیان کڕنۆشـیان بـۆ دەبـردن، کـچە شۆخو شەنگەکانی ئەوسا، بەبێ ترسو بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ هیچ کۆتو بەندێکی کلتـوری خۆیـان پێـشکەش دەکـردنو مـاچ بارانیـان دەکـردن، ئـاخر کـێ هـەبوو خۆشـی نـەوێن، سـروودەکان زۆربـەی هـەرە زۆری هۆنراوەکـان بـۆ ئێـوە دەنوسـرانەوە، ئێـوە سـەرەتای نوێبوونەوە بوون، ئومێدێك بوون هێشتا زۆر زووبوو بـۆ هـەڵوەرین، زۆر زۆر زوو بـوو بـۆ ئاوابوون!

***

ئەم ناڵەیـە، یـان ئـەم نەعرەتەیـەی بـەنێو هـاژەی رووبـارە بەفراوایەکانـدا دێ. بـۆ ئێوەیە، پێتان دەڵێ خرمەی لێکترازانی تاشەکان، رێك لەدەنگی ترازانـی ئێـوەو هـەموو دەچێ، لەناڵەی ئەو هەورانە دەچێ کە بـێ بـاران دێـنو بـەئاسمانی نیـشتماندا رەتـدەبن،

ناڵەیەکەو لەلافاوە قوڕاویەکان دەچێ، ئەوانەی دارەکـان لەرەگـەوە هەڵدەکێـشێو خـانوە گڵەکان وەپێش خـۆی دەدا، ناڵەیەکـەو لـەناوی نـاوەوەی چیاکانەوە دێ، لـەو پەنایانـەی ئێوەی دەپاراستو لەو لوتکانەوەی ئێـستاش بـەفری پێوەیـە، دێو راتـان دەچـڵەکێنێ، وەبیرتان دێنێتەوە ئێوە پیاوی رۆژە ترسناکەکان بوون، بەنێو خـەتاو خەمەنکانـدا هـاتن، دەبوو لەهەموو کەس باشـترو نـەرمتربن، قـەت وانەکـەن خـەڵکی لێتـان بترسـێ، خۆتـان حەشار دەنو بەئامانو زەمان نەبینرێن، رێگە پێچەکان ونکەنو پەنایەکتان نەبێ بۆ ئـەو تاشانەی دەیانپاراستن، گوێ لەناڵـەی چیا نـەگرنو پێکـەنینتان بـە خرمـەی لێکترازانـی تاشەکان بێ، چی ئێوەی هێندە مەستو بێئاگـا کـردووە چـاوتان کـەس نـەبینێ؟ ئەگـەر پێتان وایە ئەمڕۆ لەدوێنێ نەبوەو سبەینێش وەك ئەمڕۆ دەبێ، ئـەوە دووبـارە بوونـەوەی ئەو خەتایانەن کە ئێستا دەیکەن، ئاخر ئەگەر جارێکی دی شەقامەکان بەخۆمان نەگرێ، وەیشومەیەك هەڵکاو هەر هەموو بەیەکەوە لولدا، ئەوسا دەکەوینـەوە نـاو ئـەو کەڵەکـە بەردانەی بەقوڕ سواغ دراون، ژێر سـێبەری ئـەو تاشـەو پـەنای ئـەو چیایانەی بـەخۆمان ناگرن، لەوێ ئاوی کانیەکان بەشمان ناکەنو دەچۆڕێینەوە نێو ئەو گوندانەی لێمان توڕەن، ئەو ماڵانەی بێزارن لێمانو کەس ناناسنەوە، ئیدی لەوێ بەدیار ئەو رۆژانەی ونمان کردن، خەو دەمان باتەوەو هەستانەوەمان زۆر گران دەبێ، لێـرەش لـەنێو شـارە دەریاییەکانـدا، ئەو دەریایەی لەخۆوە منی پێوە گیرسامەوە، جیاوازییەکان، خەمە ترسناکەکان، تـەواوی شەقامەکان دەهاڕێو کچە شۆخو شەنگەکانیش، ئەوانـەی بـەدیار لاشـەی تاشـە لـەخاچ دراوەکان خەیاڵ دەیبردنـەوە، ئەوانـەی بـازاڕە٬کانیـان رەنگـاو رەنـگ دەرکـردو نیگایـان تێـدەگرتین، ئـەو کـچانە، ئـەو شـەهێنە سـپیو بـاڵا چـناریانە، دەکەونـە ژێـر تەماشـا ژەهراوییەکانی ئەوانەی نایانەوێنو بەجۆرێك نامۆ دەبن، یان لەنێو ئەم شارە دەریاییـەدا ون دەبن، کەس نایان دۆزێتەوە، ئیدی لەوێوە هەناسەکان تێکەڵ بەوناڵـەو خرمانـە دەبـن

کە بەدەستی خۆمان دەمان وەراندن، لەجوانییەکان نەدەگەیشتینو بەدووی ئەو حەزانەوە بووین کە بەوێیان گەیاندین، ئەو رۆژانە، تەنها لەدەستدانی باڵەخانەو شتە کرستاڵییەکان نابێ، تەنها گەڕانەوەی مێژوو و دووبارە بوونەوەی شکستەکان نابێ، بەڵکو گەڕانەوەیەك دەبێ بۆ ئەو سەرەتایانەی هەمیشە لێی دەترسین، ئەو رۆژانەی، یان نێو ئەو چیاو پەنای ئەو تاشانەی بەخۆمان ناگرن، لەو لوتکانە خلۆر دەبینەوە کە هەمیشە دەڵێن: ئێوە لەمنو من قەت لەئێوە نیم.

ئەوسا لەدوو چوان چوون، مانایەکی نابێ، چونکە هەڵدەوەرێین، ئەوانەی هەمانەو.. ئەو دەستکەوتو یاسایانەی فێری ببوین لێمان دەکەوێ، نە لە بیابان جارێکی دی جلو بەرگە کوردیو ئێسکو پروسەکەکان دەدۆزینەوە، نە کەسیش دەبێت ئێمە بدۆزێتەوە، دەخزێینە نەدیوێکەوە وەك دیمەنی فیلمە ترسناکەکان، ئەو ئاوازە خەماویانەمان بەسەردا دەبارێ، کە لە فلوتەکانی رابردوو دەچێ، ئەو فلوتانەی هەزاران شەهێن چونە ناوی، فلوتێك ئێستاش بۆی دەگریمو لێی دەترسم؟

ئاخر بەر لەوەی ون بین، پێش ئەوەی ناشرین بینو هەڵوەشێینەوە، با وەکو یەك بین، لەژیانو مردن شەریك و ماچ بارانی ئەو تاشانەکەین کە پەنابوون.

بگەرێینەوە نێو ئەوسروشتەی لێوەی هاتوین وپیاسەیەك بەنێو ئەو جیاوازیانەدا بکەین کەلێرە لەم شارە دەریایەدا دروستمان کردون، ئەم جیاوازیانەی لەناوی ناوەوەی ئەم خاکە سوتە مەرۆیەوە هەڵمان هێنجاون و لێرە لەسینگو بەرۆکی ئەوکچە هەرزانەی دەدەین کە گەلێ لەخۆمان منداڵترن، هاوسەر زیاد دەکەین و بەبێ دەنگی دەبینەوە ئەو ئاغایانەی هەرخەریکی ژنو موڵکو خۆ پۆشتە کردن بوون، ئاخر بەدەستی خۆمان بەخواست وبەرنامە ناوخۆییەکانی خۆمان، چینایەتیمان لەم وڵاتە تەفروتونا کرد، کەچی ئێستا خۆمان خەریکی دروستکردنەوەی ئەوەین لەناومان برد، ئەوەتا کارگەرو ئافرەتە

لاوازو رەشپێستە برسییەکانی ولاّتە هەژارو هەش بەسەرەکان، لێـرە بونەتـە خزمـەتکارو ئێمەش ئاغایەك کەللەمان لەتاشەکان گەورەتر بووە، لەهەمو لاوە بەسەرماندا دەبـارێو ئەوەی بیری لێنەکەینەوە ئەو تولە رێیانـەن کـەلێوەی هـاتین، شـەقامەکانی ئێـرە کـۆلاّن وخانووە برنجییەکان، لەنێو جیاوازیەکانـدا نقـوم بـوون، ئێـستاش کـچە هـەرزەو قوتابیـە ناسکەکان بەدیار ئەوباڵەخانانەی لەخەون دەچـن خـەیاڵ دەیـان باتـەوە، دەزانـن تائـەوان بـەختیان هەڵدەسـتێ و کـاتی زەماوەنـدیان دێ، هیـچیان بـۆ نامێنێتـەوەو دەبـێ وەکـو قەیرەکان ئەو کچە بەتەمەنو دواکەوتوانەی لەخانوە کۆنەکاندان هەر چاویان لـەدەرگابێ، تاکەسێك بێ و بۆخۆیان ببات، ئاخر ئەوانـە ئـەو قـەیرەو کـوڕە سەرسـپیانەی لـەم شـارە دەریایەدا مـاون، جیاوازیـەکان و وەنێـو کـەوتنی نـاوخۆ و وەرانـدنی گیـانی تاشـەکان، بەهاری تەمەنی هەرزەیی بـردوون و ئێـستاش بـەدیار ئاینـدەوە خەریکـە لار دەبنـەوە، خەریکە بەرەو نـەدیوێك دەرۆن کـەس نایـان دۆزێتـەوە، بـەدیار مەسـتبونی ریـشنەکانی دوێنێ و ئاغاکانی ئەمرۆ باڵندەیەکی سەرسام و بەرزە فڕن، خـەیاڵ بـۆ ئـەو لوتکانـەیان دەبات کەلەگیانی تاشەکان دروستکراون، بەو پەردانـە هەڵدەواسـرێن کـە بـەودیو شوشـە رەنگاو رەنگەکانەوەن،

ئەو قەیرانە ، نەتوانیان سنورەکان بـبرن و بۆهەتایـە جیاوازیـەکان جێبهـێلن، نەلـەم خاکە سوتەمەرۆیەشدا باخچەیەکیان هەیە پیاسەی تێدا بکەن، ئەوان ئـەو قەیرانـە، ئـەو کیژە جوان و جحێلاّنە ئێستا لەنێو چوارچێوە بەرتەسکەکانی ماڵەباوان و نێو نوێنە شـڕو دڕەکان ئەوانەی تەنها بۆنی ئافرەتیان لێدێ و هیچی دی، هـەر خـەریکی ئـەو خـەیاڵ و بیرکردنەوەن کەبۆیان نایاتە دی، خەیاڵێك بەرەو دنیـای جوتبـوون و ئاسـودەبوون، بـەرەو ئـەودیوی پـەردەکان پـشتەوەی دیـوارە رەنگـاو رەنگـەکان، ئـەو نوێنـە گـەرم وگوڕانـەی بەدەسـت لـەملانێ بـۆنی هەناسـەکان دەگـرێ و خەونـەکانیان دێنێتـەدی، خـەونێك

هەرلەتەمەنی هەرزەییەوە شـەوانە رایـان دەچـڵەکێنیٚو رۆژبـەرۆژ تەمـەنیان قـوت دەدا، بەرەو ئەو قەیرەییەی لێرە هەرلەزیادبووندایەو پلانێك نییە بۆکەمکردنەوەیان، ئاسـۆیەك بەدی ناکەن بۆ دەرچوون لەتەنیایی و بێـدەنگ بـەدیار دەرکـەی حەوشـەوە دانیـشتوون، تاکەسێك بیٚ و بەختیان هەستێنیٚ، ئەو ژیانـە جێبهـێڵن کەهەمیـشە دووبارەیـەو لـەبری خەونی شەوانە، دەست لەملان وراموسـان شـەویان تێپـەرێنیٚ، ئـەو تـەنیاو بەتەمەنانـە، سوێیان بۆتەوە بۆ پیاو، کەس نییـە لـەدەرگای دڵیـان دا،تـا لـەژێر لێفـەو بـە بـەرگێکی شــەوانەوە تاسـبەی راموسـان بکـەن، لـەنێو ئارەقـەو موچـورکەی جـوت بونـدا پێکـەنین بگۆرنەوەو ئەو خەونانە بێننەدی کە لەوەتەی هەن بیری لێدەکەنەوە، ئێستاش ئەو قـەیرە کچو لاوە سەرلێشێواوانەی سنوورەکان دەبڕنو لێرەش هـەمووکاتیان داوەتـە نێـو وێنـەی مۆبایلەکان لەبیٚ توانایی ئەو داهاتەیە کەبەشیان ناکات، بۆیە، کچە بەتەمەنەکانی نێو خانووە کۆنەکان، بەتەنیشت هەرزەکاراندا نایەنو چاویان هەمیشە لەو پیـاوە کاملأنەیـە کـە خـەریکی خـاش خـاش کردنـی تاشـەکانن، ئـەوانیش، ئـەو پیـاوە کاملأنـەی کـە ریشنەکانی دوێنیٚ بوون، هەمیشە سەرنجەکانیان لەنێو ئەو نیگایانەدا بەتاڵ دەکەنـەوە، کە بەئازادی لـەدایك بـوونو ئازادانـەش ئاڵتونیـان دەویٚ، بۆیـە تـادیٚ قـەیرەکان، هـەر دەچنە نێو خەیاڵەکانەوەو شەوانە هەر بەخـەیاڵ دەبنـە خـاتونی بـالا خانـەکانو ئافرەتـە بیانیەکان خزمەتیان دەکەن، زۆرجاران بەنێو خەونەکاندا دەرۆنو تا دەگەنە ئەو شـوێنەی بەخەون نەبیٚ نایگەنیٚ، ئەویٚ جێگەیەکە تەنها لەخەیاڵـدا هەیـە، پـڕە لـەو لاوە ریـشنو بەکەف و کوڵانەی ئـافرەت لەباوەشـیان جیـق و فلیـق دەکەنـەوە، بـەریان نـادەن تالـەنێو ئارەقەدا شەلاڵیان دەکەنو ئەوسا لەخەونێکی خـۆش رادەپـەرن، ئـاخر ژیـان لای قـەیرەو لاوە تازە دەرچوەکان لەو خەیاڵو خەونە خۆشانە دایە بۆیـە ئـەو قـەیرە کـچانە هەرچـەند جاریٚ بەبەردەم بالەخانە تاشەییەکاندا رەتدەبن،سـەرنج لـەودیوی پـەردەکان گـیر دەکـەن،

دەزانن جیهانی وێ، ژیان لەودیوپەردەکان لەخەونەکانی وان دەچێ بۆیە بەدەم ئاخێکی قوڵەوە ئەو فرمێسکە شوشەییانە بەسەرگۆنایان دێتە خوارێ، کەسالآنێکە دەوەرن،هەست دەکەن تادێ بەرەو ئەو تەمەنە دەچن کەلێی دەترسن، بەرەو ئەو پیریەی جوانیەکان دەوەرێنێ، بەرەو ئایندەیەك لەنێو تەنیایدا نقوم دەبن، بۆیە هەمیشە چاو لەدەرگا گومان دەیان باتەوەو بینینی دەم وچاوە دووبارەکان بێزاریان دەکا، دەخوازن ئەوانیش وەکو خانمی نێو باڵە خانە تاشەییەکان، شوشەکان بسڕنەوەو داوای ئەو حەزو ئارەزوانە بکەن،کە ئێستا دەستیان ناکەوێ،حەزیان لێیە سواری ئەو ئوتۆمبێلە کرستاڵییانەبن کەکوێیان بوێ دەیان با، لەو بازارو ریستورانتانە دابەزن کە هەمو جۆرە کالآو خواردنێکی لێیە، ئەو قەیرە کچانە دەزانن ئەوانەی لەنێو خانوە تاشەییەکاندان، قەت بەو رێیانەدا ناچنەوە کەلێوەی هاتن، ئەورێیانەی ئەمڕۆی بۆ دروست کردن و بەتەنیشت تاشەو ئەو کانیە چاو قرژاڵیانەدادێن، کەبیرەوەریەکانی لێهەڵوەریوە، ئەویادگاریانەی نایانەوێ بەسەریاندا بچنەوەو نەبا لەحەزەکانیان دابڕکا.

ئاخر ئەوان ئەوانەی ئەودیو پەردەکان خەم بۆ لێکترازانی تاشەو هەلا هەلابوونی جەستەیان نەخۆن، رۆژێك بەدیار تاشەکانەوە نەگەڕێنەوە سەرەتاکان، نەگەرێنەوە ئەو رۆژانەی ئێستایان بۆ دروست کردن، یان دوو فرمێسك بۆ ناڵەی چیاو تەنیاییەکان هەڵنەرێژن، قەد ئاوڕ لەو قەیرانە نادەنەوە، کەبەدیار دەرکەی حەوشەو باڵە خانە تاشەییەکان، فرمێسکەکانیان دەوەرێنن، ئەوان تەنها بەدوای ئەو کچە هەرزەو قوتابییە جوان و جحێلآنەوەن، کەشەقامی شارە دەرياییەکانیان رازاندۆتەوە، بۆ ئەو ئایندە جانتاکانیان پڕدەکەن، تاقەت نەگەرێنەوە ئەو سەرەتایانەی لێوەی هاتوون، ژێر سێبەری ئەو تاشانەی پەنا بوون، چونکە ئیدی ئەوان لەقەیرەکان تێپەڕیون و فرمێسك و هەناسە قوڵەکانیان بەویژدانی ئەواندا رەتنابێ.

ئەوکاتەی بەدیار برینەوەو لەخاچدانی تاشـەکان بـزە دەیگـرتن، رێـك لـەم شـوێنەدا لەگـەڵ وەرینـی پارچـەی جەسـتەی تاشـەکان و ئـەو ناڵەیـەی لەچـیاوە دەهـات ویـژدانی ئەوانیش هەڵوەریو کەوتنە سەر ئەو شەقامەی فرمێسکی قەیرەکانی تێدا دەباری.

ئیدی ئێستا لەودیو پـەردەکان، لـەنێو باڵـە خانـە تاشـەییەکان ریـشن و هـەڵۆکانی دوێنێی لێن و قەد ناگەرێنەوە ژێرسێبەری ئەوتاشانەی بیرەوەریەکانیان لێهەڵوەراندو ئـەو ویژدانانەش کۆ ناکەنەوە کەلە شـەقامەکانی شـارە دەریاییەکانـدا لێـان بـەربۆوە.! ئـاخر پـەنای تاشـەو کـەنار ئـەو روبارانـەی لەچـیاوە دێـن، روبـارە بەفراویـەکانی کـۆی کانیـە چاوقرژاڵیەکان، دێنو خۆ لەو کچو ژنە هەلا بەهەلا بوانە هەڵدەسوون، کە قوربانی ئـەو جیاوازیە ترسناکانەن ئێستا لەنێو شارە دەریاییەکاندا هەن، دێـنو بـەخوێنو فرمێـسکی لاشـەی ئافرەتـە بێخـەتاکان تـەنیاییان دادەچـۆڕێنن، دەزانـن ئـەو کـچە شـەهێنو گیـان وەریوانە ستەمی رۆژگار جیاوازیە نا سروشتیو کەفی حەزی پیاوە قەبەکان لێرەیان فڕێ داونو لەپەنای یاساو ئەو وشە پڕ لەباقو بریقانەی هەر لـە بـەردە کرسـتالیەکانی کـانی نێو چیاکان دەچێ، ئەوانی هاڕیوەو بەرەو ئـەو نـەدیوەی فـڕێ داون کـە لەئاینـدەی هـەر هەموومان دەچێ! ئەوان بەپەنای تاشەکانەوە هاتن، کەچی بەهاڕینی تاشـەکان بزەیـان دێو لەکۆکردنـەوەی لاشـەی ئافرەتـانی دەم روبارەکـان، نێـو هەڵـدێرو چـیا هـەزار بەهەزارەکان، نقەیان لێوە نایەو هەر خەریکی جوانکردنی بالاخانـەو عاسـێ کردنـی ئـەو کـچە هـەرزەو ژنـە منداڵکارانـەن کـە لـەودیوی پەردەکانـەوە، کاشـیە مەرمەڕیـەکان دەسـڕنەوە، خـەتابار و ژنکوژەکـان، ئەوانـەی هـەر لەئێـسكو پروسـکەکانی نێـو ئەشکەوتەکان دەچن، ئێستا لەپەنای ریشنەکانی دوێنێ خۆیان حەشار داوەو ئەوانەش کە لەنێو بەندیخانەکاندا، هەر خەریکی نوێژکردنو پێیان وایە بەم چەند گوللەیـە شـەڕەفیان کڕیوەتەوە، لەچاوەڕوانی دەرچوندانو هاکا رژانەوە نێو شەقامەکان. هاکا ئەو گروپانەیان

دروستکردەوە کە لـەژێر سـێبەری ریـش‌و شـێخەکاندا منداڵـەکانمان پارچـە پارچـەدەکەن ئەوانە ئەو تاوانبارە نەعلەتیانە لەدرزی بۆشاییەکانی دەسەڵات‌و شەڕەوە هاتوون‌و تـەنها بەپژانی خوێن دڵیان ئاو دەخواتەوە، مەبەستیانە ژیـان بگەڕێننـەوە ئـەو سـەرەتایانەی لەشانەدەردا دۆزرایەوە هـەر هـەموومان داپۆشـن‌و بەکـەیفی خۆیـان یـاری بەئایندەمان بکەن.

ئاخر ئەوانە دەرگایەکیان هەیەو ریشنەکانی دوێنێ داویاننێ، کەی حەزیان لێبێـت لێمان دێنە ژورەوەو بەئارەزووی خۆیان ژنەکان گوللە بـاران دەکـەن، دەرفـەتێکیان هەیـە تالەوێوە سنوور بۆ هەموو شتەکان دانێن.

ئـەوان نایـەن تـا سـنوورە دەسـتکردەکان رەشـکەنەوە، تـاڵی‌و سـوێری چـیاکانیان نەچەشتووە، تاشەکان قەد نەبوونەتە قەڵغان بۆیان‌و گوللەیەکیان بە دوژمنـانی کـوردەوە نەناوە، ناشـیانەوێ دەسـتکەوتەکان‌و پێـشکەوتنە جوانـەکان بـەرەو پـێش بخـەن، ئەوانـە بەرنامەیــەکیان هەیــە لــەنێو ئەشــکەوتەکانی تۆرابــۆرارووە هێناویانــەو دەیانــەوێ وەك گوللەکان وبۆمبە چێنراوەکان لێرە خاڵی کەنەوە، نیوە ترسێنراوەکەی کۆمەڵگا لـەژووری عاسێ کەن‌و دەست بخەنە نێو ئەو بەرنامانەش کەلێرە دەنگی بۆ دراوە، چونکە هەوەسـی ئەوانە کەف‌و کۆڵێکە تەنها لەنێو خەلك تۆقاندن و فرەژنیدا خاڵی دەبێتەوە، چاو دەبڕنـە ئـەو کـچە ترسـێنراوانەی لەژورێـدا عاسـێن‌و لـەخۆیانی مـارە دەکـەن، ئەوسـا بـەپێی بەرنامەکانیان هەموو بەها جوانەکان، هەر هەموو ئافرەتە ناسـکەکان بۆخۆیـان دەبـەن‌و گوێ لەو چریکەو نوزانە ناگرن کە لێرەو لەوێ لەهەناوی نیوە ترسێنراوەکەوە دەردەچێ..

ئاخر نوزەی ئافرەتە جەستە ئاژن کراوەکان، لەناڵەی چیاکان دەچـێ، لەخرمـەی ئـەو تاشانە دەچێ کە پێشتر پەنابون، ئێستا چیاو تاشەو لاشەکان، لـەنێو تـەنهایی سروشـتدا نرکەیان دێ، گوللـەی ناکـاو جەسـتەی هـەر سـێکیانی سمیـوەو کانییەچـاو قرژاڵیـەکان،

ئەوانەی لەقولاَّیی ئەم خاکە سوتەمەڕۆیەوە دەردەچن بۆیان دەگـرین، گریانێـك لـەقولاَّیی هەناویانەوە قوڵپ دەداو لەگەڵ خوێنی جەستەی کەوتوی ئافرەتە شۆخو شەنگەکان دەبنە ئاوێتە، دەبنە روبارو دواتر ئەو لافاوە بێ ئامانـەی هـەموو شـتێ رادەماڵـێ، ئـاخر ئـەم روبارانە کۆی فرمێسکی کانیە چاو قرژاڵیەکانن، ئەوان لەبەرزیەوە دێن، لەوێوە لەو چیا سەرکەش‌و بەفر لێ نیشتوانەی هەر وەکو خۆیانن‌و لەوەتەی دنیا دنیایـە نـەگۆڕاون بۆیـە بەگۆڕانی ئێرەو فڕێدانی لاشەی ئافرەتـە هـەرزەکان یـاخی دەبـن، لەناخـەوە دەتوێنـەوەو دەبنە ئەو لافاوەی تەڕو وشك بەیەکەوە رادەماڵێ دێ‌و بەشەپۆلێکی توڕەو سـەر شـێتەوە تەواوی باڵەخانە کرسـتاڵیەکان لاشـەی تاشـەو دیواربەنـدە کۆنکرێتیـەکان بەسـەریەکتردا دەڕمێنێ ئەو شەقامانە لول دەدا کە هێشتا سەنگەرەکانی لێن، ئەو بالاَّخانانەی لێن کە لاشەی تاشەکانی پێوە هەڵواسراوە چونکە لەوێ لەودیو پەردەکان، ئـەو هەڵۆیانـەی لـێن کە لەنێو جیاوازیەکاندا سڕبوون‌و ئاوڕ لەو لاشەو خەتایانە نادەنـەوە کـە دەرهـەق بـەهاو زمانـەکانیان دەکـرێ، ئەوانـە ریـشنەکانی دوێنێـی ئـەو دیـو تاشـە هەڵواسـراوەکانن، هەلاَّوسـاون‌و جگـە لـەخۆیان‌و ئـەو ئافرەتـە هـەرزەو بـالاَّ بەرەزانـەی لـەژورێیان عاسـێ کردوون، پەنایەکیان نییـە بـۆ ئـەو نیـوە ترسـێنراوەی لـە باڵنـدە بـەرزە فڕەکـان دەچـن، پەنایەکیان نییە بۆ داڵدەدانی کەسانێك ، کە ستەمی کەلتورو جاوازییەکان تەفرو تونـای کردون، خۆیان بەکورسی‌و داهاتە لەبن نەهاتووەکانیانەوە شەتەك داوە بە ئامان‌و زەمـان لێیان نابنەوە، حەزێکی ئاڵۆز، کە گەلێك جیاوازە لەحەزو ئامانجەکانی دوێنێیان مەستی کردوون، ئەو کاتەش کە لەبەردەم لاشـەی سـوتاوو بەگوولـە ئـاژن کـراوی ژنـەکانی ئێـرە وشە بریقەدارەکان هەڵدەڕێژن، لەشتێکی سەیر دەچـن‌و ورگیـان پـڕە لـەو باڵنـدەو ئاژەڵـە کێویانەی راویان کردوون، هەناسەیان بۆن زوخاوو جانتاکانی دەستیان هەر لەو جانتایانـە دەچن کە دوێنێ، یان ئەوێ رۆژێ لە چیاوە تفەنگیان پێوە دەنان.

ئاخر ئەوان لە بزنە ڕێی چیا هەزار بەهەزارەکانەوە هاتن، بۆنێو ئەم شارە دەریایە هاتن تا جیاوازیەکان نەهێڵن‌و ئەوانەش لەناوبەرن کە لەناویان دەبردین، هاتن جگە لە تفەنگێکی ژەنگاوی‌و کۆڵەپشتێکی شڕودڕەوە چیدیان پێنەبوو ئەوەی ئەوان لێی دەگەڕان، ئازادی نیشتمان بوو، بە کونفەیەکونێك بۆیان هاتەدی‌و ویستیان یەکسانیەکان لێرە لەم شارە دەریاییەی دەرگای هەموو ماڵەکانیان بۆ لەسەر پشت بوو، هەڵڕێژن. چینایەتی‌و جیاوازیەکان شەق‌و پەق کەن‌و جارێکی دی کەس نەکوژێ، کەس ئاغای کەس نەبێ‌و وڵات بکەنە ئەو شامەی تەنیا ئەوانی کەم بوو، زۆری نەبرد لەرێگەی هەڵبژارنەوە، لەرێگەی جوانکردنی دیموکراسی‌و لێبوردنە هەرەمەکیەکانەوە، رەنگەکانیان دابەش کردو سەرەتای جیاوازیەکان، یەکەم هەنگاوی بەش بەش بوون‌و ناشیرین کردنی رەنگ‌و رووخسار دەستی پێکرد، وەرگرتنی دەسەڵات بووە ئەو خەمە گەورەیەی نەخشەکانی جەنگی گۆڕی، تفەنگەکان هەڵگیرانەوە سێرەیان لەئازادی‌و ئەزمونێك گرت. کە لەچیاوە هات‌و لەنێو شارە دەریاییەکاندا خوێنی رژا، پاکتاوکردنی یەکتری بووە ئەو ئامانج‌و دەستکەوتانەی کە هەمیشە وەك گەرایەکی مشەخۆر لەهەناوماندا هەر لەگەشە دایە، فێری لەناوبردنی بەرامبەرو خودو هاوزمانەکانی کردین، ئاڵوگۆڕێکی هێندە ناشیرینی بەرەنگ‌و کولتوور کرد کە سەرەتای ژیانەوەی چینایەتی‌و دروستکردنەوەی ئەو ئاغایانە بوو کە پێشتر لەبەرەکانی دژ بوون لەنێو گوندو شارەکاندا بوون‌و لاوەکانیان فەللاقە دەکرد، کەس متمانەی پێنەدەکردن، تا کەللەی سەری دوو شوان‌و گوندییەکیان بۆ ئاغا گەورەکانیان نەبردبایەوە، ئەوانە ئەو خۆفرۆش‌و چڵکاو خۆرانە بوون، کە پێش لەشکری ئەنفال کەوتن‌و سەرچاوەی داهاتە ناوخۆییەکانیان دەسوتاند، کونە پێستەکانیان بەتاڵ دەکردو وەك چاوساغ کون‌و کەلەبەری چیاکانیان دەپشکنی، ئاخر پێشتر ئەوانە، بەکوشتنی ریشنەکان‌و وێرانکردنی نیشتمان ناسرابوون،

چی ئەوانی لەژێر ئارمو رەنگی پارتەکان کۆکردەوەو سەرلەنوێ ئەو نەخشە دۆزەخیانە دارێژن کە ئێستاش لێیان بترسێین، خۆ گوندیەکان یەك بەیەکی سیمای ناشیرینی ئەو ئاغایانە دەناسنەوە، خۆ نەخشەکانی چیا، ئەوانەی لەژێر تاشەکان دادەرێژران بۆ تەفروتوناکردنی ئەوانو چینایەتی بوو، بۆ دەبێت لەهەموو سەردەمەکان لەهەموو گۆڕانە خێراو لەسەرخۆکان ئەوان لەپێش ئێمەوە بنو شوێنی گەرمو داهاتو بۆدجەکان بۆ ئەوان بێتو ئێستاش راوێژکارە ترسنۆكو درۆزنەکان بن، ئەو رۆژانەی پشدێنی رەشو دەسبیحی رەشیان لەلاوەکان قەدەغە دەکرد لەبیر چوونەوە، ئەدی ئەو گوللانەی بەچیاو تاشەکانیانەوە دەنا، هەر هەمووی ئاوێزانی شەڕەکانی ناو کۆڵانەکان کرا؟! ئاخر ئەوانە لەکوێ دەستکەوت هەبێ لەوێن، قەت بەقەت ریشنەکانو خەڵکی ئەو دیو دیوارە کۆنکرێتیەکان نیشتمانیان خۆش ناوێ.

ئەوان هەمیشە بەدوای پاروی چەورو شوێنی حەوانەوەن هەر لەوکاتەی ئاغای گوندەکان بوونو لەسەر نیوەکاری دەژیان، وەك مشەخۆر گیانی هەژارانیان مژیوە، هەر لەو سەردەمانەوە راهاتوون و دیموکراتیەتو ژیانی نوێ، لای ئەوان یەك فلسی قەڵب ناهێنێ، چونکە ئەوان هەمیشە فێرە وەرگرتنی زۆرو دانەوەی کەمن، بۆیە کەوی کردنی ئەوان تەنهاو تەنها بەپەراوێز خستن دەبێ، دەبێت بەزۆر گوێ لەناڵەی چیا بگرن، ئەو رۆژانەیان بێننەوە بیر کە ئەوان روانگەی تۆپە دوورهاوێژو نەعلەتیەکان بوون. ئیدی ئەوانە ئەو وێنە ناشیریانەن کە جوانییەکان دەتوێننەوەو ئاراستەی گۆڕانەکان بەرەو شەڕی کۆڵان دەبەن، ئێمەش لەژێر کاریگەری ئەواندا پێکهاتەکان تێكو پێك دەدەینو خەریکە وەك ئەوانمان لێدێ، هێندە لەیەکتری نزیکین کەس لێکمان جیا ناکاتەوە بۆیە... لەتاوان لەبەر راکردنی لاو بۆ هەندەرانو کوژرانیان لەنێو کوچەو تەپۆلەکەکان، بەهۆی کەمبوونەوەی شەهێنەکانی ئازادیو زیادبوونی قەیرەو قەتیس بوونی کچە باڵا

شەنگەکان لەماڵێدا، دیاردەی خۆڵەنێو بردنو ئاژن کردنی جەستەی ئافرەتو فڕێدانیان لەرۆخ رووبارە کوێستانیەکان، بووە ئەو خەمە گەورەیەی هەر لەناڵەی چیاکان دەچێ، هەر لەنوزەی پیرێژنە بێکەسەکانی ئەنفالو دووکەڵە شین باوەکەی سەر هەڵەبجە دەچێ، ئاخر خاش خاش بوونی لاشەی تاشەکان، هەر لە لەتو پەت بوونی ئەو ئافرەتانە دەچێ کە قوربانی پیاوسالارین، ئەو پیاوانەی ئێستا جگە لەخۆپۆشتەکردنو هەڵاوسانی ورگ قەت بیریان لەیاسایەك، یان بڕیارێك نەکردۆتەوە دژی ئەو وێرانییەی بەسەر کەسایەتی ئافرەت هاتووە، وێرانییەك هەڕەشەیە دژی جوانیو ئایندەو کەسایەتی هەر هەموومان، تادێ ناشیرین دەبینو وێنەکان دەچنە دووتوێی ئەو مێژووەوە کە خۆمان دەینوسینەوە، خۆمان کاراکتەرو شانۆو ئەو سیناریۆیەین، پەرچەمەکەی لەژێر دروشمی خەتا نوسراوەتەوە بۆیە هەر لەخۆمانەوە بوینەتە ئاغای دیوەخانەکانو ژنەکانمان ئاغاژنو ئافرەتە رەشو چرچە ئەسیوبیو بیانیەکانیش، ئەو کارەکەرانەن خزمەتی مێزی ئێوارانیان پێدەکەین، ئاخر رۆژێك نەگڕاینەوە ژێر سێبەری تاشەکانو لەرۆخ کانیە چاو قرژاڵیەکان ئەو ئارەقە فەلە بخۆینەوە کە دەست نەدەکەوت، ئێستا ناوی ویسکیو کچە بیانیەکانمان تێکەڵ کردووەو لەدانیشتنی ئێوارانی سەر مێزە شوشەییەکان هەردووکیان وەك یەك ئاودیو دەکەین، ئەگەر پلیس لەپیس نەچوایە قەد بەکارمان نەدەهێنا، ئیدی لێرەوەیە ئاوازی فلوتەکان، ئەوانەی شەهیدەکانی چوونە ناوێ بەسەریدا ناچینەوەو لێی دەترسێین، لەبزنە رێیەکان هەڵدەدێرێینو ئۆتۆمبیلە تیژڕەوەکانمان لەقیرتاو لانادەن، لوتکەکان هەر لەدوورەوە دەبینینو حیمایەکانمان قەت ئەوێیان نەدیوە، تا ئێستا پێڵاوەکانیان بەقوڕ نەبوەو قەت بە تفەنگەوە بەچیا هەڵنەگەڕاون، بۆیە رۆژانە تەنها نیگا لەو کچە شۆخو شەنگانە گیر دەکەن، کە بەبەردەم ماڵە بەرپرسەکانیاندا رەت دەبن، شەوانەش میل لە پشیلەو ئەو سەگانەش دێننەوە کە بەوێدا دێن، ئەوە ئەو

ترسەیە یان پاشماوەو کەلتوری ئەو جەنگانەیە، کە خۆمان دروستمان کردن، جەنگێکی تەعلەتی ئەوتۆن هەزاران منداڵی بێ باوك کرد، لاوەکانمان فێرە هەڵاتن کردو بەسەدان هەزاریان ئێستا لەولاتە بیانییەکان کارەکەری دەکەن، جەنگێك کچەکانی کردە قەیرەو فێری ئەو خۆسوتاندنو ژێردەستەییەی کردن، کە لێرە بۆتە دیاردە، ئەوەتا رۆخ روبارو پەناو پەسێوەکان پڕن لەو ئافرەتانەی لاشەیان ئەنجن ئەنجن کراوە، رۆژ نییە خەتا دەرهەق بەو کچانە نەکرێ کە بێکاری لاوو سەر لێشێواوی لەماڵێی عاسێ کردوون، رۆژگارێکە لە بێ بەرنامەییەکی شێلگیردابن، هەر هەموو پرۆژەکان، ئەوانەی بۆ چاکسازیو خزمەتکردن ئامادە دەکرێن، بونەتە سوتەمەنی ئەو ترادسیۆنە بۆماوەی وەك لاشەی تاشەکان ئێمەش دەهاڕێ، دیمەنە تراژیدیەکان دووبارەو چەند بارە دەبنەوەو بەرەو نەدوێك دەڕۆین، وەك روانینی ریشنەکانی دوێنێو پۆشتەکانی ئەمڕۆ، بۆ ئەو پرسە هەنوکەییانەی لەجێی خۆیان چەقیون، چەقینێك وەك لاشەی ئەو تاشە ئەستورانەی گوللەی ناکاو جەستەیانی سمیوەو لەوەتەی هەن لەجێی خۆیانو هەڵناقەنرێن، ئەو تاشانە، چەند ناڵەی چیا دەبیستن هێندە پتەوتر دەبن، چونکە ئەوان بە لوتکەدا هاتوون دەزانن خلۆربوونەوە یانی ئەو کۆچە درێژخایانەی بەکۆتانایە، ئەو تاشانە جارێکی دی ناگەڕێنەوە قەدی چیاکانو لەوێ ئەو پەنا عاسێیانەیان دروست کرد، کە لەسەنگەرە پتەوەکان دەچێ قەت پێیان وانەبوو رۆژێك ریشنەکان دەکەونە گیانی تاشەکانو وردو هاڕیان دەکەن.

دیمەنی جەستەی ئاژنکراوی ژنە بێ خەتاکان شەهیدبوونی هەڵۆکانی دێنایەوە یاد، ئەو رۆژانەی زیندوو دەکردەوە، کە لەپەنای تاشەکانەوە، زرینگەی هەڵوەرینی قەوانە بەتاڵەکان دەبیسترا، ئاسن دەباریو رێژنەی گوللەکان، دەنگدانەوەیەکی ئەفسوناوی پڕ لە ترسو سەرکەوتنی دەوەراند.

❊ ❊ ❊

ئێستاش تاشەکان هەموو ئێوارەیەك چاو لەتولە رێیەکان دەبڕیو یەك بەیەکی یادەوەریە هەلوەریوەکان دەژمێرێ، بەیانیان سەرنج لە رۆخ رووبارەکان گیر دەکا، نیوەڕۆیانیش بەتەنێ خۆی بەو کانیە چاو قرژاڵیانە دەشوا، کە لەناخی ئەم خاکە سوتەمەڕۆیەوە دەردەچن، دەزانێ ناڵەی چیاو یادگارییە خۆشو ناخۆشەکان بوونە سەرابو لەگەڵ ریشنە چوستو خۆلاویەکان رژانە ئەو شارە دەریاییانەی لێواو لێون لەجیاوازی، لەوێ لەم شارە دەریاییانەدا ئەم یادگاریانە بەدیار ئەو کچە ناسكو ژیکەلانە رادەمێنن، کە لاشەی لەخاچ دراوی تاشەکانو باڵەخانە رەنگاو رەنگەکان بۆخۆیان کێش دەکەن، سەرێك بەنێو سوپەرمارکێتو ڤێللاو گەڕەکە هەژارەکاندا دەکەنو ئەوجا دەگەڕێنەوە ژێر پەناوو سێبەری تاشە لەخاچ دراوەکانو تێر تێر دەگرین، فرمێسك بۆ ئەو ویژدانو شەهیدانە دەڕێژن، کە ئەوانیش بوونە بیرەوەری، بوونە ئەو تارماییانەی لەخەون دەچن، لە ئەفسانەو ئەو بەڵێنە پڕ لەباقو ریقە دەچن، کە رۆژانە گوێیان لێناگیرێ یادگاریەکان دێنو رۆژانە بەنێو تەواوی شارە دەریاییەکاندا تێدەپەڕن، لەهەر کوێ تاشەیەك وردوخاش بکرێ، خەتایەك بەرامبەر ئافرتو نانێك لەهەژار ببڕدرێ، ئەو لەوێیە لەو شوێنەی جیاوازییەکان هەر لە بالاکردنەدانو رێك لەو زانکۆو شوێنە بەناو فەرمیانەی وەك دەلالخانە بڕوانامەی تێدا دەفرۆشن، دەخزێتە نێو خەونە ترسناکەکان، ئەوانەی شەوانە ریشنەکان رادەپەڕێنێ بەنێو ئەو زەویە کاکی بەکاکیانەدا دێ، کە نەخشە رێژکراونو دراون بە وانەی ئێستاش نازان، تولەرێو تاشەو کانیە چاو قرژاڵیەکان لەکوێن، ئەوانەی بەدوێنێدا نەهاتوونو قەت بەچیا هەڵنەگەڕاون.. بەوانەی پاوانکردنی یەکدی گەورەی کردنو ئێستاش نازانن ئەمڕۆ دوێنێ دروستی کرد، ئەم یادەوەریانە رۆژ

نییە خۆی بەو روبارانــە نەشـوا کـە کـۆی کانیــە چـاوقرژاڵیەکانن دێو، لەگـەڵ خـەتاکان ئاوێتە دەبێو دەچێتە ناخی ئەوانەی شەق لە سبەینێ هەڵدەدەن، وە بیریان دێنێتەوە کـە لوتکەکان، ئەوانەی بەچیا هەزار بەهەزارەکان ناسـراون هـەر مـاون، ئێـستاش پـەنان بـۆ ئەوانەی بەویژدانەوە دێن، جیاوازیەکان راویان دەنێو لەوێ لەپەنای تاشەکان، دەبنە ئـەو یادەوەریانەی رووبارەکان دەیان هێنێ، تێکەڵ بەو ئومێدانە دەبن، کە لەلاشـەی ئافرەتـە جەستە ئاژن کراوەکان هەڵوەریون، ئـەوانیش دێـنو بـەو شـەقامانەدا پیاسـە دەکـەن کـە لەنێو شارە دەرياييەکاندا بە دیوارە کۆنکرێتیەکان گـیراون، لـەوێ لەپـەنای کـچە شـۆخو شەنگەکان بەدیار تاشە لەخاچ دراوو ئەو باڵەخانـە رادەمێـنن، کـە پێـشتر نـەبوون، خـۆ لەیەکتری هەڵدەسونو کاروانی ئۆتۆمبێلە کرستاڵیەکان لێکیـان دەترازێنــێو بـەرەو ئـەو نەدیوە راویان دەنێن، کە لەسبەینێی خاوەن کورسیەکان دەچێ؟! هـەر بۆیـە منـیش لـەم شارە دەرياييەدا بەدیار ئەو مەملەکەتە پڕ لەجیاوازیـە سـەرنجەکام شـیدەبنەوەو لەناڵـەی هەورو گرمە ناکاوەکان دەترسم، دەنگی ئەو فلوتانەم دێنەوە یاد کـە شـەهێنەکانی تێـدا دەتوانــەوە، بڕیارمــدا هیــچم نــەوێ، بــەڵام دەگــەڕێمو تــەنها دیــاردەو جیاوازیــەکان کـۆ دەکەمەوەو دەیانخەمە نێـو ئـەو یادەوەریانــەی لـەژێر تاشـەکان هـەڵمان وەرانـدن، وەکـو حیکایەت، یان ئەفسانەو چیرۆکە ئەفسوناویەکان، بـۆ ئـەو منداڵانـەی دەگێڕمـەوە کـە لەئێمە ناگەن، تەنها چاویان ئەو جیاوازیانە دەبینێ کە لەقوتابخانـە نمونـەییو بـاڵاو ئـەو پۆلانەدا هەن، کە دەڵێی سەربازخانەن ئاخر رۆژنییــە لەبەرچـاوی ئـەم منـاڵـە ژیکەلانـە، ئۆتۆمبێلە کرستاڵیەکان منداڵە خوتوو خاوێنەکان، لەو قوتابخانانە دانەبەزێنن، کـە پـڕە لەباخچەو یاریو خواردنی خۆش، ئەوانیش دەچنە نێو ئەو سەرباز خانەیەی کە لەهـەموو شتێ دەچێ فێرگـە نـەبێ، بۆیـە حیکایەتـەکانی مـن، ئەوانـەی لەشـارە دەرياييەکانـەوە دەیانهێنم تەنها بۆ ئەو منداڵانەی دەگێڕمەوە، چـونکە دەزانم دواتـر ئەگـەر بەخـەیاڵیش

بێت خۆیان دەکەن بەو پاڵەوانانەی، یان ئەو ریشنو شەهێنانەی لەچیا نرکەیان دەهاتو زەویان شەق دەکرد، بەخەیاڵ تەنها بەدیار دیمەنە پڕ لەجیاوازیەکانی نێو حیکایەتەکانم، دەبنە ئەو پاڵەوانە یاخیو سەرکێشانەی شمشێر لەجیاوازیەکان دەوەشێنن، ئەوان ئەو منداڵە رەشو رووتو ژیکەلانە، لەنێو حیکایەتەکانماندا دەبنە ئەفسانەو هەر بە خەیاڵ نەوەیەکی نوێ دروست دەکەن، زۆر جیاوازتر لەمرۆو تەواوی تاشە لەخاچ دراوەکان، هەر هەموو بالاخانە رەنگاورەنگەکان، دەدەنە ئەوانەی، یان ئەو منداڵانەی رۆژانی زستان لەنێو پۆلی قوتابخانەکاندا دەستە لاوازەکانیان سڕ دەبێ، ئەو منداڵانەی قەڵەمیان بۆ ناگیرێو شتێکیان لەبەر نییە گەرمیان کاتەوە یان ئەگەر بەهرەشیان هەبێ، قوتابخانە گەرمو گوڕەکان بەخۆیان ناگرن، ئەم منداڵانە، ئەوانەی حیکایەتەکانی من دەبیستن — دەڕۆن، هەر بەخەیاڵ دەگەڕێنەوە ژێر سێبەری تاشەکان، لەوێ یەك بەیەكی بیرەوەری پیاوە ریشنەکان دەخوێننەوە، هەڵیان دەگرنەوەو بەنێو بزنە رێیەکاندا دەڕۆن، ئەوانەی جاران هەبوونو ئێستا رەش بوونەتەوە، دێن خۆ بەناو شارە دەریاییەکاندا دەکەنو، تەواوی بیرەوەرییەکان یادەوەرییە خۆشو سەختەکان دەگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیانو پێیان دەڵێن: ئێوە بەوانەوە جوان بوون، ئێوە لەوێوە هاتنو ریشو کۆڵە پشتەکان هەر لەخۆتان دەهات ئەو رۆژانە چەند خۆشو ئێوەش چەند جوان دیاربوون، چی ئێوەی لەم سەروەریانە دابڕیو لەم شارە دەریاییەدا توانەوە خۆتان دا دەست قەدەرێك، لەحیکایەتەکاندا لێتان بترسینو خەیاڵ بمانباتەوە دوێنێی ئێوەو هەر بەم چاونەترسیو ئازایەتیەی ئێوەوە،هێلانەکانتان تەفرو توناکەین وبیان دەین بەوانەی نیانە، یان ئەو قوتابخانانەی پێ گەرمو ئاوەدان کەینەوە. کە منداڵە هەژارەکانی تێدا دەلەرزن، تاشەکان ئەوانەی بەپێشی پێشەوەی بالاخانەکاندا هەڵواسروان بیانگەڕێنینەوە پاڵ چیاکان، تا لە رۆژە توشەکاندا ئەو پەناگەیانە بن، کە پێشتر هەبون.

دێین، هەر بەخەیاڵو لەبری پاڵەوانی نێو حیکایەتەکان. دێینە سەر مێزەکانتانو پێکەکان هەڵدەڕێژین، هەراسانتان دەکەینو ئەو بیرەوەریانەتان بۆ دەخوێنینەوە کە لەژێر تاشەکان لێتان بەجێ ما، هەر بەخەیاڵ، ئێوەش دەگەڕێنینەوە ئەو رۆژانەی چیرۆکە بالاکانی لێ دەنوسرایەوە، ئەو چیرۆکانەی لەنێو حیکایەتەکانی ئێستادا هەن، چیرۆکێك لە لوتکەی چیاکانەوە دێنو دەڵێن، ئێوە لە منو من قەت لە ئێوە نیم.

ئەو منداڵە خەیاڵیانە، یان ئەو خەیاڵە خۆشو بەلەزەتانە، لەمنداڵی دادەبڕێن، ئەوان دێنە ناو منەوەو منیش لەگەڵ خۆم دەیان بەم، تا دەیانگەیەنمە سەر ئەو کانیە چاوقرژاڵیانەی لەناخی ئەم خاکە سوتەمەڕۆیەوە دەردەچن، لەوێ لەپاڵ ناڵەی چیادا، بەدەم حیکایەتێکی ئەفسانەییەوە خەو دەیان باتەوەو تەواوی خەیاڵەکانیان لێ هەڵدەوەرێ، لەوێ لەژێر سێبەری تاشەکان ئاوێتەی بیرەوەری پیاوە ریشنەکان دەبن، دەچۆڕێنە ئەو رووبارانەوە کە کۆی کانیەکانن، بەنێو شەپۆلەکاندا، بەنێو دۆڵو چیا هەزار بەهەزارەکاندا، جارێکی دی لەنێو ئەو شارە دەریاییانەدا بەهۆش خۆیان دێنەوە کە پڕن لەجیاوازی، پڕن لەو دیاردە ترسناکانەی هەر لەخۆوە منداڵی تێدا گەورە دەبێ، جارێکی دی ئەم منداڵە خەیاڵیانە وەهۆش خۆیان دێنەوە، دەبینن ئەوەی، یان ئەو شوێنەی ئەوانی بۆچون تەنها خەیاڵ بوو هیچی دی، ئەگەرنا ئەوان چونەتە نێو حیکایەتەکانو ئەوەی دیتیان تەنها لە ئەفسانە دەچێو هیچی دی، بۆیە بەدەم باویشکەوە دەخەونو دەچنە نێو ئەو دنیا تایبەتییەی هەموولا خۆزگەی بۆ دەخوازن. بەئومێدن بۆچەند ساتێکیش بێت بگەڕێینەوە نێو ئەو دنیا بەلەزەتانەی تەنها لەمنداڵیدا هەیە، دنیایەك رۆژنییە تاکەکان هەر هەمومان نەگەڕێینەوە ناوی، چونکە ئێمە زۆر بەخێرایی بەنێو منالیدا رەتبوین، هەرزەیمان لەنێو ترسو راونانو خۆشاردنەوەدا دیتەوە، بەو شوێنەدا هاتین کە ئێستا ناوێرین بۆی بگەڕێینەوە، ئەو دەم یان ژیان لەلاویەتیدا

ژێردەستەیی بوو، دەگەڕاین بەدوای پەنایەك کەس گەورەی کەس نەبێ، کەس لەخۆڕا نەمان کوژێو دیلمان نەکا، ئەوێ ڕۆژێ هەر هەموو هەرزەکان، هەر هەموو پیاوانی ئەم نیشتمانە، وێڵی ئارامگەیەك بوون، کە تەنهاو تەنها لەچیاو تەنیشت تاشەکان دەست دەکەوت، لەوێ بەدیار کۆڵە پشتەکانەوە، بیرەوەریەکانی منداڵیمان هەڵدەوەراندو بۆ ئایندە مێژوومان دەنوسییەوە، ڕاکردوێکی نوێی ئەو دیلییە بوین، کە خەبات لێی دەتەکاندین، مەترسیەکان بەدوومانەوەو حەزەکانی ئازاد بوون ریشی پێ دەهێشتینەوە، ئا لەوێ رێك لەو پەناگانەوە چۆڕاینە نێو ئەو رووبارانەی هەڵێداینە نێو شارە دەرياییەکان، ئەو شارانەی زۆری نەبرد جیاوازیەکانی تێدا لە دایك بوو، گەورەبوین و ئەوانی خوار خۆمان لێمان دەترسان ترسێك هەرلەرۆژی لەدایك بونەوە لەگەڵ هەرهەموماندایەو ئێستا مندالەکانی پێ گۆش دەکەین، ئەوانەی دەچنە نێوحکایەتەکان، دەبنەپاڵەوانی ژێر تاشەکان و هەر بەخەیاڵ گەورە تۆقێنەرەکان لەناو دەبەن، ئەو گەورانەی پیاوە ترسناكو گەورەکانی ساڵانی خەباتیان لە ناوبردو، ئێستاش هەر ئەوان لەژێر ترادسیۆنەکانی ئەوێ روژێدا هێندە گەورەو قەبەبوون، قەت ریشیان ناهێڵنەوە، منداڵەکانیشیان وەكو خۆیانو هەمان ئەوترسەیان دەدەنێ، کەخۆیان وەریان گرتبوو، ئەو جانتایانەش بەدەستەوە دەگرن، کە لە نێو کوچەکانی شارە دەرياییەکانو لەنێو سەنگەرو رێگەی نێوان شارەکان تفەنگیان پێوەدەنان.

ئاخر کێ هەیە بەمنداڵی خۆیدا نەچێتەوە، بەولاویەتیەی ترس تێی پەڕاند، بەو شارو شەقامانەی هیمە نەبوونو ئێستا دابەشمان کردوون، باڵاخانەکانی لێ بەرز دەکەینەوەو تاشەکانی پێوە لە خاچ دەدەین، شوێنە گشتییەکان سوچو زەویە بەنرخەکان، ئەوانەی دوێنێ دەدران بەئەمنو شتە سەیرو سەمەراکان، ئەمڕۆ خۆمان دەیدەین بەخۆمانو بەشی کەسیش نادەین، ئەوەندەی بەدوای بەرژەوەندیە خودیو

پۆستەکانەوەین، هیچ دەرفەتمان نییە بگەڕێنەوە نێوبیرەوەریەکان، سەرێك لە سێبەرو پەنای تاشەکان دەینو ئاورێك لە پشت خۆمان دەینەوەو بزانین کێ ئێمەی گەیاندە ئێرە، ئەوەتا ناڵەی چیاو ئاوی کانییە چاو قرژاڵیەکان لە تەنیایدا زیرەدەکەن، ئێمەش لە نێو شەقامە داگیرکراوەکانی خۆماندا دێینو دەڕۆین، بیر لە گۆڕینی مۆدیلەکان دەکەینەوەو شوشەکان ڕەنگاو ڕەنگ دەکەین، ئەو رەنگانەی ناشیرمان کردنو هەر لەسەرەتاوە کردمانە قوربانی حەزەکانمان، کردمانە پەرچەمی ئەو بینایانەی لەدژی یەکتر ریزیان دەکەین، چاوی ڕەنگەکانی دی پێ کاڵدەکەینەوەو دەوروبەری پێ هەراسان دەکەین.

منداڵەکان لەوێ لەبەردەم ئەم بنکە سەربازیانەدا، لەگەڵ دیتنی چەکو دروشمە وێك چووەکان، ڕێك دەگەڕێنەوە نێوحکایەتەکان، هەر بەخەیاڵ بەدیار ڕەنگەکانەوە ڕادەمێنن، لە جیهانی تایبەتی خۆیان دادەبڕێنو خۆیان دەکەنە پاڵەوانی نێو داستانی ژێر تاشەکان، وەنێو سوپاکان دەکەونو ڕێ نامێنێ بۆسەی لێدانەنێن، دەنگی گوللەو گرمەی ئاربێجییەکان شار بەخەبەر دێنێ، چریکەی سەرکەوتنو روناك بونەوەی پەنجەرەکانی شار، هەناسەیەك دەداتەوە هەلۆکانو دادەبارنە نێو شەقامەکان، هەر لەوێ لەبەردەم ئەم بنکە سەربازیانە منداڵەکان دەچنە نێو ئەو خەیاڵانەوەو زۆر نابا دەنگی یان زیرەی ئۆتۆمبێلە کرستاڵیەکان لەنێو ئەم خەیاڵە بەلەزەتەدا دەریان دەهێنێو دەیان خاتەوە سەر شەقامە بەش کراوەکان، لە حیکایەتەکەیان دادەبڕێن و، ترسێکیان دەدەنێ کە قەت تەماشای رەنگە هەلۆاسراوەکان نەکەنەوە، قەت نەچنەوە نێو ئەو دنیاو خەیالانەی کە بزرکراونو هی منداڵەکان نین، چونکە ئەوانیش خاوەنی خۆیان هەنو لەهەموو شوێنو هەڵبژاردنەکاندا دەیانفرۆشن.

پێیان وایە تا دنیا دنیایە دەبێت ئەوان خاوەنی رەنگو شەقامو دەسەلاّت بن، ئەوان خەونو خەیاڵو هەموو جیهانە تایبەتیەکان بن، ئەفسانەیەك بن بەدوای ئەواندا کەس

نەیلێتەوە، سرودێك بـن منـالاَن بیـچڕنو چـیدی فێرنـەبن، بۆیـە کاتێـك لـەنێو خـەیاڵی منداڵەکانـدا دەبنــە ئەفـسانەو پاڵــەوان، لێناگـەڕێن تـەواو لــەنێو خەیاڵەکانـدا لـەزەت وەرگرنو لێیان دەستێننەوە، ئەگەر رۆژگار دەستیان بدا یان پێویستیان پێ بـێ، ئـەویش واتە خەیاڵـەکانیش دەفرۆشــنو بەشـیان دەکـەن، بـەجۆرێك خـۆ بەئاینـدەوە دەچـەقێنن، بەئامانو زەمان هەڵنەقەنرێن چونکە ئەوان پێیان وایە هەر هـەموو دەسـتکەوتەکان هـی خۆیانەو ژیانیش، یان نیشتمانو هەر هـەموو کەسـەکانی ناویـشی هـی ئەوانـە، دەبێـت بەپێی بەشو بڕیاری ئەوان، نەك هەر دابەش بن، بـەڵکو خـەونو خەیاڵـەکانیش هـەر بـۆ خۆیانەو خۆیان ئەوەبن کە ئێستا هەن، لەبیریان چو ئەوان بـە پـەنای تاشـەکانەوە هـاتن، دروشمەکانی وێو هێڵی سەر رەنگەکانی ئێرەیان لێوان لێون لـەجیاوازی، ئـاخر هـەر ئـەم جیاوازیو رێ گۆڕینە بوو، شارە دەریاییەکانی لێك کرد، **ناڵەیەکی گڕپـژێنی دا بـە چـیا سەنگەریەکان، تا هەمیشە دووبارەی کاتەوەو بڵێ: ئێوە لەمننو من قەت لەئێوە نـیم. من بە با تەزیوەکانی کوێـستان پتـەوتر دەبم، هـەورە سـپیو بەفراویـەکان، روم سـپی دەکەن، نرکەیەکم ئەوەی نەمەوێ نایەڵم بمگاتێ، سەرم لە کەشکەلانەو ڕەگم بەنێو ئـەم خاکە سوتەمەرۆیەدا ڕۆچووە، کانیاوی دامێنم مژدەی لە دایکبوونەوەیەو ئێوە بەمنەوە جـوانن، مــن هــەردەمێنم و ئێــوەش لــەنێو شــارە دەریاییــەکان لــەنێو دامێنــی کــچە ناســکۆڵەکاندا پیردەبــنو ئــەوەی هەتانــە جێــی دە هــێڵن، وەك گــەڵای درەختــەکان هەڵدەوەرن، ناسك دەبنو بایەکی تەزیو شلتان دەکاتەوە، بەڵام من هەمیشە سەرچاوەی ژیانەوەی نەوەکانتانم، پەنایەکم دژ بەو پلانەی لە هەر چوار لاوە دەکرێتە سـەرتان، لـە هەر پارچەیەکی ئەم نیشتمانە لەتکراوەدا، ڕاوتان نێن، یەکسەر دەگەڕێنـەوە دامێنـی من، من پلانم بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانەکانو لـە باوەشـی منـدا نـەبێ، هـیچ دامێنێـك فریاتان ناکـەوێ، چـونکە لەوێـدا منـداڵ دەبنـەوە، گـەورەییتان لـە گـۆڕێ دەکـەوێو**

**ڕابردووە پڕ لەسەروەریەکان، ئەوانەی داستانەکانی تۆمارکرد، لەبەردەم ژنە منداڵو تازەکاندا دەبێتە گەمەی منداڵان، ئەوگەمانەی ئێستا نەخۆمانو نە منداڵەکان نایزانین، چونکە منداڵەکانی ئەمڕۆ هەر خەریکی ئەو تەکنەلۆژیایەن کە لە پڕ هاتە ناومانو لەنێو قوتابخانە باڵاکانیشدا، تەنها بیر لە سوار بونی ئۆتۆمێلە کریستاڵیەکان دەکەنەوە، منداڵەکانی سەرەتای ئازادیش. کە ئێستا لاون، بەدوای نهێنیەکانەوەن ئەو نهێنیانەی وەك بوخچەیەکی نەکراوە، کەس ناوێرێ دەستی لێبدا، گومانیان هەیەو دەیانەوێ پاكو پیسەکان لە یەکتری جیاکەنەوە،** دەڵێن ئێستا کاتی ئەو گۆڕانانەیە کەئێمە دەمانەوێ، کاتی دیاریکردنی چارەنوسو ئاشکرا کردنی هەڵوێستەکانە، ماندوەکان ئەوانەی دەیان ساڵ ریشیان نەتاشی دەبێت بحەسێنەوەو ئەوانەش کەخۆیان لەپەنای ئەوان حەشارداوەو نەك هیچیان نەکردووە بەڵکو هەمیشە کۆسپ بوون، دەبێت خەڵکی بیان ناسن بۆیە ئێستا ڕیشنەکان....لەبیریان چوو لاوە هەلاَتوەکانی هەندەرانو ئەوانەی ئێرەش کە هەر گەورەدەبنو هی دیان بەدوادادێ، خەریکی گەڕانن بەدوای بیرەوەریەکان لەسێبەری تاشەو ناڵەی چیاکان دەگەڕێن، ئەوان ئەو لاوە زیتەڵەو تەمەن رۆیشتوانە هەر خەریکی هەڵدانەوەی دۆسیەی ژێر گەلا رزیوەکانن، ئەوەتا هێدی هێدی رابردووەکان دەردەکەون، ئەوانەی دوێنێ چاوساغی دارماندنی بزنەرێ وسەربانە کاریتەییەکان بوون، دواتر وەرگری دیوەخانەییو لەشکرە پاشەڵ پیسەکان بوون، ئاشکرا دەبنو لە ریشنەکانی دوێنێ جیادەکرێنەوە، چونکە داچۆرانی لاوە هەلاَتوەکان بەنێو ئەو روبارانەی لەوەتەی دنیا دنیایە لەجێی خۆیانن و ناگۆرێن دەیانگەیەنێتە ژێر سێبەری ئەو تاشانەی بیرەوەریەکانی لێکەوتوون، ئەوانەی نهێنی خەباتە بالاَکانی تێدا نوسراوەتەوەو دەبێت جیابکرێتەوە لەو ئاوێتە ناشیرینەی شارە دەریاییەکانی شێلوکرد، جیاوازیەکانی لێوە لەدایك بوونو تاشەکانی تێدا لەخاچ دران، ئەوانە ئەو لاوە تەمەن رۆیشتوانە، بەدۆزینەوەی هەر

بیرەوەری‌و دۆسیەیەکی شاراوەی گوند سـوتێنەکان، لەچـریکە دەدەن‌و لـەتاوان دەچۆرێنە نێو ئەو روبارانەی منی گەیانـدە ئێـرە، منـی کـێش کـردە نـاو ئـەو شـارە دەریاییـەی خەریکە روناکیەکانی تێدا وندەبێ لاوی تێدا بێکارو ئایندەی تێدا دەکەوێتە مەترسیەوە، چونکە ئێستاش کچە شەنگو بالا چناریەکان، ئەوانـەی نیگایـان تێـدەگرتین بـەدیار ئـەو بالاخانانەی لاشەی تاشـەکانی پێـوەن رامـاونو سـەرنجەکانیان لـەو دیـو پـەردەکان خـاڵی دەکەنەوە، هەربۆیە چیاسەرکەشەکان سێبەر نادەنە شارە دەریاییـەکان‌و ئـەوانیش بـەدیار جیاوازیەکانەوە داماون، لەناو ئەو هـەموو گۆرانـە خێرایانەشـدا پیـاوە بەتەمـەن‌و ریـش سپیەکان هەرشتی نـوێ دەڵـێن: ئـەوان ئاینـدە دەبـین‌و ئـەزموونی ژیـان فێـری کـردوون، کەبـەدوای خۆشـی‌و ناخۆشـی‌و بـەدوای سـەرکەوتنەکان ئەگـەر ژیرانـە رانـەگیرێ ئـەوە شکستەکان دێ، ئەوان ئەو پیاوە پیرانە دەڵێن: ناڵەی چیاکان هەناسە سـاردوو سـرەکانی کوێستان نیشانەی لەدوو چوان چوونە، تەنیایی تاشەو تێکەڵ بوونی گەلا رزیوو بیرەوەریە جێماوەکانی پیاوە ریشنەکان، دیاردەی رۆچوون‌و خۆرئـاوا بوونـە، ئـەوان دەلـێن: مانگـە شەو هەرلە ئێوارەوە دیارە، ئەگەر نا جارێکی دی ئـاوارە بـوونی گونـدە کوێـستانیەکان‌و کوتانەوەی چیاو داباریـنی ئاسن بەسەر تاشەکاندا نامان گەرێنێتەوە سەرەتاکان کوان ئەو لەشکرە چەکدارەی بەدوای ریشنەکانی دوێنێ‌و دۆسیەدارەکانی ئەمرۆوەن، بۆ ناچن رێگە لەدارمانی خانووە کاریتەییەکان بگرن، ئەو پیاوە پیرانە دەڵێن: ئێمە لـەکوێ هاوکێـشە سیاسـیەکانی نەخـشەی خۆرهـەلاتی ناوەراسـتین؟ یـان وەکـو داشـی دامـە تـەراتێنمان پێدەکـەن‌و دەرخـواردی ئـەو ئاغایانـەمان دەدەن کـە پێـشتر نـەمان ناسـیون! ئـاخر دوا هەناسەی بەندەکانی دەستوور هەر لەپەلەقاژەی ماسی نێو روبارە کوێستانیەکان دەچـێ، ئۆباڵیان تەنها بەملی ئەوانەیـە ناڵـەی چـیا نابیـستن‌و هـەر خـەریکی کۆکردنـەوەی ئـەو داهاتەن بەجێ دەمێنێ، هەر خەریکی ئەو دانیـشتنەن کـە نایـان گەیەنێتـە چ جێیـان و

کاروبرِوا ئەو کاڵەکانە بە ئەژنۆی خۆمان دەشکێنین کە فریای هەڵگرتنەوەیان ناکەوین، ئەوەتا هەرچەند ساڵ جارێكو هەرجارەی بەبیانویەك رەزوباغی گوندەکانمان دەسوتنێرێن، لەوەتەی دنیا دنیایە چیاکانی ئێمە گوللەیان وێدەکەوێ لەوکاتانەش کەسنوورەکان ئارامنو بۆ چەند ساڵێك سەوزایی لەگەشەدایە ئەوە خۆمان دەچین و بەتفەنگە نوێیەکان ئەوانەی لوسنو نازانین بەکاری بهێنین! دەیانکەینە نیشانە، ئاخر لێرەوەیە من لە ئایندەی هەر هەمووومان بەگومانم، پێم وایە گەرانەوەی ئەم جارەمان بۆ ژێر تاشەو سەرکانیە چاو قرژاڵیەکان بەتەنها دەبینو ترسێکی ئەستوور تەواوی بەرنامەکانمان تێکوپێك دەدا، ئەوسا نەشارە دەریاییەکان نوقمی جیاوازیەکان دەبنو نەکچە شۆخو شەنگەکانیش بەدیار لاشەی تاشە لەخاچ دراوەکان خەیاڵ دەیانباتەوە، ئیدی منداڵە حیکایەتیەکان، بەراستی دەبنە پاڵەوانو سەرەتایەکی نوێ لەژێر تاشەو پاڵ چیا سەرکەشەکان دروست دەکەن، سەر لەنوێ ئەوان بەدروشمی جۆراو جۆر دیوارەکان رەنگ دەکەن، لەژێر سێبەری تاشەکان کۆڵە پشتەکانیان دەکەنەوەو بیرەوەری نوێ دەوەرێنن، ئەوان ئەو منداڵە ئەفسانەییانەی ئەمرۆو لاوەکانی سبەینێ سرودێکی نوێ دەچرنو ئەو بزنە رێیانە دروست دەکەنەوە کە ئێستا کوێربونەتەوە، دێنو بەتەنیشت روبارە کوێستانیەکان بەژێر سێبەری چرِە دارە تازە چێنراوەکان، تا دەگەنە ئەو شارە دەریاییانەی ترس داگیری کردوون، لەوێ لەناو ئەو ترسە ئەستورانەدا جارێکی دی وەك دەیان شۆرشی دی، رێژنەی گوللەیەك کەهەر لەناڵەی چیا دەچێ، تەواوی شار بەخەبەر دێنێ، زایەڵەی ئاربێچیو گوتنەوەی سرودە نوێیەکان، پەنایەك دەداتەوە تاشەکانو ئومێدێك لەدایك دەبێ، رێك وەکو ئەوانی دیو بەلاّم نەپیاوە پیرەکانی ئەمرۆو نەریشنەکانی دوێنێ کە ئەوانیش وەکو وان هاتن نازانن ئاینده بۆ کوێ دەچێ؟

نازانن چۆن لەسەرکەوتنەکان دڵنیا بن‌و بەسەر بەرژەوەندیەکانیان بازدەن، ئاخر لەوەتەی دنیا دنیایە ئێمە لەناڵەی چیا ناگەین، پەنایەکمان نییە بۆ ئەو تاشانەی پەنابوون، حەزە لەبن نەهاتوەکان ئەو مەترسیە چەند بارەیەن، مناڵەکانمان بەچیا هەڵدەگەرێننەوەو جارێکی دی دەبێت لە چاوەروانی یەکەم تەقە دابین، جارێکی دی دەبێت مناڵەکانمان گەمان بەو قەوانە زەردو لوسانە بکەن، کە ئێستانین‌و هەڵناوەرێن، دەبێت ئەو کتێبانە هەڵگرینەوە کە فێری شەری پارتیزانی دەکردین‌و ئەوجارەش رۆمانی دایك بەدزیەوە دەستاو دەستی پێ بکرێ، هەرنا دەبێت دەست بەوکلاوەوە بگرین کەلەوەتەی هەین بادەیبا زۆر جاریش لەسەرمان دەنێن‌و بەئامان‌و زەمان لێمان نابێتەوە، هەر ئەوەنا ئەمرۆو بون‌و ئاینده هەرمووی گۆرانی بەسەردادێ هەناسەی ئەنفال هەراسانمان دەکات‌و جارێکی دی لەچاوەروانی وێرانەیی‌و بۆنە رژاوەکانی خەردەلدا ترس ژیانمان دەبا،ئەوانەی ئێستاش بەدۆستی خۆمانی دەزانین شەرمیان بەهاوپەیمانییەتیمان دێ‌و دەمان فرۆشنەوە ئەو ولاٌتانەی تۆپ بارانمان دەکەن، مندالەکانمان لەچیا گەندە مووی ڕدێن دەردەکەن وەك ریشنەکانی دوێنێ سبەی ئەوانیش چڵکن دەبن، ئیدی نیگای کچە شۆخ وشەنگەکانی نێوبازاڕەکان نابینن‌و ئەو جارەش قەیرەیی هەرەس بەحەزی یان خەونی شەوانەی کیژەکانمان دێنێ سێبەرێکی رەش کە لەرەنگی قەلەرەشی گەرمێنەکان دەچێ، باڵ بەسەر دەستکەوتەکاندا دەداو بەرەو نەدیوێك روەو مۆلگاکانی یان خانووە کاریتەییەکانی کوێستان بەپەنای تاشەو بزنەڕێ تازە دروستکراوەکان بەتولەرێی چیا هەزار بەهەزارەکاندا رێك بەسەر ئەو بیرەوەریانەدا بازدەدەین کەوتونە ژێر گەلاٌ وشك هەلاٌتوەکان و ئیدی هەر هەموو ئەو کۆرەوە دروست دەکەینەوە کەحەزی لێناکەین ئەو ناڵەیە دەبیستین کە نامۆ نییەو لەوەتەی دنیا دنیایە دەڵێ: ئێوە لەمنن و من قەد لەئێوە نیم.

# وەرزی بڕینەوەی سپیندارەکان

ئەو ساڵەی ئـاوازی تێـدا وون بـوو، پـێم وابـێ وەرزی بڕینـەوەی سـپیندارەکان بـوو، چونکە هەموو ساڵێ لەم کاتەدا، مام مـەحموود سـپیندارەکانی سـپی دەکـردن و ئێمـەش توێکڵەکەیمان دەکردە پشدێن و شەڕە قامچیمان پێدەکرد، هێندەی لـەبیرم، مـاوە تەمـەنم

شەش بۆ حەوت ساڵان دەچوو، کە کچانی گەرەك مقۆ مقۆی ئەوەیان بوو، کە ئاواز ئیدی نایەتەوە، کوڕە گەنجەکانیش، ئەو لاوانەی هەمیشە بەگەرەکی ئێمەدا دەهاتن دەیانگوت گەرەکی بنقەلاّت تاریکەو خۆری لێ ئاوا بووە، ئەوکات، من لەجوانیەکان نەدەگەیشتم، بەلاّم هێندەیان باسی جوانی ئاوازی مام مەحموودی دەکرد ئەمن هەر لە خۆوە سەرنجم دەدایە، دەمدیت هەمیشە پرچەکانی دادێناو بەرەلاّی دەکرد، ماکسییەکی هەناری لەبەر دەکرد لەوانەی سنگی دەکرایەوە شەرتبێ هەر لەخۆی دەهات، ئەو سوێبانەی لەسەری دادەنیشتو بەسەرگەرەکدا دەیروانی هێندە نەوی بوو ئەمن دەمتوانی زۆر بەئاسانی وەسەرکەوم، ئەویش دەتگوت ئاوێنەیە لەوێ لە گەمانەکانی ئێمە رادەماو بەخەندەوە سەیری دەکردین، ئەو لەوێ کەمجار هەبوو بەتەنیا بێ هەمیشە یەك دوو دەستە خوشکی لەگەڵدا بوو، هەرچی نهێنی دڵی هەیە لای ئەوان دەیدرکاند، ئەوکاتەی فاتەومینە کەژن و مێردێکی بێکەس بوونو بەگەرەکەکەماندا رەتدەبوون، ئەو ئاوازە جوانو جحێلە خۆی دەگەیاندە سەربانو بەکەیفەوە لە هاتو هاواری منداڵەکانی دەروانی فاتەو مینە حیکایەتێك بوون هەمیشە باسیان لێوە دەکرا، بابم دەیگوت ئەوانە خەڵکی ئەو دیون، دوای چەندین ساڵ خۆشەویستیو عاشق بوون، ئاکام شەوێك لە شەوانی زستان مینە فاتە هەڵدەگرێو دێنەئێرە دەیانگوت ئەوانە لەبنەماڵەیەکی ناوداری ئەودیو بوون، کەس نییە بنەماڵەی ئەوان نەناسێ و ئەگەر هاتوونەتە ئێرە دوای ڕجاو تکای خانەوانەکانی ئێرە لەکەسو کاریان ئەو جا لێیان خۆش بوون، بەوەی کەنەیان کوژن، بەلاّم مەرجی ئەوەیان وەرگرتووە، کەهەتا هەتایە نەگەرێنەوە ئەو دیو، دەشیان گوت ماڵە باوانی ئەم فاتەو مینەیە هێندە دەوڵەمەندن زیاتر لە 100 گوندیان لەبەینی خۆیان بەش کردووە، بەلاّم کە فاتەو مینە هاتونە ئێرە هیچ پوڵیان پێنەبووەو خەڵك یارمەتی داون، جا ئەوکاتەی ئەم ژنومێردە بەگەرەکدا رەت دەبوون ئاواز وەك دار

سپینداریکی شۆخ لەسەر سویبانەکە دەوەستاو تیر سەرنجی دەدانێ ئیمەش بەشیتە شیتە وەدویان دەکەوتین چونکە پیمان وابوو ئەو بیکەسانە شیتن، لە کویێ خۆیان بەماڵیکا کردبا هەرلەوێ دەگەرانەوە ئاخر ئەوان چوبانە هەرماڵیك ماڵی خۆیان بوو، تیر نانیان دەدانێو دەگەرانەوە ماڵۆچکەکەی خۆیان کە هەر لە کەلاوە دەچوو و یەك منداڵ نەیدەویرا بچیتە ژوورێ، ئەمن ئیستاش نەمویرا هەر بەنزیکیشدا رەتبم، دەڵین ئەو ژن و میردە لە تاوی یەکتری و لە بیێ کەسیو تەنیایدا چەندین ساڵ لە چۆلایدا ژیاونو دواتر بەشیتی گەرانەوە ئاوایی، دەشڵین قەت زەڕیان بۆ کەس نەبوەو قەتیش بەشیتان نەچوون، ئیستاش کەس دەستیان وەبەر نانێو ئەوی توانای هەبێ یارمەتیان دەدات، منداڵیش لەویژەیان نابنەوە ئەوەندەی دی شیتیان کردوون، ئاخر هەمیشە لەوەرزی برینەوەی سپیندار مام مەحموود کە پیاویکی بالاْ بەرز بوو هەر لەناو گەرەکی ئیمە سپیندارەکانی سپی دەکردو توێکلەکەی لەوێ فریدەدا، بەلاْم ئەو ساڵە نە سپیندارمان لە گەرەکێ دیو نە توانیمان شەڕە قامچی بکەین، چونکە دەیانگوت مام مەحموود بەدوای ئاوازدا دەگەرێو چۆتە لای فاتەو مینە تا باسیکی ئەو دیویان بۆ بکا، چونکە دەیانگوت لەوەتەی مام مەحموود هەیە ئەم ئاواییەی جینە هیشتووە، هەر خەریکی شینایيو فرۆشتنی سپیندارەکانی بووەو خواش تەنها دوو کچی پیێ بەخشیووە، بۆیە بەتەنییەو پیناچێ بشچیتە ئەو دیو هیچی پیێ بکرێ، ئەو کاتی ئیمەی منداڵ هیندەی لەخەمی توێکەڵە سپیندارەکاندا بووین بۆ گەمان، هیندە خەمی ئاوازمان نەبوو، برایمی وەستا حاجی و ئەحە کۆڵ دوو منداڵی گەرەکێ بوون، هەرچی هەواڵ و بینەوو بەردەی ئاوایی بوو لای ئەوان بوو، هەر شوینیك گەورەکانیش نەگەشتبان ئەوان دەگەشتنێ، کە بەسەر عەمودی دەکەوتن دەتگوت سمۆرەن، ئەو دوانە ئیوارێکی وەدەرکەوتن دەنگۆی رۆیشتنی مام مەحموودو مینە شیتیان بە ئاوایدا بلاْو کردەوە، دەیانگوت بەو خوایەی بەچاوی

خۆمان دیومانە بە خۆو پرێسیکەیەکەوە بەنێو کەڵەکە بەردەکانی گردی خوێڕیزان بۆی ئاوابوون، ئەحە کۆڵ دەیگوت، لەژیانم نەترساوم بەڵام کە نیوچەوانی مام مەحموودم دی لەگەڵ برایمی بەغاردان هاتینەوە، هێندە ترسام لەبەر بونەوەمدا خەریك بوو دەستە ساغەکەشم بشکێ، ئەو ئەحە کۆڵە بەهەتیوی گەورە ببوو داکی خۆی نەمابوو، مسی کۆدەکردەوە بۆکس خەنجەری لێ دروست دەکرد، رۆژێك لە کاتی تاوانەوەی مسەکەدا بەسەر دەستی چەپیدا دەرژێو زیقەی لێهەڵدەستێ دوای حەوتویەك کە ئەحە کۆڵ دێتەوە ناو منداڵان سێ پەنجەی براوەتەوە، ئەحە هەموو جارێ دەیگوت ئەمن لەهیچ ناترسم تەنها ئاگر نەبێ، بۆیە هەرکە قوتوە بۆیاخمان پڕ دەکرد لە نەوتو لە ئاگریمان داویشت، ئەحە لەوناوەی نەدەما ئەو رۆژە هەر هەموو منداڵانی گەرەك خەریکی دروستکردنی ئەو جۆرە پەرەمێزە بوین کە ئەحە هاتو گەرەکی شڵەقاند گوێم لێبوو ژنەکان دەیانگوت داکت کوێر بێ ئاواز چت بەسەر خۆت هێنا، بابم کە بەزۆر منی راپێچی ژوورێ کرد، دەیگوت مەحموود پیاو نەبوو ئەگەر نا بۆ نەیدەداێ ئاخر ئەوکاتی ئەمن هەر شەش حەوتساڵان دەبووم، بۆیە هیچی لێ تێنەدەگەیشتم هەر خەمی ئەو قوتوەم بوو کە لەنێو ئاگرەکەدا دەتگوت پەرەمێزە، گوێم لێبوو ئەحە کۆڵ لە کۆڵانێ بەبابمی دەگوت بەو خودایەی بەچاوی خۆم دیتم ئەوە برایم لێی بپرسە، خەڵکی گەرەك هەر هەموویان هاتبوونە بەردەرگای ژنەکان کۆبونەوە بچینەماڵی مام رەسولی، بەڵام زۆری نەبرد لە درزی دەرگای حەوشەوە تەماشام کرد فاتە شێتو ژنی مام مەحموودی بۆ خۆیان هاتنە دەرێو ئیدی ئەوەی برایمی وەستا حاجی و ئەحە کۆڵ باسیان کرد راست دەرچوو یا سەبری جیرانمان کە ژنێکی قسەخۆشو سوعبەت چی بوو، خۆی پێرانەگیراو گوتی: بەو خودایەی ئاواز شتێکی بەسەر بێ جحێل بەو گەرەکەیدا نایەن کوێر دەبێتەوەو دەبێت هەرچاو لە مێردە رەزا گرانەکانی خۆمان کەین، بۆت هەلا هەلا بم ئاواز چۆن گەرەکت

چۆڵ کرد، رەبی مام مەحموود چونت بیۆ هاتنەوەت نەبیۆ، ئەگەر تەمای لەناوبردنی ئاوازت هەیە، ئەوە رەبی وەك مینەتان لیّبیۆ یا سەبری هەر لە سنگی خۆی دەداو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ژنینە بەخودایەی ئیّمە بەردمان لیّدەباریۆ، ئەوە چەند ساڵە ئەو لاوە جوانو خیّر لەخۆ نەدیوە داوای دەستی ئاوازدەکا ئاخر ئاواز هەموو شتیّکی گوت ئیّمەی ژن لەو گەرەکە هیچیمان بۆ نەکرد، خوا هەڵناگریۆ با پیاوان. بنیّرین وەدوویکەون تا لە کەلی شەیتان بیهیّننە خواریۆ، ئەگەر هەر ئیّستا کاریّکی بۆ نەکەین، ئەوە تولفەیەك لەدەست دەدەینو گوناهەکەش هەرهەموومان دەگریّتەوە.

ئەو یاسەبریە قسە خۆشە قەت هیچی لەدڵی خۆیدا نەدەهیّشتەوە، ئەوەی هاتبا ناو دڵی یەکسەر هەڵیدەرشت، ئەو وەختەی ژن لەگەرەکیۆ کۆببانەوە ئەوی تیّدا نەبا زوو لەدوویان دەنارد، چونکە دەیانگوت: یاسەبری بیۆ شەرمەو ئەوەی ئیّمە ناویّرین بیلیّین ئەو دەیلیۆ، رۆژیّك بانگی چەند کوڕە گەنجیّکی کردبوو، پیّی گوتبوون کوڕینە کیژوکاڵی گەرەکیۆ هەمووی ساحیّبی خۆیان هەیە، ئەگەر لەبەرمەش بیّرەدادیّن، دەوەرن بیلّیّن ئەمن یەك بەخۆم حەزم لەچاو چاوێنەیە، ئەو ژنانەی دیش هەرپیّتان رازی دەبن، دەوەرن و واز لەو منداڵو تواڵانە بیّنن، داکم دەیگوت، چۆن ئەو کوڕانە ملی خۆیان نەوی کردنو رۆشتن، هیّشتاش لەو گەرەکەی خۆمانم نەدیتنەوە، هەر ئەو رۆژەش کەوەك دایکی جەرگ سوتاو دەلاوایەوە روی لە بابم کردو گوتی: لای خۆی پیاوی بۆ وەدووی ناکەویو مام مەحموودی بیّنیەوە. دیارە خەمی ئاوازت نییە، کەمت تەماشای گەردەنی سپی ئاوازی کرد، ئەدی هەموو جاریۆ بە چاوە خیّلەکانت لە قەدو باڵایت نەدەروانی نەتدەگوت داکی داکم ئاگات لە خۆبیۆ لەو سوێبانەی بەرنەبیەوە، بابە هەر لەبەر خاتری ئەو رۆژانەی بەدزی و بەئاشکرا تەماشای پاشەڵیت دەکرد، بابە لەبەر ئاوازیش نەبیۆ، لەبەر خوای وەدووی کەون.

بابیشم گوتی: کچیێ سەبە تۆزێك شەرمت هەبێ، ئەمن سەرم نایەشێ بۆ پرێسکەی لێبەستم، کابرا کچی خۆیەتی وە دووی کەوتووە، دەیکوژێ، دەیهێنێتەوە، کەیفی خۆیەتی خۆ پرسی بەمە نەکرد، لەوەتەی کچەکەی ونبووە کەس نەشی دیوە، سەلامی لە کەس نەدەکرد، ئەمن چۆن لە خۆڕا وەدووی کەوم، ئەگەر راست دەکەی مێردە مل ئەستورەکەی خۆتی وەدووخە.

ئەمن کە گوێم لەو قسانەبوو، زانیم ئاواز کەتنی کردووەو ون بونی ئەو مەترسی بەدواوەیە، ئاخر تەمەنم هەر شەش حەوت ساڵان دەبوو، پێشتر شڵەژانی گەڕەکم قەت نەدیبوو، قەتیش فاتەو مینە بەتەنیا نەبوون، ئاخر بابم دنیاش کاولبا، دووکانی بەجێ نەدەهێشت، یا سەبریش قەت توکو دوعای لە گەڕەك نەدەکردو ئەوڕۆ کەس نابوێرێ، ساڵان ئەو دیوارە گڵەی مام مەحمودی سەدان سپینداری سپی کراوی پێوە هەڵدە پەسێردرا، ئێستا جگە لە مقۆمقۆی ژنانو دەست راوەشاندنی یا سەبری گەمەی منداڵانیش بە کۆتاهات.

ئەوڕۆژە پێم وابێ یەك ژن خواردنی نەخستبووە سەر ئاگر، تا شەویش داهات گەڕەك دەتگوت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە، دنیا تاریك داهاتو نەبابم داوای رادیۆ گەورەکەی کردو نە کاکیشم گوێی لە گۆرانی عەلی مەردانی گرت، هەر باسی ئاوازو مام مەحمودیان دەکرد، دەیانگوت مام مەحمود بە دەمارەو لەوەتەی هەیە بۆ یەك شەویش ئەو ئاواییەی جێنەهێشتووە، هەتا ئێستاش نە هەویەی هەیەو نە کوێرە شارو گوندێکی دیوە، ئەگەرنا بۆ مینەی لەگەڵ خۆی دەبات، باشە لەوێ کەسو کاری فاتەی مینەی ببینن چی لێدەکەن؟ کاکیشم گوتی: بەو خودایەی مام مەحمودیشی پێوە پارچە پارچە دەکەن، ئیدی سەرم هەر لەسەر کۆشی داکم بوو، بەڵام کە چاوم کردەوە بەیانییەك

بوو دەتگوت بەهارە، جریوەی چوێلەکەو هاشەی ئەو رووبارەی بە تەنیشت باخچەکەی مام رەسولیدا دەهات، ئێستاش لە مێشکم دایەو خۆشترین ئاوازبوو.

*　　　*　　　*

ئەو بەیانییەش هەروەك رۆژانی دی نانو چامان خواردو بەرەو کۆلان خلۆر بوینەوە، دیاربوو ئەحەکوڵ دەمێك بوو لە کۆلانێ چاوەڕێی مندالانی دەکرد، بۆیە هەرمنی دی رایکرد، گوتی وەرە بابچینە نێو باخچەی مام مەحمودی ئەوساڵ، نەبڕاوەتەوەو سەرو دوو لکێکی چاك ببڕین، لەگەڵ خلۆر بوونەوەمان بۆ نێو باخچەی مام مەحمودی برایمی وەستا حاجی بە دوومانـدا رایدەکرد، گەیشتینە سەر رووبارەکەو هەرسێکمان تا ئەژنۆیان لاقمان هەڵکرد، وەنێو ئاوەکە کەوتینو هەستمان کرد ئاوەکە زۆر ساردە، ئەحە پەڕیەوەو برایم بەدوایدا، بۆ لاقی لەبەردێکی لوس نەترازاوکەوتە ناو ئاوەکەوەو لولیدا دەستی بەهەر بەردێك دەگرت لوس لوس بوو، ئێمەش بەدووی کەوتین ئەحە کوڵ لەوبەری و ئەمیش لەو بەرەی، هاوارم کردو گوتم :کوڕە خۆت بگرە نەگەیە گۆمی گێژەی، برایم هەر کەگۆمی گێژەی وەبیر هاتەوە ویستی هەستێ بەلاٚم شەپۆلێك لولیداو نوقمی کرد، ئەحە هەتا ئەو کاتیش نەیدەوێرا خۆی لەئاوەکەیدا بەلاٚم کە ئەوی دی بەیەك بازی خۆی گەیاندە ناوەراستی چۆمی و توند برایمی گرت، هەردووکیان باوەشیان لێك دابوو شەرتبێ ئاو لەناوکی دەدان، ئەمیش کەبەدەوری خۆمدا چاوم دەگێڕا تایەکێك فریامان کەوێ قالە درێژم دی، بانگم کردوو ئەویش لەو بەرزییەیڕاو بە هەڵدێرەکەیدا هاتە خوارێ،خۆی بە چۆمی داداو پیلی هەردووکیانی گرتو هێنانیەوە بەری من، ئەوجا گوێی هەردوکیانی گرت و گوتی : بەوخودایەی گەیشتبانایە گۆمی گێژەی نان و لەت نەدەکردەوە، ئەلعانیش زوو خۆ وشك کەنەوە دەنا رەق دەبنەوە، برایم رەنگی پێنەمابوو سپی سپی ببوو، ناهەقیشی نەبوو چونکە ئەو گۆمی گێژەی چەندین کەسی گرتووەو دوای دوو شەو

و رۆژان ئەوجا بەری داوە، ئەو گۆمە لەوەتەی دنیا دنیایە کەس لەنهێنییەکەی ناگا، ئەو روبارە رێکو راست خۆ بەگردێك دادەداو دەڵێن ئاو ئەوەندەی درێیوە کەس سەری ئەو سەری نابینی بۆیە لەکاتی چونە ژێر گردوو هاتنە دەرەوەی گێژەنێکی دروستکردووە، ئەوەی کەوتبێتە ناوی دوای دوو شەو و رۆژان ئەوجا بەخنکاوی فرێی داوەتە دەرێ، جا لەسەر ئەو گردەی دوو دار هەنجیر هەن، زۆر جاران لەسەرێ کەرێبوار خلیسکاونە خوارێ خۆیان بەو دار هەنجیرانە گرتۆتەوە، بەبرای خۆم بڵێم ئەو دار هەنجیرانە ئێستاش ماون،

ئەحە گوتی : هەتیو ئەتۆ تەڕ نەبووی خێرا ئاگرمان بۆ بکەوە هەرچۆنێك بێت بەشخارتەی لەباخەڵمدا بوو ئاگرێکم بۆ کردنەوەو برایمو ئەحە جوان جوان خۆیان وشك کردەوە، ئەحە گوتی : هەردەبێت بچینە ئەوبەری و دولکیش ببڕین، وەرن وەدووم کەون، بەرۆخی روبارەکەیدا رۆشتین بوارێك هەبوو پان و بەرین ئاو هەر تا ئەژنۆیان دەهات هەزار جاریش لەو بوارەی پەڕیومەتەوە ئەو رۆژەی لەترسان یەکمان نەمان وێرا لێی دەین، رۆشتین هەتا گەشتینە پردی کانییە پیاوان و لەوێ پەڕینەوە، هەربەرۆخی روباریدا خۆمان گەیاندە باخچەی مام مەحمودی، با گەڵای سپیندارەکانی دەلاژاندەوەو بۆنی گیاو پونگو ئەو هەموو شینایەی لەوێ کرابوو، ماندووبوونی حەساندینەوە، چاومان لە دارەکان دەگێڕا تا راسترین دولك ببینین، زۆری نەبرد ئەحە کوڵ گوتی: هەتیوو وەرنە ئێرە با لە بن ئەو دڕوانە خۆمان حەشاردەین، ئەوە فاتەو ژنی مام مەحمودی بۆ ئێرەدێن، ئێمەش کە چووینە ناو دڕوەکان دیمان سێ هێلکە قازی گەورە لەبن دڕوەکانن، بەڵام لە ترسان هەناسەمان لە خۆ بڕی، هەردوو ژن گەشتنەوێو لە ژێر ئەو داربیەدا دانیشتن، کە دوولکی زۆر راستی پێوەبوو، دەستیان بە قسان کرد، ژنی مام مەحمودی دەیگوت دەترسم شتێکیان بەسەربێو ئەو چەتیوەم نەدۆزنەوە، ئەمما دڵم بە مینەی خۆشەو ئەو شارەزایە، خوا بکەم نەیان بینن، بەخوای سەرمان دەچێتە قوڕێ، فاتەش دەیگوت

خەمت نەبێ، مینە وریایە، گوند بە گوندی ئـەو دیـوی شـارەزایە، لـەوێ هـەموو کـەس خۆشیان دەوێ، بشی ناسـنەوە خەبـەری ماڵـە بـابێم نـادەن‌و ئـەوانیش بـەخودای زۆر بـە رەحمن ئەما حزم‌و عێلێ لێیان ناگەڕێن، ئاوازیش ئەگەر لەو جێیـەی بێـت کـە گووتویانـە هەر ئەو شۆ گەشتوونەوێ، لێت مەعلوم بێ بۆ ئەمڕۆ ئێوارێ سۆراغێکمان دەبێت، ژنـی مام مەحمودیش دەیگوت: لاڵ بم ئاواز بۆ وات لە خۆشت‌و ئێمـەش کـرد، بـەو خودایـەی بابت تازە ناگەڕێتەوە هەتا خەلاست نەکا، ئیدی هەردوو ژن بـەدەم فرمێسك‌و گریانـەوە بەرەو ئەو شینایییە رۆشتن، کە پڕبوو لە سـەوزەو گوڵـە بـرنجیش تـا ئەوسـەری رۆشـتبوو، ئێمەش زۆر بەهێواشی لەبن دڕوەکان هاتینـەوە دەرێ‌و بـرایم یەکـەم کەسـبوو خـۆی بـەو رێژەوەیدادا کەپێشتر لەوێ ئاوەکە لولیدا منیش بەدوایـدا، هەرسـێکمان و بـەبێ ئـەوەی یەکێکمان بخلیسکێ پەرینەوە، نە دوو لك‌و نەهێلکە قازمان لـەبیرما، هـەر بـە راکـردن وەگردەکەی هەڵگەڕاین‌و هەتاسەرێ رانەوەستاین، کـە گەشـتینەوە گـەڕەکێ لـە منـداڵی بترازێ یەك ژنیشت نەدەدی، ئەحەش رایکردەوە ماڵێ‌و ئەوەی لـەبن دڕوان گـوێی لێبـوو هەمووی گێڕایەوە، ئەمنیش هێندە ترسابووم دەمگوت ئێستا نا ئێستا فاتە شێت دێت‌و دەمخنکێنێ، ئاخر ئەمن لە دوورەوە نـەبێت نەمـدەوێرا تەماشـای کـەم، کەچـی هـەر لـە تەنیشت دڕوەکان لەو چـۆڵەوانییەی لەبەردەستیدابووم پـێم وابـوو بمبینـێ یەکـەو راسـت ئەمن دەگرێ‌و قوتم دەدا، هەر لە دەرگای ماڵـێ نزیـك بوومـەوە یـا سـەبری لـە ماڵمـان دەهاتە دەدرێ، داکیشمی لەگەڵ بوو دەیگوت ئەمن بەس بۆ ئەوە هاتم بزانم هەواڵی ئـەو ئاوازەی بە کوێ گەشت، خۆ وەڵڵاهی مام مەحمود شتێکی بەسەربێنێ لەو گەڕەکەی شار بەدەری دەکەم، ئاخر کەس نەما پەنا بۆ شێت‌و شوران نەبا کچەکەی بۆ بکوژێ، خۆ ئـەو گەرەکەش پیاوی تێدا نەبوو دەنا دەبوو حەولێکیان دابا، بەداکمی دەگوت: کچێ بەشێتم تێمەگە، بەخودای ئەو گەرەکە بە ئاوازیەوە جوان‌و ئاوەدان بوو، دەتەماشاکە لـە منداڵـە

ورتکان بترازێ جحێلێکی دەبینی، ئەتۆ وەرە وەرە، دەڵێی سەرقەیرانە، ئەها...لەوەتەی ئاواز لەگەرەکێ نەماوە هەربە قورێ گیراوە، داکت هەلا هەلابێ بەخودای ئەو شۆ لەتاوان نەنوستوم.

هەر داکم ئەمنی دی گوتی کوڕم ئەوەبۆ دەلینگت تەڕبووە، ئەوە لە کوێ بووی؟ ئەمیش بەترس‌و لەرزەوە ئەوەی دیم‌و گوێم لێبوو بۆم گێڕانەوە گوتم: ئەوە ئەحە کۆڵ و برایمیشم لەگەڵ بوو، لێیان بپرسن، یاسەبری یەکسەر بەڕوی خۆی داداو گوتی: دەمزانی ئەو شێت‌و شورانە ئاگایان لێیە، ئای مینە شێت بەو خودایەی نایەڵم بەو گەرەکەیدا بێتەوە ئاخر هەی ناپیاو ئەتۆش کچی خەڵکیت هەڵنەگرت، خۆ نەیانکوشتی بریا هەلا هەلایان کردبای، باشە بۆ چاو ساغی بۆ دەکەی هەی قوڕم ساغ هەر لەو قسانەدابوین مام رەسول بەخۆو کەرێکو دوو سەوە تەماتەوە وە دەرکەوت، ئەو پیاوە خەڵکی گوندەکانی نێو چیای بوو، هەموو ساڵێ لەوەختی خۆیدا تەماتەی بۆ دێناین بۆ دۆشاوی داکم هەر دیتی گوتی: سەبە ئەوە مام رەسول لەهەڵشۆیەوە هاتووە، بابزانین هیچ لەبارەی مام مەحموودییەوە نازانێ؟ لەگەڵ گەیشتنی مام رەسول ئەحە کۆڵیش گەشتە وێو دەستی لەسەوەی راکردو تەماتێکی مزری دەرهێناو لەتی کرد، هاویشتیە دەمی، مام رەسول دوای سەلام گوتی: براژن چۆنی ئەوە بۆ لە دەرکێ وەستاوی؟ یاسەبریش یەکسەر، هاتە ناوێ و گوتی: مام رەسول گیان لەبەر ئەو پیشتە کۆڵەت مرم، دوێ شەوێ هیچ میوان بە گوندی وەدانە هاتووە؟ مام رەسول گوتی بەرێ وەڵلا یەك لەدەرکێی دام بەچاوی خۆم باوەر نەدەکرد، یاسەبری گوتی: خۆ مینەو مەحمود نەبوون، مام رەسول گوتی: دەڵێی لەوێ بووی چۆنت زانی؟ یاسەبری گوتی: بەخودای شەو رۆژێکە ئاگام لەخۆ نییە، پێم بڵێ بۆ کوێ چوون، مام رەسول بۆ گوندەکانی ئەودیو زۆر هیلاك بوون، چەندی بەمینەم گوت: کوڕە مەچۆ بەقسەی نەکردم، بەدزیەوە پستەپستیان دەکرد دیار بوو

شتتێکیان لەژێر کلاّودا شارد بۆوە، حەولم زۆردا بەلاّم هیچیان نەگوت، دەشیان گوت مام رەسول نمەکمان کردی و گەردەنمان ئازا کە بۆ سەبە هیچ بووە؟

یا سەبری گوتی: کورە چۆن هیچ نەبووە، ئەوە وەدووی ئاوازی کچی کەوتووە، سەبە هەلا هەلا بیّ، بەو خودایەی لەهەر جێیەکی بدۆزنەوە دیکوژن، خۆزگە مام رەسول نەتهێشتبا بڕۆن، ئەحە کوڵێ کە هەتا ئەو دەمیش تەماتەکەی نە جویبوو، نەبا لەبەر ملّچە ملّچی تەماتە خواردنیّ گوێیی لێنەبیّ، هەلّیدایەو گوتی: مام رەسول خۆ ئەوان دەزانن ئاواز لە کوێیە، ژنی مام مەحموودی لابو خۆی وایگوت، بەلاّم ناوی گوندەکەی نەگوت، مام رەسولیش جوابی نەدایەوەو گوتی براژن ئەو سەوە تەماتانەت لە کویّ بۆ هەلّڕێژم؟ داکیشم دەرگای بۆ کردەوە یاسەبری خواحافیزی کردو، ئەحەش ئاگای لەمن نەماو بەراکردن رایکردەوە مالّیّ، ئەمیش لە ئەحەیەوە حەزم چۆ تەماتەی هەر دوای هەلّرشتنی تەماتان بۆنی گەلّەکەی بەو ناوەیدا وەربوو، ئەمیش تاومدا تەماتێکی خوارو خێچ دەستم بەخواردنی کرد، مام رەسولیش بەداکمی گوت: جا کچی مام مەحموودی وە دووی کیّ کەوتووە بۆ چونەتە ئەو دیو؟ داکیشم گوتی: لەوەتەی فاتەو مینە لێرەن گەنجێکی خەلّکی ئەودیو داوای دەستی ئەوکچە دەکاو بابی نایداتیّ، چەند جاران ئەو کچە ناسکو خێر لە خۆ نەدیوە دەهاتو ئاهو کەسەری خۆی بۆمە هەلّدەڕشت، ئێمەش بەملی شکاومان وەنەبوو پیاوان بنێرینە لای مام مەحموودیو رازی بکەین، شەرتبیّ ئەو سەبەدەم شڕە راست دەکات، ئاواز هەرشتێکی بەسەر بیّ لە ئەستۆی ئێمەدایە، مام رەسولیش بەدەم هەلّواسینەوەی سەوەکانو توندو بەند کردنی کەرەکەیەوە گوتی: وەلاّهی دیار بوو کەشتێکی لەبنسەریدا بوو، ئەمجا برژان سەری خۆتی پێوە مەیەشێنە، ئەمن هەتا حەوتوێکی هەموو رۆژێك دوو سەوە تەماتەت بۆ دێنم، ئەلعان خودا حافیز.

* * * * * *

ئەو رۆژە کچانی گەرەك پرچیان شانە نەکرد، دەستە خوشکی ئاوازی کە ناوی بێخال بوو، ساڵ نەبوو نەیەتو لەگەڵ داکم تەماتان هەڵنەگوشێ داکم لەدووشی نارد، نەهات، گوتبووی شەو رۆژێکە هیچم نەخواردووە خەمی ئاوازی دەستو پێی لەکار خستووم، ئەگەر هاتمەوە سەرەخۆدێم.

ئەو بێخاڵە زۆر لە ئاوازی نزیك بوو، چونکە ئەویش حەزی لە کورێکی دەکرد، بابی دەیگوت راوەستن هەتا مەکتەبی تەواو دەکەن، جاکە سەریان بەسەری یەکەوە دەنا، هەر لەخۆیانەوە پێدەکەنین، رۆژ نەبوو ئەو دوو کیژۆڵە لەسەر سوێبانی ماڵی ئاوازی خەریکی گۆرینەوەی رازونیازان نەبن، ئەوە داکم بەدەم تەماتە گوشینەوە بۆ یافەخری جیرانمانی باس دەکرد، دەیگوت: رەبی بەختی بێخاڵی باش بیٚو وەکو ئاوازی لێنەیا، ئاخر بابی وی ئەفەندیە، هەموو جارێ دەڵێ کچی من دەبێت بەکەیفی خۆی بەمێردەم ، بەخودای بێخالیش منداڵەو ناتوانێ ماڵێ بەرێوەببا، ئەو لە کوێ دەزانێ مندالاْن بەخێوکا، جارێ زووە زوو دەبا بزانین ئاوازیش چی بەسەر دیٚ؟

ئەو رۆژە گەرەکی مە هەر لەشەو دەچوو، نە کیژۆڵەکان دەهاتنە دەرو نە جحێلیش بەوێدا دەهاتن، تا ئێوارەش لەیەك ماڵی رادۆیان پێنەکرد، پێکەنینو سوعبەتەکەی جاران نەمابوو، بۆ نیوەرۆکەی کە بابم هاتەوە ماڵێ، دەمو چاوێکی زۆر ناشرینی هەبوو، پێدەچوو ئەویش بەرۆیشتنی مەحمودی خەمێ بخوا، ئێوارێش کە هاتەوە قەت وەك رۆژان نەبوو، بەدایکمی دەگوت: رۆژی ئەورۆ ئاگام لەخۆم نەبووە، ئەومشتەریەی دەهات دەمگوت نیمە، شەرتبێ سێ کراسم لەو واڵانەی بەرت فرۆشت هەرسێکی بەزەرەر، مەتریم حەوت پەنجایی لەسەرە بەروبعێکیم دەدا، ئەوچەتیوە تەواو هۆشی بردووم، مام کەریمی جیران دووکانیشم لێ تورە بوو دەیگوت ماڵێ هاتوون بۆ قوماشی سەڵتەیی. ئەوەتا یەك قەلاٚتت لەدوکانێ هەڵداوەتەوە گوتوتە نیمە، بۆبابە پارەت نادەینێ،

کەنگێم بەنەختی پارە بۆ نەژماردووی ؟ بەو خودایەی هەتا ئاشتم کردەوە. دەمشتەری دی رۆیشتن، ئاخر ئێستام وەبیردێتەوە کەنیوەرۆیە دەعوەت بووم، دەبێت ئەوێش پینەوپەڕۆکەم، ئەتۆ وەرە چم بەسەرهات؟ داکم لەژیانیدا بابمی بەو شێوەی نەدیبوو، پێی گوت: جاخۆ ئەو چەتیوە وەدوو کەوتووە، بەتۆچی، ئەیەڕۆ پیاوەکە بەبابی دەشێی، ئەوەتا نەوەت لەگۆڕییە، بابم مۆڕێکی لێکردوو یەك شتی نەگوت.، بۆیە ئەمن لەخۆمەوە خەمم خوارد چونکە هەستم کرد ئەو شتەی قەوماوە ماڵی ئێمەشی وەك خۆی نەهێشتووە، پێدەچێ ئەو شۆو بەیانی زاقو زیق پەیابێ، ئاخر ئەمن ئەو دەمی تەمەنم هەر شەش حەوت ساڵان دەبوو، پێم وانەبوو ونبوونی ئاواز کەدوایی تێ گەشتم وەدووی کورێکی ئەودیو کەوتووە، هێندەکاریگەری لەسەر گەرەك بەجێ بهێڵێ داکم بەدەم ئیشەوە بۆی دەلاوایەوەو بابیشم سوعبەتەکانی جارانی نەمابوو، هەموو حیکایەتە خۆشەکانی کەبۆی دەکردین، رێك هێنایەوە سەر دێوە شەلە. ئەو چیرۆکە لەئەفسانەدەچوو، دەیانگووت دێوەشەلە پیاوی زێیەیە، هەموو نیوەشەوێك لەسندۆلانەوە، سندۆلان گوندێکی سەرزێیەیە، هەڵدەکشێت بەرەو ئاواییەکانی سەرێ، هەرکەسێك لەدەم ڕوبارەکە ببێنێ بەهەموو قوەتی خۆی مستێکی لەپشتی دەدا، جائەوەی مستی دێوە شەلەی وێکەوتبێ یەك سەر لەرز گرتویەتی و هەرحەوتوێکی ژیاوە بابم دەیگوت زۆرکەمن ئەوانەی لەچنگی دێوە شەلەی ڕزگاریان بووە، دەشیگوت بۆیە دەست لەخەڵکی دەوەشێنێ، چونکە پێشتر ئەو بەرۆژ لەنێو زێیەدا خۆی حەشارداوەو بەشەویش ڕوبارو ڕوبار بەرەوسەر هەڵکشاوە، بەلام شەوێکی شێخی سندۆلان لیێ دەداو لاقێکی دەشکێنی، ئەویش لەتاوان ڕادەکا، دوایی هەرکەسێکی بەردەست کەوتبێ زەبری خۆی لێدەدات. دەڵێن ئێستاش ئەو دێوە شەلە هەرماوە، هەموو جارێ ئەحەکۆك دەیگوت ئەمە ماڵمان بەسەر چۆمیدا دەڕوانێ. شەرتبێ شەوێکی لەشلپ و هۆڕی

چۆمی وەخەبەر هاتم، کە تەماشام کرد، پیاوێکی گەورە بەناوەراستی چۆمیدا دەچێتە سەرێ، دەیگوت ئەوشەوەی زۆرترسام، بەیانیش کەبۆ ماڵێم گێرایەوە، هەزار جاران گەردنی داکێم ئازابێ ئەودەمی مابوو، پێی گوتم کورم ئەوە دێوە شەلەیە جارێکی دی باسی نەکەی هەروا بێتەوە قەت شەوێ توخنی چۆمی نەکەوی، چونکە ئەو دەیەوێ تۆڵەی خۆی کاتەوە لەوەتەی شێخ لێیداوە ئەویش دەست دەوشێنێ. ئەمن سەدان شەو گوێم لەو شڵپ وهۆڕەی بووە تەماشام نەکردووە، ئەتۆش لەدەورت گەرێم، جارێکی دی تەماشای مەکە.

جابابم دەیگوت: ئەو مەلعونە، مەبەستی مام مەحمود بوو، دێوەشەلەش پێی نەوێرا. شەوێکی لەرۆخی ڕوباری لێیان دەبێتە شەڕ. مام مەحمود بەکۆڵەگەی لەپشتی دێوە شەلەی داوەو ڕایکردووە، ئەویش بەدووی کەوتووە زۆری هەوڵداوە بیگاتێ ئەمما مام مەحمود خێرا تربووە، زوو گەیشتۆتە سەرێ وخۆی بەماڵی مەلایدا کردووە، وەنەبوو دێوە شەلە بیگرێ وهەرلەوێی بتۆپێنێ، ئاخر ئەگەر ئەودەمی خەلاسی کردبا، ئێسا ئەو مانگەی گەرەکێ ئاوای بەسەر نەدەهات، ئەتۆ وەرە دێوە شەلە هەی بەنەعلەت بی بەمەحمودە چڵمنی نەوێری! ئەوجارەیان داکم تەماشایەکی کردو دەموچاوی خۆی تێکنا، لەبەرخۆیەوە گوتی :تەماشای ئەو پیری ئاخر شەڕەی ناکەی دەڵێی ژنی وی هەڵگیراوە، خێلەی پیر ئەگەر تۆزێك بەبەشەران چوبای دەمگوت قەیناکا، ئاخر پێم ناڵێی بەتەمای چی؟

ئەمن ئەوکاتی هێندەی دی دۆشدامام و کاکیشم رێی کۆلانێی لێدەگرتمو دەیگوت ئەو یەك دوو رۆژەی خۆت وننەکەی هەربۆیە یەك دوو جارنەبێ ئەحە کۆڵو برایم نەدی، یەك جاریش نەچووینە سەر چۆمی، کەئێوارەش داهات، نەمزانی چۆن نوستوم و کێ لێفەی پێداداوم، بەلاّم کە بەیانی لەخەو هەستام دیتم یەك کەس لەخێزانی ماڵێ

لەنێوجێدا نەماوە، کە لە پەنجەرەیەوە تەماشای کۆلانێم کرد، ئەمن نەبێ هەموو گەرەك لەوێن، کە لەبن جێی راست بوومەوە تەماشام کرد، پیاوم ئاوداون و دیار بوو شەوێ داکم هەڵێنەستاندبوومەوە بۆ میز کردنێ، هەر چۆنێك بوو هەتا حەیام نەچێ پانتۆلێکی دیم پەیاکردوو خۆم گەیاندە کۆلانێ، دیتم کەس ناگریا، هەموو پێدەکەنن و یەکەم شت کە گوێم لێبوو ئەحە کۆڵ بوو گوتی: هەتیو ئەوە لە کوێ بووی مام مەحمود و ئاوازو کورێکی جحێڵ هاتنەوە ماڵێ، دەڵێن مینە شێت لەوێ بەجێماوە، دوای دووشەو دوو رۆژانیش بۆ یەکەم جار بابم بە پێکەنین دیت، گوتی هەی ئافەرم مەحموود گەرەکت ئاوەدانکردەوە، یا سەبری کە زۆری کەیف هەبوو هاتە پێشێ و بەبابمی گوت: خێلە دیتت ئەوانی ئەودیوی چەند لە ئێمە پیاوترن، خۆ ئەو کوڕەی ئاوازی هەڵگرتووە خزمی فاتە شێتیە بێورەییە کەس و کاری گوتویانە ئەگەر ئاوازی بکوژێ ئێمەش دووژمنایەتیەکەی نوێ دەکەینەوە، بەو خودایەی فاتەو مینە بچنە کەشکەشانی فەلەك دەیانکوژین، هەر لەو قسانەدا بووین گەرەك روناك بۆوە، ئاواز باوەشی بەبێخاڵێدا کردو ئەوی لەوێ بوو گریا، بابم رووی وەرگێراو هەر بەدەرپێ سپیەکەیەوە چۆ ژوورێ، دیم بەتەنێ و بەدزی لە ژوورێ دەگریا، یاسەبریش بەدەم گریانەوە بەداکمی دەگوت: مینەشیان بۆیە هێشتۆتەوە ماڵی بۆ دادەنێن، یەك دوو رۆژی دی دێتەوە فاتەو ئاواز و دەستگیرانەکەی دەباتەوە، یاسەبری دەیگوت بەو خودایەی ئەوە مام مەحموود بۆ خۆی پێی گوتم، دەشی گوت: کچێ ئەو فاتە شێتەی منداڵ وەدووی دەکەوتن ئێستا ژنێکی دییە کوڕە ئەو چەتیوە جحێل بۆتەوە، بابە ناهەقی نییە، دوای چەند ساڵان بەکەس و کاری شاد دەبێتەوە، ئەو رۆژە گەرەکی مەو سەراپای ئاوایی لە خۆشیاندا نقوم ببوون، ئاوازی نازدار بەسەر هەموو ماڵەکاندا گەڕاو گەردن ئازایی لێدەکردن، ئەمن بۆ یەکەم جارم بوو ئاواز لەمێژم کاو ماچم کا، هەروا بێتەوە بۆ یەکەم جاریشم بوو بەو شێوەی لەناو چاوی کچێك بڕوانم،

نازانم چاوی ئەو کـچە زۆر ئەفـسوناوی بـوو، لەخۆمـەوە خۆشـم ویـست بـۆنێکی لـەخۆی دابوو، دیاربوو لە ولاّتی مە نەبوو قەتم ئەو بۆنە نەکردۆتەوە، بۆنێك بوو هـەر لەناسـکی خۆی دەهات، ئێستاش کە گوێم لەوشەی ئاواز دەبیٚ ئەو بۆنـەم بـۆ دیٚ، ئـەوکاتی لـەمن وابوو هەر مێینەیەك ئەو بۆنـە لـە خۆیـدا خۆشـدەبیٚ بـەلاّم وانـەبوو چـەند کـچ لـەمێزی کردووم قەت ئەو بۆنە خۆشەیان لێنەهاتووە، هەر باشبوو بابم ئەو بۆنـەی نـەکردبوو دەنـا خۆی وەکێوان دەخستو هێندەی دی عاشق دەبوو، ئەو شەوەی هەتا نیوە شەویٚ ماڵی مە نەنوستبوون، سبەینێش کە وەخەبەر هاتمو دوای نان خواردنیٚ چوومە کۆلاٚن، دیـتم ئـەوە مام مەحموود سپینداره‌کان پاك دەکات، دیوارە گڵەکەی بەرامبەرمان لەبەر سـیپیینداری سـپی کـراو هـەر دیـار نـەماوە، ئەحـە کـۆڵ و برایمـی وەسـتا حـاجی، بـەو توێکلاٚنـە فیشەکدانیان دروستکردوەو خەریکی شەڕە قامچین، ئەمیش هەتا توێکڵی سـپیندارەکانم کردە فیشەکدانو لەخۆم بەست، دەقامچیم زیـاتر وە پـشتی کـەوت، بۆیـە ئێـستاش کـە سپیندار دەبیـنم، ئـەو رۆژەم دێتـەوەیاد، پـێم خۆشـە ژیـان هەرلـەنێو سـپیندارو بـۆنیش هەرئەو بۆنەبێت کە لەئاوازی دەهات.

# گەمەکان

لەوێ لەسەرەتاکانی هەرزەییو دۆزینەوەی رۆژەکانی منالّیدا ئەو رۆژانەی فێری گەمەی شایی گەمان بووین، ئەو گەمانەی لەشەق وەشانێکی شێتانەوە خۆی نمایش دەکردوو لە دابەزینی سەکۆدا کۆتایی دەهات، ئاخر ئەو رۆژانە گەمەکرن خەتانەبوو، خۆ خلیسکانی نێو بەفرو خۆڵە پەتانێو کۆلارەو تەنانەت هەڵگرتنەوەی قەوانەکانیش گەمەکردنبوون، ئەو قەوانە لووسو زەردانەی هێشتا دووکەڵیان لەنێودا مابوونو

بۆنیشیان منالّی پێ ئاودەداین، گەورەی دەکردینو خۆمان لەناو هاتو هاواری ئەو شەڕە گەڕەکانەدا دەدۆزیەوە کە بێدەنگی کۆلانەکانی شەق دەکرد ، گەمەکردن لە نێو سەنگەرو ئەو بەردەلانانەی بۆنی پیاوی لێدەهات، خۆشترین ئەو یادەوەریانەن کە لەسەرەتایەکی نەترسی منالّیەوە بۆ ئیستایەکی نزیك دەستی پێکرد، ئێستایەك گەورەو بچووك لەنێو گیا بالا کورتەکانی وشکە سالّیدا خەریکی گەمەیەکین لەو گەمانەی منالّی هەراش کردین، گەمەیەك نە لە خلیسکانی سەر بەفرو نە لە خۆلّە پەتانێو قەوان هەلّگرتنەوە ناچێ، ئەوەتا لە ناو خیزەلانو شەقامو ڕوبارە ئاولێبڕاوەکاندا گەورەو بچووك گوریس گوریسانێ دەکەین، پێوەرەکان بە گوریسو سەکۆگرتن بە گوریسو خەریکی ونکردنی ئەو رۆژانەین گەمەکردن تیایدا خەتانەبوو ئەو رۆژانەی لە ئێستا دەچنو بەسەر جوانیەکاندا بازدەدە، لەوێ لە خاڵی کردنەوەی قەوانو کۆکردنەوەی دەمانزانی بۆ پاراستنو هێشتنەوەی ئەو بەردەلانانەیە کە بۆنی پیاویان لێدەهات، ئەو بۆنەی ئێستا لەخۆم دێو لە منالّەکانم نایە، بۆنێك تەنها لەو کاتانەدا زۆر دەبێ کە خەریکی پچران پچڕانی گوریسەکەین، ئەو گەمەیەی کە هەتا ئێستاش خەتانیەو بەلاویەتیماندا ڕەت دەبێ.پیریمان پیشان دەداو هەناسەمان تەنگ دەکا.

لەوێ لەسەرەتاکانی هەرزەییو دۆزینەوەی رۆژەکانی منالّیدا ئەو رۆژانەی فێرە گەمەی شاییگەمان بووین، خۆمان ناسی... خۆمان لە نێو هەموو ئەو حەزانەدا بەتالّکردەوە کە لە نێو خەونە نەدرکاوەکانو بەلّێنە نهێنیەکاندا بوون، ئا لەو شوێنەدا بەبەتالّی ماینەوە کە بۆنی شەقامەکان لەهەمان بۆنی ئەو قەوانە زەردو لووسانەی دەکرد کە لەنێو سەنگەرو بەردەلانەکاندا کۆمان دەکردنەوە، ڕەتبوونی خێرای ئەو رۆژانەو ناسینی سەنگەرو دووبارە بوونەوەی گەمەکان لەمەست بوونەکانی ئەو رۆژانەم دەچێ، کە چاوم رەنگەکانی تێکەلّ دەکردو وێنەکانم بەخواری دەدی، مەست بوونی ئەم

ڕۆژانــەی زرینگــەی قەوانــە بەتاڵــەکان هــەر لەگۆرانیــەکی خــۆش دەچــوونو نــەکرابوون بەسروود، ئەو ڕۆژانەی خاوێنی شەرمەکان لە نێوان ئێمــەی کــوڕو ئــەوانی کــچە نــەرمو پــرچ خاوەکانــدا کــە لــە گەمــەکانی( هــەڕێوی ڕێــوی)دا دەســتیان دەگــرتینو ســادەیی جیاوازیەکانیان فێر دەکردین، ئەوان گەمەی قەوانیان نەدەزانیو ڕقیــان لەشــایی گــەمان دەبۆوە، نازی ناسکیو بۆنی پرچە تازە شۆراوەکانیان، باخەڵەکانمانیان خاڵی دەکردەوە لە بۆنی قەوانەکانو هەر ئەو ڕۆژانەبوو سادەیی ڕەگەزەکانم تێداناسی، دەمزانی هێندە نابــا کچە نەرمو پرچ خاوەکان زوو گەورە دەبــنو نــاوێرن یــاری پــەت پــەتانێ بکــەن، نــاوێرن هێندە لە نێو گەمــەی هــەڕێوی ڕێویــدا بمێننــەوەو جێمــان دەهــێڵن، ئــەوان دنیــا پــڕ لــە نهێنیــــیو داخراوەکانیــــانو ئێمــــەش لــــە نێــــو گەمــــەی شــــاییگەمانداو جــــارێکی دی هەڵگرتنەوەی قەوان، ئــەو قەوانــە زەردو لوســانەی هێــشتا دووکــەڵیان لــەنێودا مــابوو بەسەر ئەو سەرتایانەدا دەچینەوە کە گەمەی تێدا خەتا نییە.

ئــاخر ئــەو ڕۆژانــەی کــە هــەر بەگــەمان دەســتی کــچەکانمان دەگرت،نــەمان دەزانــی ســادەیی گەمانــەکان بەئاقارێکــدا دەڕوا ئیــدی نــاتوانین لەپــەنای گەمانــەوە خــۆ لەکــچە نازدارەکان هەڵسووین،پەنجە ناسکەکان بگوشینو لەچاویانەوە گەورەیی ببینین، بۆیــە ئــەو نازدارەی هەمیشە لەختی سمێڵو مووی پیاوانەم ڕا دەما حەزی لێنــەبوو گــەورەبین، ئــەو دەیویست بۆهەمیشە منداڵبین و نەکەوینە ئەو دیــو هێڵەســوورەکان، ئەوانــەی گــەورەیی دروست دەکەنو گەمەکان لەمنداڵەکان دەستێننەوە، لەجیاتی ئــەو گەمانــە نــەریتێکیان دەدەنێ نەئەوساو نەئێستاش ئێمەی منــاڵی ئەوێ ڕۆژێ و منــاڵانی ئێــستاش ڕقیــان لــەو نەریتانەیــە، ئــەو نــازدارە هەمیــشە پێــی دەگــوتم :باڵــە هــەرزەیی دوور کەوینــەوە هــەتا گەمەکان بمێنن، باهەر مناڵ بین و تۆش لەتەختی شاییگەمان وەرە خوارێ هەرێوی ریوی

گەمەیەکە جگە لەجوانی ئاوێتەی یەکتریمان دەکات، هەمیشە پێی دەگوتم :لەدەستی مندانەبێ هەڵمەپەڕەو منیش تەنها لەدەسی تۆدا سینگم گەورە دەکەم،

ئەو رۆژانە تەنها شتێك لە هەرزەییمان جیاکاتەوە سادەیی نێو ڕەگەزەکان بوون، چونکە لە هەرزەییدا جارێکی دی بۆنی پرچە تازە شۆرەوەکانی کچانمان نەکردەوە گەمەکانی نێوان ئێمەو ئەوان سڕکرانو زۆر بەخێرایی بۆنی نێریمان گرت، ئەو بۆنەی لەلای ئەوان خۆشو قاچاغەو لای ئێمەش سەرەتایەکی ترسناك، ئەو ترسەی لەگەمەی گوریسەکانەوە فێربووینو لە گەورەبوونماندا قالآیەوە.

گەمەیەك نێوانێکی سووری بۆ هەموو شتەکان دروست کرد جوانیەکانی بەش کردو سادەیی هەڵتەکاند، ئاخر لەوێ لەسەرەتاکانی هەرزەییو دۆزینەوەی رۆژەکانی منالێیدا بێرەمان نەدەزانی، پێمان وابوو گەورەکان وەك ئێمەنو پێکهاتەو جیاوازیەکان بەناو گەورەبوونی ئێمەدا ڕەتدەبنو هەمان ئەو گەمانەش دووبارە دەکەینەوە کە خەتانین، پێمانوابوو بەتاڵکردنی قەوان، ئەو قەوانە زەردو لووسانەی گەورەکان لەنێو سەنگەرو بەردەلآنەکاندا بەسەریاندا هەڵدەڕشتین، گەمەیەکی گەورەکانەو.. بۆ ئێمەی منالە تۆزو خۆڵ لێ نیشتوەکان قەوانە بەتاڵەکان ئەو شتە لوسو نایابەن کەمنالێمانی پێ ئاو دەدرێو گەمەیەکە بەرەو هەرزەییمان دەبات.

هەربۆیە ئەو نازدارە ئەو منالەی دوێنێ، زۆری نەبرد نیگاکانی گۆران و سنگی لەنێو ماکسییە رەنگ هەناریەکەیدا دەلەریەوە، منیش گەندە مووی سمێڵ دەنگی هێندە ناخۆش کردم، کەئیدی زانیم من و نازدار جارێکی دی دەستی یەکتری ناگرینەوە، ئەو گەمانە ناکەینەوە کە گەشەیدا منالێمان،

ئەو رۆژانە خێرا تێپەڕینو پێناچێ ئەمڕۆ بەفرە خلیسکێو خۆڵە پەتانێو هەرێوی رێوی دووبارە بێتەوە، ئەو گەمە ناسكو نۆڵانەی کە کچە نەرمو پرچ خاوەکان فێریان

کردین، گەورەبوون لێکی ترازاندین، ترازانێك نێوانی بۆ هەموو بەهاکان دروستکرد، تازە نەبۆنی پرچە تازە شۆرەواکان دەکەین‌و نە دەوێرین خۆ لەشاییگەمانە ترسناکەکانی ئەمرۆ دەین، گەورەبوون هەرزەیی تێپەڕاندو ئێستا لەنێو گەمەی گوریس گوریسانێدا ڕەنگرێژی ئەو نێوانانە دەکەین کە لەگەمەیەکی منالّی، زۆر زۆر منالّی دەچێ، گەمەیەك پێدەچێ جارێکی دی قەوانە بەتالّەکان ئەو قەوانە لووس‌و زەردانەی لەنێو سەنگەرو بەردەلاّنەکاندا هەلّمان دەگرتەوە، پێمان هەلّگرنەوە.

ریك لەو تەمەنە سرکەدا بوو زانیم ئەو نازدارە تادێ بەرەو گۆشەکانی مالەوە لەبەردەم بەلوعەو تەشتە پڕ لەجلو بەرگەکاندا خۆی دەبینێتەوەو لەبری گەمانەکان لەخۆی گەورەتری دەکەن و منیش بەرەو دنیای پیاوانە، دەبێت گوێ لەوتەقەو پەخماخانە بگرم کەزۆر قەدەغە بوون، تەنها بوونی قەوانێك یاگوللەیەکی سوور لەهەرزەییەوە بەرەو بەندیخانەو لەوێشەوە ونبوونی یەکجارەکی،

ئەو رۆژانە زۆر بەخێرایی رۆشتن، نازدارەکەم بەرەو کچێنی تێپەڕی و تاوەکو ئێستاش پەنجەکانیم نەگوشیەوە، ئیدی نەمتوانی خۆمی تێهەلّسووم و ئەویش زۆر بەترسەوە نەبێ نیگای نەدەدامێ، رۆژانێك بوو ئێستاش حەزم لێیە بگەڕێمەوە ناوی تاهەرلەوێداو لەنێو ئەو گەمە خۆشو بەلەزەتانەدا منداڵ ببمەوەو نازدارەکەشم توند لەنێو گەمەی هەرێوی‌رێویداپەنجەکانم بگوشێ،چبکەم زۆرزۆر حەزم لێیە.

# لافـــــاو

دەهات و گێژەڵوكەی غوبارێكی چڕی لەدوای خۆی جێدەهێشت، دەڕۆی ئـەمما رۆیـین روبار لەدواوەیڕا وەك جۆگەلەی كانییەكی لیّلّ دەهاتە پـێش چاو،سـوارەش زیـاتر لغـاوی شل دەكرد و وردتر لەگەلّ پێچی روبارەكەدا لە ئاوزنگی دەداو بەرەو خوار شـۆڕ دەبـۆوە، ئەو دەیویست هەرچی زووە بەئاوواییەكانی دەوری روبارەكـە بگـاو لەكارەسـات دووریـان كاتــەوە، ئــەوەتا لەئەســپەی كردۆتــە دەنگــو بێپــەروا بــەنێو شــیو و هەڵدێرەكانــدا لەهەلّپەیـەكی بەردەوامدایـە،ژنو منــداڵی پێپــەتی بەهــەواڵی ســوارەو نەعلرەتــەكانی دەكەوتنە خۆو بەزاق و زیق دەوری روبارەكەیان چۆلّ دەكـرد، ئـەوەتا راوچـیانو بەردتاشـو خـاوەن رەزەكـان بـەم هەوالّـە رادەكـەن و دەوری روبارەكـە چـۆڵدەكەن، تـۆڕو قولابـەكان باگردێنی تاشراو و تەواوی كەرەستەكان جێـدەهێلن و گیـانی خۆیـان رزگاردەكەن،بالّنـدە بەئاسمانەوە وەربونو بەرەو بەرزییەكان گمـەیان دێـت، ترسـەو گیانلەبـەرەكان بـەرەو دوور

دوور لەهەڵپەدان، سوارەش دێ....دێو ئاگر لەژێر سمەکانیدا بروسکە دەکا، دێو تاشە بەرد لەدواوەیڕا لەناڵەو خزین دان، هەور دەگری و باچارۆگان دەفڕێنێ، زەوی دەجوڵێ و هەوراز زارۆکان دەخزێنێ، چاوەکان بونەتە دووربین و دڵی منیش لێدانی دەهۆڵی شەڕ.سروشت ئارام نییەو رەنگی روبار یەکپارچە سوور، هەڕەشەیەو هەڕەشەی راماڵین، روبار دێت و ئەوەی پێش خۆی رادەماڵێ، دەبێ کەفی هەناسەی ئەهریمەن بێ یاخود ترسی شەیتانی شوم، ئەوەتا روبار رەنگی خۆی بزر کرد هەوا شێوا سوارەش دەستی لەپاشوی خۆی دەوەشێنێ و دێ...دێ و پیم وابێ سمکۆڵەکانی لەناو روحمدان،دەمشێلێ هەڵدەستمەوە چاوم زەق دەکەم هەردێو ئێستا نەگەیوەتە دەروازەی بوونم، دێ و پێموابێ سروشت دەگری، مەرگیش پێمان پێدەکەنێ.کەسانی دەوروبەرم تارمایی ئاسا لەبەر چاوم وندەبنو ئەوەی پێشتر روبارەکەی شەق دەکرد ئێستا رادەکا...راکردنێکی سەیر ! دەڵێی تەمی ناکازاکیەو هەڵەبجەیەو دێ و لولدەبێ و راویان دەنێ، هەرهێندەی سوارەیان دی بەرەو هەورازەکان بەرەو تەپۆلکەو شوێنە بەرزەکان هەڵدێن کەرەستەو تفاقی ئاوایی جێدەهێڵن و رادەکەن.

منیش لەجێی خۆم راماوم، سوارەم لێبۆتە دێو و درنج و پێ بەجەرگی مندا دەنێ، ترسەو باوەشم لێدەدا مێردەزمەی مەرگەو کەوتۆتە وێزەم دێ و لەبەر چاوم گەورە دەبێ دەبێتە دەیناسۆرو غول و زۆرشتی سەیر ! چاوم نوقاند،دەنگی سمی سوارە وەئاگای هێنامەوە هەرهێندە فریا کەوتم گوێی بۆ شلکەم پێم وابێ باسی لافاو و راماڵینی کرد، هاتو وەکو تیسکەی تفەنگ بەبەرچاومدا رەتبوو، روی وەرچەرخاندو گەڕایەوە هەرهێندەم زانی پیلی گرتم و خێرا سواری پاشکۆی ئەسپەکەی کردم، دەستم بەپشدێنی گیر کردوو چاوم نوقاند، ئەوەندەم زانی دنیا شێواو کەوتینە ناو گەردە لولێکی بێئامانەوە تۆفان هوروژمی هێناو تەڕایی تاناوکم هات، شڵپە شڵپی ئاو ناخمی

شڵەژاند،یەکەم ساتمە تونتر خۆم گرت، چاوم کردەوە لەنێو روبارێکی بێئاماندا من و کابرایەکو ئەسپێك بەرزو نزم دەبینەوە،...دەوروبەرم یەکپارچە ئاو و لیتاو،تادەهات زیاتر نقوم دەبوین چاوم نوقاندەوەو...ساتمەی دووەم هەردووکمانی پەڕاندە نێو لافاوەکە، پەلەقاژەی مردن و ترسی خنکان دەستمی لەیەخەی کابرا گیرکرد، کێشم کەمبۆوەو هەرهێندەم زانی گرتمی و هەڵیدامە سەر پاشوی ئەسپەکە، ئیدی تونتر خۆم گرت و چاوم کردەوە دیم تەواو لەکابرا دابڕاومو تادێ دوورتر دەبێتەوە بەو چاوانەی خۆم دیتم شەڕی لەگەڵ لافاوەکە دەکرد، چەند شەپۆلێك لولی داو ون بوو، وەدیار کەوتەوەو تەنیا دەستێکی دیارما ترس چاوی پێنوقاندمەوە لەهۆش خۆم چوم و هەرهێندە چاوم کردەوە چ ببینم !....

حەشەماتێکی زۆر دەورەیان داوم سەرتاپای لەشم لیتەیەو ئاوی لافاو رایماڵیوم،چاوم گێڕا...ئەسپەکە بەتەنیا لەقولایی روبارەکە دەروانێ و چاوی سوور داگەڕاون گریام زۆر گریام هەتا فرمێسکی چاوم تێکەڵی رووبارەکە بوو ئاوێتەیەکی روونی دروست کرد، نیگام ئاراستەی قولایی رووبارەکە کردوو دیتم، دیم کابرا بە بەرگێکی سپی لە قولایی رووبارەکەدا مەلە دەکاو باشتر سەرنجم دایەو... دیم بۆتە سوتەمەنیو ئاو بۆ شوشتنی خۆی دەکولێنێ، دیم بەو چاوانەی خۆم دیم کە کابرا بۆتە قوربانیو هەر لەنێو روبارەکەشدا دیم.. گۆرانی بۆ ماسیو ئێمەو ئاوەدانی دەچڕێ.

1989

# ئێكسێی بەهار.....
# ئەو بەهارەی لەپایز دەچوو

ویستم بەبەهارێكی تەمەنمدا بێمەوە،بگەڕێمەوە ئەو ڕۆژانەی یان ئەو بەهارەی لەپایز دەچوو، ڕۆژەكانی ئەو ساڵە پڕئاو و شێدار بوون، گیا تائەژنۆ هاتبوو، گەلاكان سەوزو دەشت ودەر یەكپارچە شینایی، جگە لە گوڵە زەردەكان، جگە لەزەردەی خۆر ئاوا بوون، یان زەرد زەرد بوونی سیماكان، ڕەنگی زەرد نەدەدیترا،كەچی بەهاری ئەوساڵە لە پایز دەچوو؟

بەخۆم نەبوو ڕێك بەوێدا بەو بەهارە پایزیەدا چوومەوە و كەوتمە ناو ئەو گوڵە نیسانیانەی لەسەرە مەرگ دابوون، بەر لەوادەی ماڵئاوایی دەوەرین، هاتمەوە ناو ئەو ڕۆژانەی لەگەمەی منداڵی وفیلمە ترسناكەكان دەچوون، یان ئەو حیكایەتە

ئەفسانەییانەی شەوانی زستان گوێم لێدەبوون، هاتم دەنگدانەوەیەکی ترسناك، یان شریخەو خرمەی لێکترازانی ناپاڵمەکانم وەبیر هاتەوە، بەهاری لێکردمە خەزان، هەلا هەلا بوونی جەستەکان و بەسەریەکدا رمانی شارێك ئەو وێنە تراژیدیایەی لاتۆمار کردم کە قەت لەبیری نەکەم، چونکە لە ناکاوێك نیشتمان سوور داگەڕاو بەهار زەرد دە چۆوە.

**ئاسمان ئاسنی دەباراند...**

**ترسێک لە بەغداوە هات و...**

**سێبەری لەچاودا چاندم،**

**لەو رۆژەدا...**

**لەو بەهارە پایزیە،**

**ناڵەیەک مناڵی وەراندم،**

**ئاگرێک شاری سوتاندو....**

**هەورێکی رەش...**

**رەش وەکو ئاسۆی شارەکەم**

**ئاسنی بەسەردا باراندم**

ئەو رۆژە بەردەلانەکانی رۆخ شار گوندو پەناو پەسیوەکان، چیا هڵدێرو شوێنە نەدیوەکان لێواو لێو بوون لەو ژن و مندالانەی یان لەو خەڵکە بێخەتاو بەستە زمانانەی لەترسی ناپاڵم، لەترسی فرۆکەو چەکە کۆ کوژەکان شاریان جێهێشتبوو، ئەو رۆژە روبار سوور داگەرا بوو، ئاسمان رەش و ترس رەنگەکانی قوتدابوو، پێم وابوو ئەوساتەوەختانەیە کە مرۆف تیایدا بێ مانا دەبێ، یان سەرەتای ئەو کۆتاییە تاریکانەیە کە لەخەوندا دەمدیتن و لێرە لەو بەهارە خەزانیە هەرهەمومان دەیبینین وئیدی کۆتایی بەو مەملەکەتە دێ کەمن پێم وابوو هەموو دنیایە، ئاخر ئەو رۆژە هێشتا لەتەمەنی حەوت

سالاّن دا بووم،هەلا هەلا بوونی مرۆڤم دی، فیچقەی خوێن و بەسەریەکدا رمانی شارێکم دی،پێم وابوو ئەوە ئەو رۆژەیە کەکۆتایی بوونە، سەرەتای وەرینی تەمەن و دارمانی ئەو جیهانەیە کەهێشتا نەمدیوە، رۆژێکەو لەو کۆتاییانە دەچێ کە هەرهەمومان لێی دەترسین، بەهارێکەو مرۆڤ تیایدا شی دەبێتەوە، هاوکێشەو یاسا بنە رەتیەکانی ژیان، لێرە لەم ساتە وەختانەدا هەڵدەوەشێنەوەو ئێمە دەبینە سەرەتای لەناو چوون، یەکەم هەنگاوی تەفرو تونا بوون و یەکەم بێدەنگیە کەلەوەتەی دنیا دنیایە بەخۆی نەدیوە، ئەگەرنا ئەوێ رۆژێ سەرەتای کۆمەڵ کوژی و گۆڕینی وەرزەکان بوو، یەکەم هەنگاوی رێکەوتنە ئاشکراو نهێنیەکان بوو، دەست وەشاندن لە گوڵ وخەڵکی بێخەتاو شوێنە پیرۆزو فێرگەکان بوو، ئەوێ رۆژێ 1974/4/24بوو،ویستیان شارێك داوەشێنن، بۆ هەمیشە بەهار بکەنە خەزان، منداڵی مەو ژیان هەرلەوێ بەکۆتا بهێنن،کەچی کەسێ کۆمەڵگایێ،ولاّتێ رێکخراوێ نقەی لێوە نەهات،بەلاّم لەناو مزگەوتەکان، لەهۆڵی خانەقاو لەژێر ساپیتە روخاوەکان لەهەموو کونجێکی شاردا، ناڵەی بریندارو چریکەو لاوانەوەی دایك دەبیسترا، ئەو بەهارە ئەو رۆژە خەزانیە، من لەهەموو شت دەترسام، لەناو باخچەیەکی سپینداردا کەوتبوین و خشەی گەلاّکان گمەی باڵی کۆترو فڕینی پاساریەکان،لەئێمە ببونە ( سیخۆ )،ئەو سیخۆ نەعلەتیانەی ماڵ وخوێندنگەو زانکۆ و مزگەوتەکانیان بەسەر یەکتریدا وێران کرد، سرودەکانیان لەقورگی قوتابیەکاندا تاساندو....

**ئاسمان ئاسنی دەباراند**

**دوکەڵ گەڵای دەسوتاندو**

**قەوانەکان.....**

**قەوانە زەردو لوسەکان**

**لەبا خەڵما بوونە پشکۆ**

**بۆنی باروت....**

**بۆن کروزی زانکۆی شەهید**

**مناڵیمی وێران کردوو**

**هەتاوی لێدەشاردمەوە**

**گرمەی بۆمبا...**

**ئەوساو ئێستاش**

**بۆ ئەو بەهارە پایزیەی دەناردمەوە**

**کەهەر لەئەفسانە دەچێ**

**لەکابووس و...**

**ترسی ئەو ئاسمانە دەچێ**

دوای نیوەرۆی ئەم رۆژە یان ئەم عەسرە بەهاریەی کەهەر لە پایز دەچوو، جگە لەپیاوە خۆبەخشەکان کەلەناو شاردا خەریکی شاردنەوەی جەستە لەت و پەتەکان بوون،خەریکی کۆ کردنەوەی پارچەی مرۆڤە بێ گوناهەکان بوون،شار ببوە کەلاوەی شەڕ، بۆنی خوێن لێنەدەگەرا ژیان بەردەوام بێ، ئێمەش ئێمەی مناڵ و ژن و نیوە مردووەکان، لەژێر گەڵا سەوزە پایزیەکانی ئەو رۆژەدا بەرەو هڵدێرەکان، روەو شوێنە نەدیو و پەناو پەسیوان پەرتەوازە ببوین، پێمان وابوو سیخۆکان، ئەوانەی هاتن وسرشتی شارەکەیان تێك وپێکدا ئەو ئیزراعیلە نەگبەتەیە کە لەوەتەی هەین پێمان دە ترسێنن، پێمان وابوو ئەم جارە بێتەوە ئیدی ئێمەش کون کون دەبین و کەسمان قوتارمان نابێ، ئاخر راکردنی ئێمە بەرەو پەنا گەکان دوورکەوتنەوەبوو لەشوێنی مەرگ،ئەوشوێنەی لەناکاوێك هەر لەچەند چرکە ساتێکدا گیانی سەدان کەس فڕین، وورده ئاسن و بۆن کروزی خانوو

لەناویشیدا جەستەی مرۆڤ شاری نقوم کرد، دوکەڵێکی رەش ئاسمانی داپۆشی بوو، باڵندەکان پەرتەوازە ببون وبەرەو لوتکەکان گمەیان دەهات، هەرچی شوشەو شت ومەکە بەبریقەکان بوو بەقوڕ سواخ دران، هاژەی روبار ئەو روبارە رون و پڕ لەشەپۆلانەی کەلەوەتەی هەیە لەکوێستانەوە دێ و بەناو شاردا رەتدەبێ سوور داگەڕابوو، بەنەرمی و بەبێ ئەو کەفە جوانەی پێشتر هەیبوو، دەهات وئەو وردە ئاسنانەی سارد دەکردەوە کە بەسریدا دەباری، ئێمەش لەناو سپینداره‌کاندا لەشەو دەگەڕاین، بەدیار مەرگی لەناکاو وتاریکیدا نقەمان لێوە نەدەهات، ترس لەچاومان دەباری ناڵەی دایکو کچە عازەبەکانی وێ ئەو دایکو کچانەی ئازیزانیان هەلا بەهەلا ببو ئێمەی مناڵی زیاتر دەپەستایە باوەشی دایکمانەوە، خەمی وێران بوونی شارو سوتانی کتێبەکان و ونکردنی گەمەکان، ئەو گەمانەی لەو رۆژانەدا بەقەوانە زەردو لوسەکان دەمان کرد، هێندەی دی شپرزەی کردبووین،لەگەڵ هەواڵی نەمانی یان شەهید بوونی هەر کەسێکیشدا لەولاوە چریکەوگریەی ئافرەتێك رایدەچڵکاندین و بەترسەوە چاومان دەکردەوە، ئەو عەسرە یان ئەو دوای نیوەرۆ تەماویە لەئێمە نەدەڕۆی، بەدیار شەو و وەرینی گەلا سەوزەکان چاومان لەقولاّیی ئاسمان بڕیبو، لەو بەرزاییەی هێرشەکانی مەرگ لەوێوە دێن و ئێمە دەبەن، لەوێوە لەو بەرزاییانەوە کەلێواو لێوە لەترس :ـ

**ئاسمان ئاسنی دەباراند،**

**گەلاّ بەسەوزی دەوەری...**

**رنینەوەی پرچی دایکم و**

**نوزانەوەی....**

**کچی باوکو برا شەهید**

**لەناخەوە دایرماندم،**

**پێم وابوو ئیدی دوارۆژەو....**

**جارێکی دی گەمە ناکەم**

**جارێکی دی لەناو پۆلدا**

**شاخی رەنگاو رەنگی گوێژەو...**

**خوایە وەتەن ناڵێمەوە،**

**لەناو پۆلدا...**

**ئیدی ناتوانم بپرسم،**

**ئاخ دوا جارەو ئیدی دەمرم،**

**ئاخ دواجارەو زۆر دەترسم،**

له شەو نزیك دەبوینەوە، ئێوارەیەك کەپێشتر ئێوارەی وا نەبوو ئێمەی لە تاریکی دەئالاند، ئاخر سروشت چەند تاریك با چەند بێ روناکی و وەك شەوی دەیجوربا، بەپێچەوانەی جاران و ترسەکانی نێو تاریکی، مەرگ ئێمەی نەدە دیت و هەناسەیەك یان، ئۆخەیەکی دەنگی دایکم ئێمەی سەرلەنوێ دروست دەکردەوە، چونکە تاریکی بۆ بەلاو سیخۆ و ئاسنی باریو، لەو رۆژەدا وەك قەڵغان بوو، پێمان وابوو تەنها تا شەو گەلا سەوزەکان نەوەرن، دارەکان نەڕوتێنەوەو ئاسمان چاوی لێمان نەبێ ئیدی وردە ئاسن و خرمەی لێکترازانی بۆمب و هاڕەی سیخۆکان بەسەر ئێمەی کفت و ماندوودا نابارن، ئیدی ئێمە بەرەو جێگەیەکی دوور دوور کۆچ دەکەین و یادگاریەکان قەوان وکەلا شوشەکان، کتێب وتەباشیرەکان، پارچەی جەستەی ئازیزان و گۆڕی شەهیدی ونی قوتابیانی زانکۆو هەمو رابردوو جێدەهێڵین، دەڕۆین و سنوورە دەستکردەکان دەبڕین، بەرەو ئەو خێوەتە تەلبەند کراوانەی لەزیندان دەچوون لەو پلانە ترسناکانە دەچوون کەبەزیندوویی ئێمەی ون دەکرد، دەرۆیشتین نەمان دەهێشت شەو روناك بێتەوە بەرێ

پێچاو پێچەکانی (کێلێدا) ئاودیو دەبین، بەرەو ئەو شوێنە نەدیوانەی تەنها فڕۆکەی لێنی یە، ئەگەرنا نامۆیی منداڵی دەهاڕێ ونیشتمان وردو خاش دەکا، شەو داهات و زۆری نەبرد لەپاشکۆی جێبێکی رەق و تەقیان هاویشتین و بەناو کزەبا تەزیوەکانی کوێستاندا لە(بەردەپان )شارێکیان هەڵڕشت، دواتر بەرەو گەرمێن بەرەو (سەراب گەرم) فڕێیان داینە ئەو ئاوارەییەی، لەئاوارەبونیان راهێناین، فێرە دەربەدەریەکیان کردین قەت ناوێرم بەناویدا بچمەوە، ئەوجارانەش کە بەنێو بەهارە پایزیەکاندا رەتدەبم، بارینی ئاسنم دێتەوە یاد، یان ئەو رۆژانەی بێ خەتا خەتابار دەکراین و شاریان لێ تێك و پێك داینەوە، لاویەتیان لێستاندین وبۆ ئێرەیان هێناین، ئاخر لەوەتەی هەم لەوەتەی دنیا دنیایە.....

**لەئاسما ئاسن دەباریێ،**

***روناکی لەمنداڵی***

**ئاینده لەلاویەتی**

**دەترازێن و....**

**جارێکیتر هەڵدێینەوە**

**باڵندە بەرزە فرەکان گەڕانەوەو**

**گەڵاکان سەوز دەنوێنن**

**ئێمە مناڵیمان ونکرد......**

**لاویەتیمان لێبەربۆوە**

**بەڵام لەجیات سرودە نیشتمانیەکان**

**فێرە ئەو دابارینە بووین....**

**کەلەبەهارێکی پایزی..**

**یان هەمو بەهارێکی ساڵدا**
**دروشمێکمان لەسەر زارە**
**ئەویش :**
**بیست وچواری چوارە**
**جێ کەڵبەی سەگی هارە**
**تانکو تۆپ وتەیارە**
**ناترسێنێ ئەم شارە**

ئەو بەهارە رەنگ پایزیەی مەرگی پیشان داین، لەسڕبوونی تەمەنو خلۆربونەوەی ساڵەکان دەچوو، بەکۆتاهاتو بەسەرچوو، زۆری نەبرد نسکۆیەك رۆژەکانی رابردوو و تەواوی ژانەکانی بەسەردا باراندین، ئەو ژانە لەناکاوانەی هەموو جار لەنێو رێکەوتنە بێئاگایەکاندا دوو بارە دەبوونەوەو بێ خەتا ئێمەیان پێوە دەکرد، وەك ئەو نێچیرانەی بەدەست راوچییەکانەوە لەپەلەقاژەی مەرگ دانو.. ئەوانەش لەناو قەفەزەکاندا لەخورپەدان، ئەو رۆژانە لەهاوین نزیك دەبوینەوە سەرەتای بەکۆتاهاتنی ئەو دەستکەوتانەبوون، کە لەنێو ئاگر بەستەکاندا بوونە خۆڵەمێش، ئێمەی منالێ، ئێمەی خێزانوئەو تێکۆشەرو ئایندەویستانەی لەشەڕگەکانەوە هەڵاتبووینو لەنێو خێوەتە گەرمەکاندا مامەڵەمان لەسەر بوو، وەکو کۆیلەو ئەو کاڵایانە سەیر دەکراین کە لەسنورەکاندا هەبوون. دۆڕاوێك بوین ئەو دەستیو دەستیمان پێدەکراو ئاکام لەسەر مێزی قومارخانەکەی جەزائیر بەو کەنداوە گۆڕاینەوە کە هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکانی تێدا شەرمەزار کراو دواتریش ئاگرێکی هێندە بێ ئامانی لێکەوتەوە هەشت ساڵان تەڕو وشکی بەیەکەوە سوتاند، ئاخر قەدەر نەبوو ئێمەی بەوێ گەیاند. لەخۆمانەوە نەچوینە

وێو ئەویش هێندە سانا نەبوو تا هەڵێینەوە، دەبوو وەرینی گەلاَ سەوزەکانی بەهارو ئەو یادەوەریە تفتانە لەگەڵ خۆمان بێنینەوە کە نەمان دەویستن، ئێمە لەزیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیو لەسەربازخانەیەکەوە بۆ سەربازخانەیەکی دی دەگوازراینەوە، هەرەسو دارمانی گیان، لەو شوێنەدا دەستی پێکرد، کە ئازایەتیو تفنگەکانمان لێ بەربۆوە، لەو شوێنەدا یان لەو سنوورەدا، کە قەوانەکانیان لەباخەڵ دەرهێنامو گوتیان لەوێ، لەناو ئۆردوگا کاکی بەکاکیەکاندا، گەمەکردن قەدەغەیە، نابێت قەوانە بەتاڵەکان ئاودیو بنو ئیدی دەبێت ئێوە دەستەکانتان شۆڕبێتەوە، رازی بن بەوێنەکانی پشتەوەی سەرتانو ئەو ژمارانەی بە خەیمەکانتانەوە هەڵواسراون .ئەمن لەوێ، رێك لەو شوێنەدا مندالێم هەڵوەری، زانیم سەرەتایەکی سەخت دەستی پێکردو ئیدی ئایندە زۆر بەزەحمەت دەدۆزێتەوە، هەر لەوێ لەئاسمانی ولاَتەکەم روانیو زانیم ئیدی لەهەموو وەرزەکان، لەتەواوی ساتەوەختەکاندا..

**لەئاسمان ئاسن دەبارێ..**

**ئەوەی دوێنێ کاسی کردین..**

**ئەوەی لانەو..**

**قوتابخانەکەی سوتاندین،**

**بۆهەمیشە هەردێتەوەو**

**مناڵیمان بۆ خۆی دەبا،**

**دێتو بۆ دەیان جاری دی..**

**شارەکەم هەڵدەوەشێنێ،**

**ولاَتەکەم دەسوتێنێو..**

**ئاسن لە لاویەتی ئێمەو..**

**دەست لەهەموان دەوەشێنێ،**

**ئیدی زانیم..**

**ئایندەمان،**

**وەک پریاسکە، بەروبارێکدا دەچێ..**

**بۆنی بیابانی لێدێ..**

**لەبەهارێک عاسێ دەبێ،**

**وەکو پایز...**

**وەکو چاوی ئەو چیایەی**

**دوور لەئێمەو..**

**تا سەرمۆخیش لەئێمە زیز.**

ئەو رۆژانە، یان ئەو ساڵە بێ بەهاریەم بەنامۆییو پەرشو بلاوی بەرێکرد، ترسێك وەکو تەزوو بەهەناومدا دەهاتو لەچاوانم دەردەچوو لەوێ پەنایەك نەبوو خۆمانی تێدا حەشاردەین، چیایەك نەبو بە خۆمان بگرێو چەکەکانیشمان لەسەر سنوور لێ بەربۆوە، دەبوو لەگەڵ پێچانەوەی ماڵەکانمان، ئازادیش بپێچینەوە، بەدەستی بەتاڵو جەستەی سڕەوە بگەرێینەوە ئەو گوندو شارۆچکانەی وێران کرابوون، بۆنی مەرگ، بۆنی باروت بۆ هەمیشە لەبەر چاوان بێو شەقامە پڕ لەچاڵو چۆڵەکان بەو خەمانە پڕکەینەوە کە بەسەرماندا باریبوو، منی منالێ رێك لەم رۆژانەدا بوو هەستم کرد ژیان لێرە لەم دنیا پڕ لەهەراو هۆریایەدا یەکسان نییەو ئێمەی پەراگەندە لەکەس ناچین، لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوینو چۆنیان بوێ وامان لێدەکەن، پلانەکان زۆر لەئێمە گەورەترنو کەس ئێمەی ناوێ، بۆخۆمان دەبێت بەخۆماندا بچینەوەو ئەگەر بەردەوام لەم بێدەنگییەدا بین، ئیدی تەفروتونا دەبینو لێناگەرێن جارێکی دی لەبەهاردا، لەوەرزهاتو رەنگاو

ڕەنگەکاندا ئەو گۆرانیانە بڵێین کە پێشتر دەمانگوت، ئاخر لەو ساتەوەی گەڕاینـەوە ئـەو وێرانە خاكو شارانەی جەنگەکان هـەلا بەهـەلای کردبـوون، ئێمـە وەکـو کۆیلـە وابـوین، هەناسەیەك لەکوێستانەوە نەدەهاتو تەمێك تەواوی وڵاتی داپۆشـیبوو، چـەند بـەهارێك چەند وەرزو ساڵێك تێپەڕینوئێمە لەسوڕی متبونا بووین، ئـەو سەرسـورانەی دەیـانگوت لەخەڵك دەدەنو قەدیان پڕە لە گوللە، لەبازاڕەکان دەرکەوتنەوە، ترسێك لەرۆژە ڕەشەکان ئەستورتر ژیانی لێوەستاندبوین، زۆری نەبرد هەر چەند ساڵێك بوو، شەوێك لەشـەوەکانی زستان دەنگی ڕێژنەی گوللەیـەك شـاری بەخەبـەر هێنـا، ئومێـدێك لەچـیاکانەوە هـاتو لەنێو شاردا خۆی بەتاڵ کردەوە، ئاخر زۆری نـەبرد بـەهارەکان گوڵێـان دەداو کانیاوەکـان تەقینەوە، شەو نەبوو دەنگی تۆڵە هەرەس بە سەنگەرێکی دەوژمن نەهێنێ،

ئەو شەوانە..

**ئاسمان ئاسنی دەباراند**

**شەقامەکان وەک نیوەڕۆ.**

**وەک ڕۆژە بەهاریەکان**

**روناکـو بە ناڵە ناڵ بوون،**

**هەناسەیەک لەکوێستانو**

**ئومێدێک لەچیاوە دەهات.**

**شەقامەکان...**

**پڕ پڕ دەبوون،**

**لەو قەوانە بەتاڵانەی**

**لەمناڵیمان بەجێما..**

**پڕ پڕ دەبوون،**

**لەو چرپانەی بەلاویەتی گیرسایەوە**

**شەوانێک بوو...**

**لەپێکەنین**

**سالآنێك بوو، پڕ لە ئەوین.**

تەنها 4 ساڵ بەسەر ئەو بەهارەدا تێپەڕیبو کە لەپایز دەچوو، هەستم دەکرد ئەمساڵ گەڵآکان سەوزن، لاوەکان بەبەرگی کوردیەوە لەهاتو چۆدان، چیا نرکەی دێتو قوتابیان خەریکی نوسینەوەی ئەو شتانەن کە لە وانەکاندا نەبوو، لەچیاوە بۆیان دەهاتو دیوارەکانی شاریان پێ رەنگاو رەنگ دەکرد، زۆربەی شەوەکان شار روناك دەبۆوە، ئاسن بەسەر ئەوانەدا دەباری کە پێشتر ئاسنیان بەسەردا باراندین، ژیان لەنوێ بوونەوەدابووو خەریکی ساریژکردنەوەی ئەو زامە قولآنەبووین کە جەستەیان کون کون کردبووین، هیوا گوڵەکانی دەگەشاندنەوەو رۆژانێکی سەختو دژوار لەپێش بوون، ئێمەی هەرزە، ئێمەی منالی جاران کە نەمانزانی چۆن بەکۆتا هات، ژیان فێرە قوربانی دانی کردین، فێری کردین، دەبێت خۆمان خەم لەدروستکردنەوەی خۆمان بخۆینو لەو روبارانە بپەڕینەوە کە شەپۆلەکانی بەچیادا دێنو بەناو شاردا رەتدەبن، ئاخر ئەو رۆژانە هەناسەکانی کوێستان، بزنەرێیە سەختو دژوارەکانی چیا، زۆر لەئێمە نزیك بوون، دەنگێك لەوێوە دەهاتو بەناو شارەکەمدا رەتدەبوو، دەڕۆی، بەسەر ئەو نیشتمانەدا ئاسنی دەباراند، ئەو نیشتمانەی لەهەستانەوەو نوێبونەوەیەکی بەردەوامدا بوو، ئەو رۆژانە سەرەتای ئەو جەنگە درێژخایەنەبوو، کە ئێمەی دروستکردەوە، ئەو جەنگەی کە لەسەر مێزی قومارخانەکەی جەزائیر مۆرکراو لەبەغدا سوتێنرا، جەنگێك تەڕو وشکی بەیەکەوە دەهاڕیو، بەلآم بۆ ئێمە سەرەتای کۆکردنەوەی ئەو توانایانە بوو کە لەبەهارە پایزیەکاندا هەڵوەرین، سەرەتای خۆتەکاندن بوو لەو تۆزو خۆڵەی کە لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا تەنهاو

تەنها بووین‌و مامەڵەمان پێکرا، سەرتایەك بوو بەرەو کۆکردنەوەی ئەو ئەزمونانەی بۆ ئێرەیان هێناین جەنگ جەنگی ساغ کردنەوەی جبەخانە قەبەو چەکە کەڵەکەبوەکانی جەنگی جیهانی دووەم بوو، لەهەموو لایەکەوە ئاگر دەباری فڕۆکەو تۆپ‌و کاتیوشاکان، بەسەر ئێمەدا دەهاتن، وەرزەکان تێکەڵکران، جارێکیدی باروت، ئاگر

**لەئاسمانە وە دەباری**

**ئەو ئاسنەی بۆ ئێمە هات**

**کەچی بەیەکتریان دادا،**

**لاوەکان کۆدەبونەوە،**

**سرودەکان هەستانەوەو**

**منالآنی بەهاری زەرد**

**بەردیان لەباخەڵ دەهاویشت**

**رق‌و تۆڵە،**

**لەجێی ئەفسانە و حیکایەت**

**شەوانە دە گوترانەوە،**

**جارێکی تر..**

**فیشەکی نێو چاڵەکان‌و**

**تفەنگی نێو ئەشکەوتەکان**

**کۆ کرانەوە،**

**لەسەر پشتی ئەو تاشانە پاکرانەوە**

**لەوەتەی هەن..**

**بۆ ئێمە پشت‌و پەناگەن**

**لەوەتەی هەن**

**لەنرکەی چیاو..**

**هەناسەی ریشن نەبێ،**

**لەهیچ زمانێکی دی ناگەن**

ساڵەکان، وەرزە خێراو ترسناکەکانی تەمەنی مناڵە پایزیەکان لەنێو بارینی ئاسنە جۆراوجۆرەکانو شەقامی پڕ لەدیوارە رەنگاو رەنگەکاندا بەرەو هەرزەیی دەچوون، بارانێك شاری دەشوشتەوەو تۆڵەی ساتە دژوارەکان، ئەو ساتانەی سیخۆکان شاریان هەڵوەراند، لەناخەوە، لەناوی ناوەوەی هەرزەو.. پاشماوەکانی جەنگدا لە تەکاندا بوو، جموجۆڵێکی خێرا ئەو بەهارانەی زیندوو دەکردەوە، کە گەڵاکانیان بەسەوزی دەوەراند، ئەو رۆژە رێك 24 / 4 / 1982 بوو بەرگی رەش سەرتاپای شاری داپۆشی، روبارە کوێستانیەکان، ئەوانەی بەنێو بەفردا دەهاتن، نرکەیان دەهات، شەپۆلە تورەکان، لەهاشەی خۆیان نەدەکەوتنو ناڵەیەك کە لەگۆڕستانەوە دەهات، گیانی بەرەنگاری بەرەو کەشکەشان دەبرد، باڵندە سرکو بزێوەکان، بەنێو هەورەکاندا لەبەرزاییەکی سەیرەوە خۆیان بەنێو دارو دەوەنەکانی دەوری شاردا دەکرد، هاڕەی زنجیری گوللەی دۆشکەکانی سەر قەڵاو گردی حوسن لەنێو شاردا دەبیسترا، قوتابیانیش بەبێ سرتە، بەرەو گۆڕستان دەچوونو لەم رۆژەدا دەیانویست تاوێ بەدیار هەناسەکانی شەهید سروودی ئازادی بچڕن، ئەو رۆژە ئەو بەهارە بۆنی جەنگی لێدەهات، یادەوەریەکان گۆڕستانی سوور داگەڕاندبوو، گرمەی ناپاڵمو هاژەی سیخۆکان لەم رۆژەدا دەبیسترانو شەهیدەکان هەستابونەوە سەرپێ، ناو گۆڕستان جمەی دەهات لەو قوتابییە کوڕو کچانەی دەیانویست ئیدی بەهارمان لێنەکەنەوە خەزان، رێو رەسمێك کە هەر لەپرسە دەچوو، بێدەنگییەکی ئەفسوناوی بەئامادەبوان بەخشی، پەپولەکان لەسەر گوڵەکان دەنیشتنەوەو چاوەکان هەر

هەموویان نیگایان لەیەکتری دەگرت، لەهاشەی روبارو هەناسە ماندوەکان بترازێ چیدیت گوێ لێ نەبوو، ساتێك بوو تەنها بێدەنگی لێدەچۆڕا، زۆری نەبرد خرمەی میلی تفەنگی ئەمنەکانو دەنگی پۆستاڵی سەر سورەکان ئەم بێدەنگیەی شەق کردو هەر هەموو بەیەکەوە بەردەکانیان هەڵگرت. بەرەو شار بەڕێ کەوتینو دروشمێکمان دەگوت زایەڵەی لەناوشاردا دەبیسترا، باڵندەکان، ئەو باڵندە سرکو بزێوانەی لەنێو دەوەنەکاندا خۆیان مات کردبوو لە شەقەی باڵیان داو بەرەو بەرزایی گمەیان دەهات، دەنگی رێژنەیەك لەپێشەوەی خۆپیشاندانەکە شاری بەخەبەر هێناو لەهەموو لایەکەوە، لەنێو جەرگەی خۆپیشاندانو بەرزاییەکانەوە، لەسەر زەویو بەتەنیشت کێلەکانەوە ئەمجارەیان...

**زەوی ئاسنی دەباراند**
**روبار سنەوبەری قوت داو**
**شەپۆل ئامینەی لول دەدا،**
**ئاسن وەک باران دەباری**
**لاوەکان چۆکیان کون دەبوو**
**گوللەش بە ناومان رەتدەبوو**
**ئێسکی لاوو..**
**کێلی گۆڕەکانی دەهاڕی،**
**رابونێک بوو ترسی بەعسو**
**سەربازگەیەکی دەبەزان**
**رۆژێک بوو لەو بەهارانەی**
**بۆ ئێمە ببونە خەزان،**
**ئیدی لەوێوە تا ئێرە**

**روبارەکان..**

**باڵندە بەرزە فڕەکان**

**لاوی ئەوساو**

**ئێستاو سەرتاپای نیشتمان**

**سروودێکمان لەسەر زارە**

**ئەویش:**

**بیستو چواری چوارە**

**جێی کەڵبەی سەگی هارە**

**تانکو تۆپو تەیارە**

**ناترسێنێ ئەم شارە.**

2007

چیرۆك

# داڵدەی ڕێبواران
## پەناپەك بۆئاوان

کەڵەکە بەردەکانی گوندی حەساران بەدەست دروست کراون و سەدان ساڵ دەبێت وەکو خۆیان ماون و کەوتونەتە دەم ئەو روبارەی رۆخەکانی سپیندارەو پانتایی شیوەکانی دەوروبەریشی یەکپارچە شینایییە، سالانی هەشتاکان و پێشتریش تاکەڕێگەی پێشمەرگەو قاچاخچی و ئەو رێبوارانە بوو کەدەیان ویست سنووره دەستکردەکان ببەزێنن،یان لەوێوە دەست لەو رژێمانە بوەشێنن کەسروشتی ولاتەکەیان تێك وپێك دەدا،ئەوێ ژێر ئەو کەڵەکە بەردانە،لەوەتەی هەبووە جێگەی حەسانەوەی جوتیارو ئەو رێبوارانە بووە کەبەوێدا رەتبوون،سێبەری رۆژەگەرمەکان و پەنای لێقەوماوان بووە.

بەلاّم سپێدەی رۆژێکی ساڵی 2006کچێکی منداڵ،کەتەمەنی تەنها دە بەهار بوو،لەنێو ئەم کەڵەکانەدا دۆزرایەوە،بەبێ ئاگایی لەناو بەتانیەکی شڕدا بردیانەوە بۆ بەردەم ئەو کەسوکارەی کە لە تاوانی هار ببوون.

(ساڤۆ)پۆلی پێنجی سەرەتایی دەبێت، خێزانەکەی لەوشارۆچکەیە دەژین کەنزیکە لەگوندی حەساران، تەنها شەوێك پێش بزر بوونی ئەو وەك هەر قوتابیەکی ئاسایی دەچێتە قوتابخانەکەیی و بەلاّم ئێوارە ناگەڕێتەوە، کەسوکارو دۆست وناسیاوەکانی بەدرێژایی ئەوشەوە لەسۆراغی دادەبن، بنکەی پۆلیس ونەخۆشخانەو قوتابخانەکەی دەپشکنن و تەنها زانیاریەك کەدەستیان دەکەوێ،لەمامۆستایەکی دەبێت کەدوا وانەی لای ئەو خوێندوەو ئیدی لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەوماڵ گەڕاونەوە،ئەوشەوەبۆ دایك و باوکی ساڤۆ درێژترین شەو دەبێت لەژیانیاندا،چونکە هەروەك کەسێکی زۆر نزیکی ساڤۆ بۆی گێڕامەوە تا سپێدەی ئەورۆژەش کەکۆرپەکەیان بەبێ هۆشی کەوتەوە بەردەست، ئەوان لەبارێکی دەروونی زۆر خراپدا بوون وچی پەناو پەسیوی دەوری شارهەیە بەهاوکاری ناسیاوەکانیان گەڕاون،دەستەخوشکە زۆرنزیکەکانی کەرۆژانە هاتوچۆیان لەگەڵ کردووە دەڵێن:تەنها رۆژێك کەبەهۆی کۆبونەوەی مامۆستایانەوە سێ وانەمان خوێندبێ ئەورۆژە بووە،بۆیە کەگەڕاینەوە بۆماڵەوە ساڤۆ بەرەوماڵی خۆیان رۆیشت کەتەنها کۆلانێکی لەماڵی ئێمەوە بەینە ئیدی ئاگامان لەیەکتری بڕا، هەمان دەمەو ئێوارەش دایکی ساڤۆ لەگەڵ دوو منداڵە وردیلەکەی دەچێتە ماڵی براکەی وئاگای لەوە نییە ساڤۆ زوتر لەکاتی خۆی دەگەڕێتەوە، بۆیە ساڤۆ دوای وەئاگا هاتنەوەی بەدایکی دەڵێ:تەنها ئەوەندەم لەیادە کەلەدەرگای ماڵی خۆماندماو کەسنەیکردەوە منیش بەرەو ماڵی خاڵم بەڕێ کەوتم،ئەوەندەم زانی کەسێك لەدواوە بەهەموو هێزی خۆی گرتمی ولەدواوەی ئۆتۆمبێلێکی هاویشتم،پەڕۆیەکی تەڕیشی خستە سەردەمم وئیدی ئاگام

لەخۆم نەما،تانیوەی شەو،کەچاوم کردەوە بینیم لەماڵی خۆمان نیم،دوو پیاویش کەزۆر لێیان ترسام لەژوورەکەدان ومنیان روت وقوت کردۆتەوە، لەوکاتەدا چریکاندم وئەوانیش بەهەردووکیان دەمیان گرتم جارێکی دی پەڕۆیەکەیان خستەوە سەردەمم وئاگام لەخۆم بڕا، دایکی لەدرێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا گوتی:ئەودوو مەلعونە دیارنین،نایان ناسین وناخۆشیشمان لەگەڵ کەسدا نییە، کچەکەشم دەڵێ بیانبینم دەیانناسمەوە، چونکە چاوم کراوە بوو کەدەمیان گرتم وئەوەی زوو لەژوورەکە پڕی دامێ ودەمی گرتم هاواری کرد (عەباس)پەڕۆکە بهێنە،ئەو بەستە زمانە هەرئەوەندەی لەیادەو ئەودوو بێ ویژدان وبێکەسانە هەتاکو ئێستا ئاشکرا نەبوون وپۆلیسیش هیچی بۆ ناکرێ، چونکە سکالاّمان لەسەرکەس تۆمار نەکردووە،کەسیش ئەم روداوەی بەچاوی خۆی نەدیوە، باوکیشی هاربووەو دەڵێ هەموویان دەکوژم،ئاخر ئەورۆژەی ساقۆیان بەبێ هۆشی دیتەوەمن لەو شارۆچکەیەبووم، خۆم گەیاندە کەسێکی نزیکی کچەکەو سەرەتا ئامادە نەبوو هیچ بڵێ، بەلاّم دواتر بەهۆی برادەرێکەوە هێنامانەدوان،ئەو دەیگوت:دوای پشکنین دەرکەوت درێژی سیکسی لەگەڵ کراوەوئەو شوێنەش کە ساقۆیان لێ فڕێداوە تەنها جێگەی تایەی ئۆتۆمبێلەکە دیارە،بەپێی لێکۆلینەوە ئۆتۆمبێلێکی بچووکە، واتە قەمەرە ئەو بەتانییەش کەتێیان وەرپێچاوە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نەدۆزیوەتەوە،بۆیە ناتوانین سکالاّ لە سەر کەس تۆمار بکەین،تەنها ئومێدێکیش کەبەدەستمانەوەیە کچەکەیە بیاناسێتەوە،بەلاّم ئەوەی زۆر ناخۆشە بەلای ئێمەوەسەرنجی خەڵکە،چونکە ئێستا لەپلانی ئەوەداین شارەکە جێ بهێڵین،ئاخر ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە لێرە پێی دەڵێن ئابڕو چوون،هەرچۆن بیری لێدەکەینەوە دەبێ ئێرە ئەم شارە خۆشەویستە کە تیایدا لەدایك بوین وهەموو ژیانمان لێرە بەسەربردووە جێبهێڵین.

سەرەڕای ئەم کارەساتەی بەسەر ساڤۆ هاتوکردیانە سوتەمەنی شێتانەی چەند حەزێکی ئاژەڵانە، کەچی ساڤۆی بەستەزمان دوو چاری نەخۆشی هاتووەو هەمیشە دەلەرزێ، چونکە جگە لەترس و لەدەستدانی کچێتی، زۆربەخراپی سەرمای بووەو سیەکانی هەویان کردووە، دوای پێدانی چەند بوتڵێك خوێن وگەرم کردنەوەی و 18سەعات لەهۆشخۆچوون ئەوجار توانیویەتی روداوەکە وەك خۆی بگێڕێتەوە، ئێستاش ساڤۆ لەژێر سەرپەرشتی پزیشك و پورزاکانی دایەو جگە لەدایك و دوو خوشکە بچوکەکەی نایەڵن کەس بیبینێ، تەنانەت باوکی سەردانی نەکردوەو ناشی کا.

هەمیشە دەگەڕێ و وەکو شێت دەچێتەوە سەر ئەو کەڵەکە بەردانەی نۆبەرەکەی واتە ساڤۆی کچی لێ فڕێدرابوو، ئاخر ئەوکەڵەکە بەردانە بەدەست درووست کراون، لەدەم روبارێکی شێداردان وئەو زەویانەی پێ جیاکراونەتەوە،کە خەڵکی وێ، جوتیارەکانی گوندی حەساران بەشیان کردوەو شینایی لێدەکەن، بەلاّم وەکو خۆیان دەڵێن قەد ئەو کەڵەکە بەردانە پەنای تاوان نەبوون، لێرە لە پەنای ئەو کەڵەکانەوە گەلێ داستانی دلێرانە ئەنجام دراون، ئەم پێدەشت و شیوە هەمیشە رێگەی هاتوچۆی پیادەو هەڵۆکان بوون، لێرەوە نەخشەی چالاکییەکان دادەڕێژران و، بەرەو ناوشار دەڕۆیشتن کەچی ئێستا لەپەنای ئەم کەڵەکانەوە تولفەیەکی بێ خەتا، وەك کۆترێکی زامدارو خوێناوی فڕێ دراو تاوانبارەکانیش خەریکە ون دەبن، ئاخر بەونبوونی ئەوان ژیان لێرە، تەنانەت شینایش لێرە، لەدەوری ئەم کەڵەکە بەردانە بەکۆتا دێت و وشك دەبێ، دیمەنێك لێرە لەم مەملەکەتەی ئێمە دۆزرایەوە، پێشتر وێنای نەبووە، ئێرە تەنیشت ئەو کەڵەکانە جێگەی حەسانەوەی ئێمەی ماندوو و رێبواران بوو، نا قەت پەنایەك نەبووە بۆ تاوان.

سوپاسو پێزانین: